

هەواڵنامەی کتێب

١٩٧٢



منالانیشمان ..
ژیانی سەختو گرانی ئەمڕۆو دوێنێمان ..
فێری ئەوەی کردون ..
ورە بەر نەدەنو هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێنو لە تەك باوكو برایا
قدا لە کۆششدابن .


# بەیان

کۆڤارێکی ئەدەبی و هونەری یە
وەزارەتی راگەیاندن مانگی جارێك
دەری ئەکات

بەرپرسیار
دکتور اکرم فاضل

سکرتێری نوسین
جلال کریم

BAYAN
Kurdish Monthly Magazine
Published by the Ministry of Culture and Information
BAGHDAD IRAQ

نرخی ٥٠ فلسە
ژمارە ( ٢ ) ١٩٧٢

دار الحرية للطباعة - مطبعة الجمهورية بغداد

АКАДЕМИЯ НАУК АРМЯНСКОЙ ССР
СЕКТОР ВОСТОКОВЕДЕНИЯ

Х. М. ЧАТОЕВ

УЧАСТИЕ КУРДОВ СОВЕТСКОГО СОЮЗА
В ВЕЛИКОЙ ОТЕЧЕСТВЕННОЙ ВОЙНЕ
1941 1945 гг

بەرگی یەکەمی کتێبی «بەشداری کوردی یەکێتی سوڤیەت لە شەڕی گەورەی نیشتمانی‌دا» کەدکتۆر چەتۆییف ساڵی ١٩٧٠ بەزمانی روسی بڵاوی کردۆتەوە •

ИЗДАТЕЛЬСТВО АН АРМЯНСКОЙ ССР
ЕРЕВАН 1970

# کام ڕێگە ؟

نوسینی : دکتۆر کمال مظهر احمد

## ( بەشی یەکەم )

وەك ئاشکرایە کۆمەڵی کورد لە چەند چینێکی جیاواز پێکهاتووە ، بەڵام لە زرووفی تایبەتی‌ی کوردستاندا کە پیشەسازی تیایدا پەرەی نەسەندووەو دەرەبەگایەتی ( بە رادەی یەکەم لە کوردستانی عیراق‌دا ) دەسەڵاتەکەی جارانی نەماوە ، وە لەکاتێکدا کە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی ساڵەهای ساڵە دەی‌رەتێنێتەوە ، دووبەرەکایەتی‌ی چینایەتی‌ی ناوەوەی کۆمەڵەکە ئەوەندە توندو تیژ نی‌یە گەیشتبێتە عاستی تەقینەوە ، بەڵکو بەبیچەوانەوە بێ‌بەری‌بوون لە مافی نەتەوایەتی تا رادەیەکی روونو رەوان کۆی کردوونەتەوە • هیچ ڕێکەوتیش نی‌یە کە لە سەراپای کوردستاندا بەدەگمەن خیزانیکی وا هەڵئەکەوێت نوێنەری هەموو ڕێبازە سیاسی‌و فیکری‌یە جیاوازەکانی تێدا نەبێت • لە ئەوپەری راستگری نیشتمانی‌یەوە تا ئەوپەری چەپگری کوردستانی ئەمڕۆ سوورن لەسەر پیویستی‌ی جێبەجێ کردنی مافە نەتەوایەتی‌یە رەواکانی گەلەکەیان ، بەڵام هەر یەکەیان ڕێبازێکی تایبەتی‌ی خۆی هەیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە •

هەرچەندە ڕێبازی سوشیالیزمی بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی تا رادەیەکی باش لەناو رۆشنبیرانی کوردا ئاشکرایە ، بەڵام هێشتا پیویستی بە روون‌کردنەوەی قووڵو بەڵگەی ئاشکراو نموونەی بەهێز هەیە • ئەوەی جێی داخە ئەوەیە هەندی رۆشنبیری دڵسۆزی وامان هەیە کویرانە دژی ئەو ڕێبازە وەستاون لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێکیان بە چاوی خویان بینیویانە چۆن سوشیالیزم توانیویتی بەیەکجاری رەگ‌و ریشەی کیشەی نەتەوایەتی لە بن دەربهێنێت •

لەم وتارەدا کە بەشی یەکەمی تەرخانە بۆ باسی کوردی ئەرمینیای سوڤیەت‌و بەشی دووهەمیشی بۆ باسی ژیانی هەندێك لەو نەتەوانەی سوڤیەت کە پلەی پێشکەوتنیان بەر لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەر لە رادەی گەلی کوردا بووە ، هەوڵ دەدەم چەند راستی‌یەکی مادی بخەمە بەرچاو تەنها بە مەبەستی ئەوەی رۆشنبیری کورد بتوانێت لەم رۆژە ناسکەی گەلەکەیدا بەرێی خۆی باشتر ببینێت •

× ×

ئەمرۆ بەلای کەمەوە سەد هەزار کوردێك لە یەکیەتی‌ی سۆڤیەتدا دەژین کە زۆربەیان نیشتەجێی وڵاتەکانی پشت قەفقاسن ( بەتایبەتی ئەرمینیا و بە رادەیەکی کەمتریش لە ناوچەکانی ناوەندی ئاسیادان )[1] • میژووی بوونی کورد لە رووسیادا دەگەرێتەوە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم ، واتە گەرمەی کاتی بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی رووسیا لە رۆژهەڵاتدا ، بەتایبەتی لەو

ناوچانەدا کە لەژێر دەستی تورکیاو ئێراندا بوون • ئەوەبوو زنجیرە شەڕێك لەنێوان رووسیاو ئێر ندا لە ساڵەکانی ١٨٠٤_١٨١٣دا رووی‌دا کە لەئەنجامیاندا لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨١٣دا موعاهەدەی ( گولستان ) لەنێوانیاندا بەسترا کە بەپێی یەکێك لە بەندەکانی قەرەباخ خرایە سەر رووسیا • ئەمە لە ساڵی ١٨٢٨دا چەسپ کراو بەمجۆرە هەندێك لەو هۆزە کوردە کۆچەرانەی دەهاتنە قەرەباخ کەوتنە ناو رووسیاوە• جگە لەوە هەر لەو سەردەمەشدا ژمارەیەکی زۆر کورد ، بەتایبەتی یەزیدی ، لە دەست زوڵم‌و زۆری ئایینی‌و نەتەوایەتی‌ی عوسمانی‌یەکان پەنایان بردە بەر رووسیا • ئەمانە بە رادەی یەکەم تێکەڵی دانیشتووانی هەندێك لە شارە گەورەکانی پشت قەفقاس بوون بێ‌ئەوەی لەناویاندا بتوێنەوە• بەپێی سەرژمێری‌ی ساڵی ١٩٥٩ لە شاری تبلیسی پایتەختی جۆرجیای سۆڤیەتیدا نزیکەی پانزە هەزار کوردێك دەژین(٢) •

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن‌و بەهێز بوونی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستانی تورکیادا دوا شەپۆلی کورد پەنایان بردە بەر یەکیەتی‌ی سۆڤیەت •

کوردی رووسیا کەمینەیەکی کۆچەریان پێك‌دەهێنا کە تەنانەت گەلێك لە برا کوردەکانی تریان دواکەوتوتر بوون بەتایبەتی لەبەرئەوەی ئایینی یەزیدی بووبووە کۆسپ لە بەردەمی بڵاوبوونەوەی هەموو جۆرە خوێندەواری‌یەك لەناویاندا ، بۆیەکا پێش شەڕی یەکەمی جیهان بەدەگمەن لە هەموو ناوچەکانی پشت قەفقاسدا نیمچە خوێندەوارێکی کورد هەڵدەکەوت • شۆڕشی ئۆکتۆبەرو سیاسەتی نەتەوەیی لینین دەروازەی گۆڕانیان لە بەردەمی کوردا ، وەك سەراپای گەلەکانی تری ئەو وڵاتە ، خستە سەر پشت • وا دیارە کوردی رووسیا هەر زوو هەستیان بەم راستی یە کردووە(٣) بۆیەکا بە گەرمی پێشوازی‌ی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەریان کردووەو ژمارەیەکی زۆریان لە بەرهەڵستی لێشاوی لەشکری بێگانەدا بەشداری‌یان کردووەو تەنانەت چەند سەرکردەیەکیان لەو شەڕانەدا ناوبانگیان دەرکردووە وەك جەنگیز ئیلدرم لە ئازەربایجان‌و نووسەری گەورەی کورد عەرەبی شەمۆ ( عەرەب شامیلۆف ) لە ئەرمینیا(٤) •

شەڕی ( سەردار ــ ئاباد ) کە لە مایسی ساڵی ١٩١٨دا قەوما بەڵگەیەکی مێژوویی ئاشکرایە بۆ بەشدار بوونی کورد لە بەرهەڵستی کردنی دوژمنەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا • لەم شەڕەدا کە لەگەڵ هێزە داگیرکەرەکانی تورکدا رووی‌دا نزیکەی ٧٠٠ سوارەی کورد بەشداری‌یان کردووەو جەنگاوەرانە شان‌بەشانی برا ئەرمەنەکانیان تەنگیان بە دوژمن هەڵچنیوە • دوای ئەوە لە شەڕی ( باش ــ ئەبەران ) دا بەیارمەتی‌ی کورد توانراوە لەشکری داگیرکەری تورك بشکێنرێت •

ژینی نوێ‌ی رستەقینەی کوردی رووسیا لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا دەست پێ‌دەکات • لینین خۆی بایەخی بەم مەسەلەیە داوەو لە یەکێك لە دوکەمێنتەکانیدا بەخت کردنی ٤٠ ملیون رۆبڵی بۆ (( بەسەیەکانی قۆلکاو کوردستان )) بە باشترین بەڵگەی ئامادەیی داناوە بۆ (( رۆیشتن لەژێر ئاڵای سووری ئینتەرناسیونالی رەنجکێشاندا ))(٥) •

بێ‌گومان تەنها بەمجۆرە دەتوانرا کوردی سۆڤیەت لە دەست هەموو کێشە کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و نەتەوایەتی‌یە زۆرەکانی رزگار بکرێت • جێ‌بەجێ کردنی ئەم ئەرکە گرانە پێویستی بە پلانێکی قووڵ‌و بەشداری کردنی نوێنەرانی کورد بوو • بۆ ئەم مەبەستە چەند کۆنگرەیەکی تایبەتی بۆ جووتیارە نیشتەجێ‌و کۆچەرەکانی کورد رێکخرا • ئەوەبوو دوای ئەوەی دەسەڵاتی سۆڤیەتی لە ئەرمینیادا دامەزرێنرا زۆری نەخایاند کە لە ساڵی ١٩٢١ دا کوردەکانی دامێن شاخی ئەرەگاتس کۆنگرەیەکیان بەست • دوای ئەوە لە مانگی کانوونی یەکەمی هەر ئەو ساڵەدا نوێنەرانی دوو هەزار جووتیاری کورد لە کۆنگرەی جووتیارانی ئەرمینیای رۆژئاوادا بەشدار بوون • لەم جۆرە کۆنگرانەدا ، کە بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە زۆر شوێنی ناوچە کوردەوارێکاندا دەبەستران ، لە گەلێك باسی کۆمەڵایەتی‌ی گرنگ دەکۆڵرایەوە وەك مەسەلەی هەڵگرتنی ئافرەت‌و سوورانەو خوێندن‌و خوێندەواری‌و زیانەکانی ژیانی کۆچەرایەتی‌و ئەو جۆرە باسانە • بۆ یەکەم جار جووتیاری کورد کەوتە هەڵسەنگاندنی کێشەکانی ژیانی خۆی‌و دانانی رێگەی چارەسەر کردنیان‌و لەمەوە گەلێك شتی نوێ فێر بوو •

یەکەم‌و گەورەترینی کێشەکانی کوردی سۆڤیەت کە دەبوو بەر لە هەموو شتێك‌و بەخێرایی چارەی بۆ بدۆزرێتەوە ژیانی کۆچەرایەتی بوو چونکە بێ‌ئەوە نەدەتوانرا هیچ هەنگاوێك بەرەو پێشکەوتن بنرێت • بۆ ئەم مەبەستە زەوی‌وزار بە مفتە بەسەر کۆچەرە کوردەکاندا دابەش کراو پارەیەکی باش تەرخان کرا بۆ ئەوەی نیشتەجێ بکرێن • تەنها ساڵێکیان لە تاقە ناوچەیەکدا دەوڵەت ٤٠ هەزار رۆبڵی بۆ نیشتەجێ کردنی هەزارو پێنج سەد کۆچەری کورد خەرج کرد • هەر


بۆ ئەم مەبەستەش بایەخێکی زۆر درا بە جۆری پەروەردە کردنی ئاژەڵ لەناو کورداو ئەمە بووە هۆی پەرەسەندنی ژمارەی مەرو ماڵاتی جووتیارە کوردەکان • بە نمونە تەنها لە ماوەی ساڵێکدا لە یەکێك لە گوندە کوردەکانی نزیك یەریڤان ژمارەی مەرو ماڵات ٣٥٪ تا ٤٠٪ پەرەی سەند • گۆرانێکی زۆر گەورەش لە کشتوکاڵی ناوچە کوردەوارێکاندا رووی‌دا • بەر لە دەست پێ‌کردنی شەری دووهەمی جیهان بە ماوەیەك جووتیاری کورد دەستی کرد بە بەکارهێنانی ئەمرازی نوێی کشتوکاڵ • لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٨دا ژمارەی تراکتۆری کێڵگەکانی تەنها ناوچەی ئەلەگەز گەیشتە ٤٧ دانە جگە لە ژمارەیەکی‌تر ماشێن‌و ئەمرازی نوێ •

ئەمانە هەموو بوونە هەوێنی گۆرانێکی گەورەی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی لە ژیانی کوردی سۆڤیەتدا کە ئەنجامەکانی بەخێرایی دەرکەوتن • ئەوە بوو ماوەیەکی زۆر بەسەر دامەزراندنی ئەرمینیای سۆڤیەتیدا تێ‌نەپەری کە سەرایای ئەو کوردانەی هێزە تورکە داگیرکەرەکان ئاوارەیان کردبوون گەرانەوە شوێنەواری باوو باپیریان ، جگە لەوە ژمارەیەکی‌تریش جووتیارو کوردی هەژاری تورکیایان لەگەڵدا هاتنە ئەم ناوچەیەو لەئەنجامدا لە ماوەیەکی یەکجار کەمدا ژمارەی کوردی ئەرمینیای سۆڤیەتی زیادی کردو لە ٨٫٥٠٠ کەسەوە لە ساڵی ١٩٢٢دا بوون بە پتر لە ١٥ هەزار کەس لە ساڵی ١٩٢٦دا •

ئەوەی زۆر شایەنی باسە ئەوەیە کە رژێمی سۆڤیەتی شۆرشێکی بێ‌هاوتای لەناو ژیانی ئافرەتی کوردا تەقاندەوە • وەك هەموو ئافرەتێکی سۆڤیەتی هیچ جۆرە جیاوازی‌یەك لەنێوان پیاوو ئافرەتی کوردا نەماو وەك ئەو تێکەڵی هەڵسووڕانی ژیانی ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌ی ئەو ناوچەیە بوو • ئەمەش ، وەك ئاشکرایە ، لە کۆمەڵێکی یەکجار دواکەوتوودا کارێکی هەروا ئاسان نی‌یە • بەوێنە لە سەرایای ناوچەی کوردەکاندا نەتوانرا لە نورێ پۆلات زیاتر بدۆزرێتەوە کە قایل بێت بەوەی بەشداری لە یەکەم کۆنگرەی ئافرەتانی ئەرمینیادا بکات کە لە سەرەتای حوزەیرانی ساڵی ١٩٢١دا بەسترا • بەڵام نورێ لەم کۆنگرەیەدا بە بڕواوە لەو وتارەیدا کە بە ناوی ئافرەتی کوردەوە لەبەر پێشکەشی کرد وتی : (( ئەو رۆژە دوور نی‌یە کە تیایدا پتر لە ئافرەتێکی کورد دێنە تەنیشتانەوە دوای ئەوەی بیری نوستوویان خەبەری دەبێتەوە )) • لە راستیشدا هەمووی چەند مانگێکی نەخایاند کە دوای هەوڵ‌و تەقەلایەکی زۆر توانرا لەژێر سەرپەرشتی‌ی نورێ خۆیدا کۆنگرەیەکی تایبەتی بۆ ئافرەتی کورد لە یەکێك لە لادێ

کوردەکاندا ببەسترێت • بەشدارانی ئەم کۆنگرەیە بە زمانی زگماك‌و بە جۆرێکی ساکار لەم باسانە کۆڵینەوە : رژێمی سۆڤیەتی چی‌ی داوە بە ئافرەت ، رابوردوو ئێستەو دوارۆژی ئافرەت ، مانای مافی کۆمەڵایەتی‌و گەلێك باسی‌تری گرنگی‌وا •

زۆری نەخایاند ئافرەتی کورد رووی کردە قوتابخانەکانی نەهێشتنی نەخویندەواری • تەنها لە ساڵی ١٩٣٢دا لە گوندی میرەك ٣٤ و لە گوندی جاموشلو ٤٢ وە لە گوندی حەرحسس ٤٨ ژنە



**زاناوشاعیری کورد**
**پرۆفیسۆر سەعیدی‌ئیبۆ**

جووتیاری کورد ئەو جۆرە قوتابخانەیەیان تەواو کرد • ئافرەتی کورد پێ‌ی نایە کارگەکانەوەو دەستی کرد بە بەکارهێنانی ئەمرازی نوێ‌و تەنانەت بە شانازی‌یەوە چۆشە سەر شانۆ • بە کورتی ئافرەتی کورد بووە هێزێکی جوولێنەری گەورە لە ژیانی کۆمەڵداو لە هەموو روویەکەوە هاتە ریزی پیاوو وەك ئەویش دەستی خستە ناو سیاسەتەوەو چوە پەرلەمانەوە • بەم‌جۆرە قسەکانی نوێنەری کورد سوسکێ‌ی خدۆ کە لە خولی شەشەمی ئەنجومەنی باڵای ئەرمینیای سۆڤیەتیدا کردنی راستەوخۆ پێمان دەڵێن : کام رێگە ؟• سوسکێ وتی :


(( لەتاو ئەو خۆشی‌یەی هەموو گیانمی گرتۆتەوە ناتوانم شەپۆلی بێ‌سنووری هەستم دەرببرم • وا هەست ئەکەم لەناو خێزانێکی

یەگسانی خۆشەویستدا دەدوێم ... ئێمەی کورد ئێستە بـــە باشی دەژین ، ئافرەتی کورد ئازادەو ئیتر وەك کەل‌وپەل نافرۆشرێت )) .

ئینجـــا سوسکێ بـــە دەم چەپڵەو هاواری دانیشتووانەوە دەستی برد بۆ سەرپۆشەکەی‌و وتی: (( لە ئەمڕووە ئیتر ئەم سەرپۆشەش فڕێ دەدەم کە ئەمە چەند سەدەیە بۆتە زیندانی بـــیرو بڕوام )) .

ئاشکرایە کە بڵاو کردنەوەی خوێندەواری‌و بەرز کردنەوەی رادەی رۆشنبیری لەنـــاو کوردا جێبەجێ کردنی ئەرکە کۆمەڵایەتی‌و ئابووریـــکانی تری تـــا رادەیەکی دیار ئاســـانتر دەکرد بۆیەکا سۆڤیەتیێکان بایەخێکی یەکجار زۆریان دا بەم رووە گرنگەی ژیانی کوردی وڵاتەکەیان . نەخوێندەواری بە جۆرێکی وەها رەگی لە هەموو قوژبنێکی ناوچە کوردەکاندا داکوتابو کە لەناوبردنی پیویستی بـــە کاری دلسۆزو بێ‌وچان بوو[٦] . هەمووی بەسەر یەکەوە چەند مانگێك بەسەر ئەوەدا تێنەپەری کـــە دەسەڵاتی سوڤیەتی لە ئەرمینیادا دامەزرێنرا کاتێك یەکەم پێنج قوتابخانە لە لادێ کوردەکاندا کرانەوە جگە لە ژمارەیەك بنگەی لە ناوبردنی نەخوێنـــدەواری . لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا ژمارەی ئەم قوتابخانانە گەیشت بە ١٣و دوای ئەوەش لە ساڵی ١٩٣٢دا ژمارەیان گەیشتە ٣٥ قوتابخانە کـــە دوو هەزار شاگرد تیایاندا ئەیانخوێند[٧] . ســـــاڵی ١٩٣٨ ژمارەی قوتابخانەی تەنها ناوچەی تالـــین گەیشت بە شانزە قوتابخانەی سەرەتایی‌و سیـــانی ناوەند .

لە ناوەندی ساڵەکانی سیدا سۆڤیەتیـــکان بریاریان دا نەخوێندەواری لەناو کوردا بەجـــارێك قەلاچۆ بکەن . بۆ ئەم مەبەستە ساڵی ١٩٣٧ تەنها لە ناوچەی ( ئەبەران ) دا ٨١ قوتابخانەیان بـــۆ نەخوێندەوارو ٨٥ یشیان بۆ نیمچە خوێنـــدەوار کردەوە کە ژمارەی شاگردەکانیان بەسەر یەکەوە لە هەمان ساڵدا گەیشتە دەوروبەری ٥ هەزار پیـــاوو ژن کە ٢٢٠ مامۆستایان بۆ تەرخان کرابوو[٨] ، لەمانە ٤٠ مامۆستایان کورد بوون لەکاتێکدا پێش



**سیمای سیامەند خێزانی دوکتـــۆر کارلێن سەرۆکی نفی نوسەرانی کـــورد لـــەئەرمینیا . ســـیما نوسەرەو زانســــتگەی تەواوکردوەو چـــەند کتێبێکی بـــە زمـــانی کوردی چاپ کردوە .**

چەند ساڵێك لە سەراپای لادێکانی کوردا تەنهـــا مامۆستایەکی کورد هــــەبوو کە ئەویش خـــوا لێخۆش‌بوو ئەمینی عەودال بوو . ئەمە تاقــــە رێگەی سەرکەوتو بوو بۆئەوەی تـــا ساڵی ١٩٤١ لەناو هەموو کوردی سۆڤیەتدا تاقە نەخوێندەوارێك نەمێنێت .

ئەم گوڕانە رۆشنبیری‌یە گەورەیە لە سنووری دامەزراندنی قوتابخانەی سەرەتایی‌و ناوەنـــدا نەوەستا ، بەلکو هەر بە مەبەستی قووڵ کردنەوەی ناوەرۆکی ئەو گۆڕانە ســـاڵی ١٩٣١ دەزگایەکی تایبەتی کوردی کرایەوە بۆ ئامادەکردنی مامۆستا بۆ لادێ کوردەکان کە ژمارەی شاگردەکانی ســـاڵی ١٩٣٤ لە سەد کەس تێپـــەڕی کرد ، واتە بـــە نیسبەتی مامۆستایەك بۆ ٢٥٠ کوردو ئەمـــەش نیسبەتێکی بێ‌هاوتایـــەو تەنانەت ئەمڕۆش بـــە دەگمەن شتی‌وا هەڵدەکەوێت . لە هەمان کاتـــدا زانکـــۆکانی سۆڤیەت دەرگایان بـــۆ کورد وەك هەمووان لەسەر پشـــت بوو . نموونەیەکی تری بێ‌هاوتا : ساڵی ١٩٣٠ سەدو حەفتاو پێنج شاگردی ٢٥ کەمینەی نەتەوایەتی‌ی سۆڤیەتی لە زانستگەی رۆژهەڵاتناسی‌ی لێنینگراد دەیانخوێند کە لەمـــانە ٥٤یان ، واتە ٢٥٪یان کورد بوون .

پێشخستنی رۆشنبیری‌ی نەتەوایەتی‌و زینـــدو کردنەوەی ئەدەب‌و فولکلۆری کوردو بڵاو کردنەوەی چاپەمەنی بە زمـــانی زگماك بێ دانانی ئەلف‌و بێ‌یەکی تایبەتی کوردی سەری نەدەگرت . بـــۆ جێبەجێ کردنی ئـــەم مەبەستە ســـاڵی ١٩٢٨ لیژنەیەکی تایبەتی بە سەرکردایەتی‌ی نووسـەرو زانای بەناوبانگ عەرەبی شامۆ رێکخرا . دوای تەواو بوونی دانانی ئەو ئەلف‌و بێ‌یە دەست‌کرا بە بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی‌ی کوردی . چل‌و دوو ساڵ لەمەوبەر لە مانگی مارتدا یەکەم رۆژنامـــەی کوردی (( ریا تازە )) کەوتە دەست خوێندەواری کورد . هەمووی بەسەریەکەوە چوار ساڵ بەسەر دانانی ئەلف‌و بێ‌ی ناوبراودا تێنەپەڕی کـــە ٥٩ کتێبی کۆمەڵایەتی‌و ئەدەبی‌و سیاسی‌و پەروەردە بە زمانی کوردی چاپ‌کران کە بە هەموویان پتر لـــە سەد هەزار ژمارەیان لێ دەرچوو[٩] . دوای ئەوە لە تەمووزی ساڵی ١٩٣٤دا لە شاری یەریڤان یەکەم کۆنگرەی گشتی لە مێژوودا بۆ لێکۆلینەوە لـــە کێشەکانی کوردەلۆژی ( دراساتی کوردی ) بەسترا کە گەلێك وتاری زانیاری‌ی بەنرخی تێدا خوێنـــدرایـــەوە دەربارەی ژیانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشـــنبیری‌ی کورد وەك وتاری : (( شۆڕشی ئۆکتۆبەرو بڵاو کردنەوەی رۆشنبیری‌ی نەتەوایەتی لەناورەنجکیشانی کوردا )) وە (( ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌ی کورد پێش شـــۆڕشی ئۆکتۆبەرو کاری

بۆ سەر زمانی کوردی )) وە (( کێشەکانی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کورد ))[10] وە (( بنچینەکانی ڕێزمانی کوردی )) وە (( زنیازەکانی دانانی زاراوەی کوردی ))و چەند وتارێکی تری وا گرنگ کە هەموویان جێگەی خۆیانیان گرت بۆ پێشخستنی ڕۆشنبیریی کورد بەپێی ڕێبازێکی زانیاری سەرکەوتوو ٠

بۆ یەکەم جار لە مێژوودا دەست کرا بە دروست کردنی یانەی ڕۆشنبیریو کتێبخانە لە لادێ کوردەکاندا تا ساڵی ١٩٣٦ ژمارەی ئەو یانانە گەیشتە ١٦ ( یانەی مامۆستایانی یەکێك لە گوندەکانی کورد لە دوو نهوم پێك‌هاتووەو کتێبخانەو هۆڵی کۆبوونەوەی تێدایە ) ، ئێستە گوندێکی کورد نی‌یە کتێبخانەی گشتیی خۆی تیدا نەبێت کە هی‌وایان هەیە بە هەزارەها کتێبی هەمە جۆری تێدایە ٠

بە پێچەوانەی ئەیلوولی خویناویی عیراقەوە ئەم مانگە لە مێژووی ڕۆشنبیریی کوردی سۆڤیەتدا لاپەڕەیەکی گرنگی پڕ نیشانەی پێشکەوتنی هەیە ، لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٧دا بۆ یەکەم جار لە مێژووی هەموو کورد شانۆیەکی کوردی تایبەتی دامەزرێنرا ٠ ئەم شانۆیە هەرچەندە گوندی ئەبەران ناوەندی بوو بەڵام گەڕۆك بوو وە لە یادی بیست ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا یەکەم پرۆگرامی خۆی بە زمانی کوردی پێشکەش کردو هەر لە سەرەتای دامەزراندنیشی‌یەوە دەستی کرد بە نیشاندانی چەند مەسرەحیەیێکی جیهانی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەو مەسرەحیاتانەی ناوەرۆکەکانیان تەرخان کرابوون بۆ باسی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی کورد خۆی ٠ لە هەمان کاتدا تیپی گۆرانیو هەڵپەرکێی کوردی دامەزرێنرا کە لە جەژنی بیست ساڵەی سەرکەوتنی ئۆکتۆبەردا لە موسکۆ لە زۆر شوێنی وەك یانەی کارگەی دروست‌کردنی ئوتومبیلو یانەی زانایانو لە رادیو زنجیرەیەك گۆرانیو هەڵپەرکێی فولکلۆری کوردیی پێشکەش کرد ٠ ئەمڕۆش لەناو ئەو چەند هەزار کوردەی ئەرمینیای سۆڤیەتیدا ژمارەیەکی باش گۆرانی‌بێژو مۆسیقازان‌هەیە ٠ وابزانم هیچ لادێ‌یەکی کوردی لای خۆمان تا ئێستەش ناوی پیانۆی نەبیستووە ، لە ئەرمینیاش بەدەگمەن گوندێکی‌وا هەڵدەکەوێت پیانۆی تێدا نەبێت ٠ جمیلەی جاسم بە پیانۆکەی ماڵی خۆیان سرودی ( ئەی ڕەقیب )و گورانیی ( کاقۆکێ ) و مۆسیقای بیتهوڤنو خەچەدۆریانت بە خۆشترین ئاواز پێشکەش دەکات جگە لە ژمارەیەکی زۆر لەو ئاوازە کوردی‌یە ناسکانەی خۆی دایناون[11] ٠ نورێی کچی حاجی‌یە جندیش خاوەنی گەلێك ئاوازی کوردی‌یە کە نۆتەکانیان لە کتێبێکی تایبەتیدا چاپ کراون ( نورێ خێزانی پروفیسور سەعیدی ئیبۆیە ) ٠

هەموو ئەو گۆڕانو دەستکەوتە گەورانەی لە ژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتیی کوردی سۆڤیەتدا لەژێر سایەی ڕژێمی سوشیالیزمدا روویانداو ڕێگەیان خۆش کرد بۆ ئەوەی رۆڵە بەتواناو لێهاتوەکانی کورد بتوانن ئەو جێگایانە لە کۆمەڵدا بگرن کە پێیان شایانن ٠ ئەمڕۆ لە یەکیەتیی سۆڤیەت ژمارەیەکی زۆر زاناو نووسەری کورد هەن کە بەشێکیان تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش ناویان دەرکردووە ٠ لە سەرانسەری ئەرمینیادا خەڵکی پرۆفیسور سەعیدی ئیبو دەناسن کە لە زانستگەی پزیشکایەتیی یەریڤان سەرۆکی بەشی منداڵانەو هەموو کەسێك لە خوای دەوێت ئەگەر خوا نەکەردە منداڵەکەی نەخۆش کەوت ئەو تەماشای بکات ٠ سەعیدی ئیبو تەنها زانایەکی گەورە نی‌یە ، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئینسانێکی ساکاری ڕووخۆشی لە خۆ بایی نەبووەو شاعیرێکی هەست ناسكو وریایە کە زۆر جار گۆرانی بۆ خۆشیی خۆیو هاونیشتمانەکانی دەڵێتو بۆ برا ئاوارەو چەوساوەکانیشی بەکوڵ دەلاوێنێتەوە ( یەکەم دیوانی سەعیدی ئیبۆ ماوەیەك لەمەوبەر بە کوردی چاپ کراوە ) ٠

چیرۆکە درێژەکانی نووسەری گەورەی کورد عەرەبی شامۆ وەرگێڕراونەتە سەر گەلێك لە زمانە ئەوروپایی‌یەکان ٠ تەنها ڕۆمانە گەورەکەی (( ڕێگەی بەختیاری )) تا ئێستە دوو جار بە ڕووسی بڵاو کراوەتەوە ، جاری دووهەمیان لە ساڵی ١٩٧١دا بوو وە ٧٥ هەزار دانەی لێ چاپ کرا ٠ بڕوا ناکەم ئەمڕۆ لە کوردستانی عیراقدا خوێندەوارێكو لە هەموو شوێنێك کوردناسێك هەبێت ناوی پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆی نەبیستبێت ٠ پرۆفیسۆر حاجی‌یە جندی دەوروبەری ٤٠ ساڵ لەمەوبەر گەورەترین کتێبی دەربارەی فۆلکلۆری کورد بڵاو کردەوە کە تا ئەمڕۆش هاوتای نی‌یە ٠ دوکتۆری ڕیازیات شامۆ کە ساڵی ١٩٤٨ لەدایك‌بووە پێنج ساڵ خوێندنی بەشی ڕیازیاتی زانکۆی یەرێڤانی بە سێ ساڵ تەواو کردووەو دوکتۆرایشی هەر بە سێ ساڵ وەرگرتووەو ئەمە دووهەم ڕووداوی لەوجۆرە بووە لە هەموو مێژووی ئەرمینیای سۆڤیەتیدا ( جاری یەکەمیان ئەکادیمی هەرە بەناوبانگو نائیبی سەرۆکی ئەکادیمیای ئەرمینیا مێرگیلیان بووە ) ٠ ئێستە لە ئەرمینیادا بە دەها مامۆستاو دوکتۆرو خاوەن شەهادەی بەرزی کورد هەیەو بە دەگمەن خێزانی کوردیدا هەڵدەکەوێت یەکێکیان زانستگەیەکیان تەواو نەکردبێت ٠ دوو کوری یەکێك لە خێزانەکانی گوندی چۆپان ماز کە تەنها

له ٣٠ خێزان پێکهاتووه دوکتۆرن • خیزانی محۆ له دایك‌و باوكێـــك‌و دوو خاوەن شـــەهادەی دوکتوراو[١٢] چــوار دەرچووی زانســـتگەو شاگردێك پێکهاتووه • هەردوو کوڕەکەی جاسمی جلیل دوکتورایان له کوردولۆژیدا هـــەیە[١٣] • دەتوانرێت گـــەلێـــك نموونەی‌تری لەم جــۆره بهێنرێتەوه •

زۆر کــورد نــاوی گــوندی ( ئەلەگـــەز )ی بیستووەو منیش بـــه چاوی خــۆم بینیومه • دانیشتووانی ئەم گونده ئیسته له ٨٥٠ کـــەس پێکهـــاتوون ، قوتابخانەی سەرەتایی‌و ناوەندی‌ی تێدایه که ژمارەی شاگردەکانیان ٣٥٠ کەسه جگه له باخچەی منداڵان که تا ٢٥٠ منداڵ دەگرێت • لقێکی کارگەی دروست‌کردنی رادیۆ له ئەلەگەزه که ١١٥ کرێکار کاری تێدا دەکـــەن ، هەروەها کارگەیەکی ئۆتۆماتیکی دروست‌کردنی پەنیریشـی تێدایه • له سەفخۆزەکەی ئـــەم گوندەدا ١٠ تراکتۆرو ٦ کۆمباین‌و ١٥ ئوتومبێل ئیش دەکەن‌و کارگێری ئەم سەفخۆزەش ئەندامی پەرلەمانه •

بەم‌جۆره وەك ئەبینین رژێمی سوشـــیالیزم ئەوەندەی داوه به کوردی سۆڤیەت که ئەگـــەر سەرکەوتنی شۆرشی ئۆکتۆبەر نەبوایه بـــه بیری کەسدا نەدەهات • ئەمه له دەمێـــکەوه سەرنجی گەلێك رۆژنامەنووس‌و رۆژهەڵاتناسی راکێشاوه • تەنانەت مامۆستا رفیق حلمیش پتر له ٣٠ ساڵ لەمەوبەر دەستی بۆ ئەم راستی‌یه راکێشاوه[١٤] که بۆتە هەوێنێکی قووڵی خۆشەویستی‌ی هەمـــوو کوردێکی ئەرمینیا بەرامبەر رژێمی سۆشـــیالیزم‌و ئەمەش بەجۆرێکی زۆر روون‌و رەوان له ساڵەکانی شەری دووهەمی جیهـــاندا خــۆی دەرخســـت ، ئەوەبوو سەرابای هەموو ئەو کوردانەی چەکیان بێ هەڵدەگیرا چوونه مەیدانی شەرەوه یـــا دایانه پـــاڵ پارتیزانەکان ، هەندێکیـــان بەشداری‌یان کردووه له شەرەکانی دەوروبەری مۆســـکۆداو بەشێکیان له ستالینگراد جەنگاوەرانه شـــەریان کردووەو هـــی واشیان هەیـــه تـــا بەرلین چــوونە گەلێکیان نیشـــانەو مەدالیـــای ئازایەتی‌یان پێدراوه • جـــگه لەوه هەرچەنده له منـــداڵ‌و ئافرەت‌و پەككەوته بەولاوه کەس لـــــه گونده کوردەکاندا نەمابووه لەگەڵ ئەوەشدا بەرهـــەمی کشت‌وکاڵ‌و ئاژەڵی ئـــەم ناوچەیه له ســـاڵه سەختەکانی جەنگدا زیادی کرد کەمی نەکرد • ئەوەی شایانی باسه ئەوەته پێراز کتێبێکی بەنرخ به زمانی رووسی دەربارەی ئەم باســـه چاپـ کراوه[١٥] • جگه لەوه کوردو ئەرمەنی ئەمـــرو دوو برای یەکسانن نەك دوو ناحەزەکەی پێـــش شەرِی یەکەمی جیهان کاتێك دوژمنی هەردوو لا به

ئارەزووی خۆی تۆپ‌تۆپێنی بێ دەکردن •

هیوامه بۆ ژمارەی داهاتوو فریا بکەوم بەشی دووهەمی ئەم وتاره بخـــەمه بەرچاوی خوینەرانی خۆشەویست •

---

(١) بەپێی سەرژمێری‌ی ســـاڵی ١٩٥٩ ئەوکەسانەی خۆیان به کورد داناوه له سۆڤیەتدا ژمارەیان دەورو بەری ٥٩ هەزار کەسێك دەبێت که ٢٥٫٦ هەزاریان ( ٤٣٫٥٪ ) لـــه ئەرمینیـــاو ١٦٫٢ هـــەزاریان ( ٢٧٫٦ ) له جۆرجیـــاو ١٤ هەزاریکیان له کازاخستان‌و قرغیزیاو تورکمانیاو ئۆزبەکســـتان دەژین ( بڕوانه : « دانیشتووانی جیهان » ، به زمانی رووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ ، ل ٢٥٢ ) •

(٢) بڕوانه : ت٠ف٠ ئاریستەڤا ، کوردی پشت قەفقاس ، به زمانی رووسی ، موســـکۆ ، ١٩٦٦ ، ل ١٩ •

(٣) زۆربەی باسەکانی ئەم وتاره یان خۆم کـــۆم کردوونەتەوه یـــان لـــەم سەرچاوانه وەرگیراون :

أ ــ خ٠م٠ چەتوییف ، کــوردی ئەرمینیـــای سۆڤیەتی ، به زمانی رووسی ، یەرێڤان ، ١٩٦٥ •

ب ــ ت٠ف٠ ئاریستەڤا ، سەرچـــاوەی ناوبراو •

ج ــ أ٠ بووکشپان ، کوردی ئازەربایجـــان ( لاچین ، کەلبەجەرو ناوچەی نەخچەوان ، بـــه زمانی رووسی ، باکو ، ١٩٣٢ ) •

(٤) عەرەبی شامۆ لەو ساڵانەدا چۆته لای لینـــین • دوو ســـاڵ لەمەوبەر رۆژنامـــەی « کۆمۆنیست »ی ئۆرگانی پارتی کۆمونیســـتی ئەرمینیا یادداشتەکانی شامۆی دەربارەی ئـــەو بینینەی لینین بلاو کردەوه •

(٥) ف٠ی٠ لینین ، هەمـــوو نووسراوه کۆکراوەکان ، به زمانی رووسی ، بەرگی ٥٤ ، ل ٢١ــ٢٢ •

(٦) یەکێك له بڕیارەکانی کۆنگـــرەی شەشهەمی سۆڤێتەکانی ئەرمینیای ســـاڵی ١٩٢٩ دەربارەی ئەوه بوو کەوا پیویسته بایەخێکی تەواو بدرێت به بەرز کردنەوەی رادەی خوێندەـ واری‌و بلاو کردنەوەی ئەلفـو بێی کوردی تاوەکو بتوانرێت جیاوازی لەنێوان رۆشنبیری ئەرمـــەن‌و کوردا کەم بکرێتەوه •

(٧) لەو دەورو بەرەدا له هەموو کوردستانی عێراقـــدا ٤١ قوتابخانەی کوردی هەبووه کـــه بەسەریەکەوه لـــه هەموویاندا دەوروبەری ١٦٠٠ شاگرد دەیانخوێند •

بۆ لاپەره (٣١)

نوسینی : حیلمی شەریف

## سەرنجێك لە

# ئەدەبو هونەری تازە

بەپێچەوانەی ئەو پەندو باوەی ئەدیبو هونەرمەندە سەر بەدەرەبەگو بورژوازیەکان ئەیدەنە پاڵ ئەدەبو هونەر ، ئەدەبو هونەر لە هەمو دەورو زەمانێکدا ئاوێنەی قازانجی سیاسیو ئابوری چینێکی گەلن ، واتە بەستراون بە سیستەم یا رژێمی ئەو وڵاتەوە کە خۆیانی تیا ئەنوێنن • بۆیە ئەو پروپاگەندەیەی نوینەرانی چینە چەوسینەرەوەکان دەربارەی ئەدەبو هونەر بڵاوی ئەکەنەو کە گوایە سەربەخۆنو دورن لە دەسەڵاتی چینایەتیو پێوەندیان بەسیاسەتەوە نیەو روداوێکی سەربەخۆن ، ئەم پروپاگەندانە هەموو بۆ دەست برینو هەڵفریواندنی کۆمەڵانی خەڵکن ، نە ئەدەب هەیە بۆ ئەدەبو نە هونەریش بۆ هونەر بەڵکو یەکێتی‌یەکی لە پچران نەهاتو لەنیوان ئەدەبو هونەرو سیاسەتداهەیە هەروەکو یەکێتی‌یەکی تەواویش لەنێوان ئەدەبو هونەرو ئابوری‌دا هەیە واتە ئەم دوانە ئاوێنەی یەکی گیانی بەگیانییان لەگەڵ یەکتریداو هەیە ولایەك خزمەتی ئەوی تریان ئەکات •

ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە ئەدەبو هونەر کاتێك ئەبنە ئەدەبو هونەرێکی ریکوپێكو بەکەڵك کە شێوەو ناوەرۆکیان تەواوکەری یەکتری بنو شان بەشانی یەکتری بەرەو پێش برۆن واتە « شێوەیەکی بەرز لەگەڵ ناوەرۆکێکی بەنرخ » شێوەیە بەرزی کەڵك وەرگرتوو لە گۆڕانو پێشکەوتنی تازەو بناغە دامەزرا لەسەر لا باشەکانی رابوردوو ، ناوەروکیکی بەنرخیش کە کۆمەڵ بەرەوپێش بەرێتو تەنگوچەڵەمەکانی چارەسەر بکاتو رێگای راست بخاتە بەردەمی چینە چەوساوەکانی گەل •

لەم روەوە جیاوازی‌یەکی یەکجار تەواو دەربارەی ئەدەبو هونەر لەنێوان بیروباوەڕەی چینە چەوسێنەرەوەکانو چینە چەوساوەکانا هەیە • چینە دەرەبەگو بورژوازیەکان زیاتر خەریکی شێوەو قەوارەن تەنیا مەبەستیان هەڵفریواندنی کرێکارانو جوتیاران هەمو زەحمەتکێشانە •

بەڵام ئەدیبو هونەرمەندانی چینە چەوساوەکان بەوپەڕی تواناوە خەریکی شێوەو ناوەرۆك ئەبن بۆ پێشخستنی زۆربەی زۆری گەلو مرۆڤایەتی پێشکەوتو •

جا کە زانیاریو ئەدەبو هونەر ئاوێنەی بیروباوەڕی سیاسیو ئابوری کۆمەڵ بن کەواتە چەکێکی کاریگەرن بۆ هەمو گۆڕانێکی تازەو رۆڵێکی یەکجار گرنگ ئەگێڕن لەسەر زەمینا • کە ئەمەش وابێت پێویستە نرخو بایەخێکی زۆریان پێبدرێ تا لە توانادا بێت دور بخرێنەوە لە تێكچونو شێوانو لە دەستی لەرێ لادەرانو تێکدەران رزگار بکرێن ، وەك بیلبیلەی چاو بپارێزرێن لە هەمو تەقەڵای روخێنەرانەی دەرەبەگو بورژوازیەکانو بناغەیەکی قایمو سەخنیان بو دابرێژرێت لەو کەرەسانەی بەکەڵکیان دێنو بۆ ئەم جۆرە شتانە دروست کراون •

بەوەش ئەم ئاواتانە دێنە دی کە کەڵك وەربگرین لە میراتی نەتەوایەتی کۆنو موتوربە بکرێن بەزانیاری تازەو پشت ببەستین

بەراستی و واقعیەتی نوێ و دژی بیروباوەڕی دەرەبەگایەتی و بورژوازی و بیروباوەڕی پڕو پوچی کۆن بین، ئەو بیرباوەڕانەی بیرو هۆشی کۆمەڵانی خەڵك بە کۆنو زنجیری درۆودەلەسە ئەبەستنەوە. واتە لەزانیاری کۆن بکۆڵینەوەو لا پڕوپوچەکانی لێ فڕێ بدەین و کەلك لە لا باشەکانی وەربگرین. حورمەتی مێژوی راستی وڵاتو گەلەکەمان بگرین و دەست بگرین بەو پێشکەوتن و گۆڕانە راستەو بەکەڵکانەی دەستیان بوە لە دروست کردنیا. واتە لەسەر واقعیەتی تازەو ماددیەتی دیالەکتیکی بڕۆین بە رێوەو زانیاری و ئەدەب و هونەر بەم سەنگانە لە تای تەرازو بدەین و ئەم سەرەتایانە بکەین بە بنچینەی پەرەپێدان و گەشە پێ کردنیان. هەروەها پێویستە یەکیتی یەکی تەواو پەیدابکەین لە نێوان تیوری و کردەوەدا. زۆر دەمێکە کورد دژی «مەلای بێ عەمەل» بون. بێ گومان مەبەستیان تەنیا مەلا نەبووە کە مەلا ئەو کاتە رۆشنبیرو هۆشیاری کۆمەڵ بون بەڵکو نیازیان هەمو ئەو کەسانە بووە کە کردەوەو دوانیان لەیەکتری جیاواز بووە واتە کردەوەیان شتێكو دوانیان شتێکی تر بووە.

پێویستە رۆشنبیرو هەڵگرانی مەشخەڵی زانیاری و ئەدەب و هونەر پیاوانی دەستو دەم پاکو کردەوە پاك بن. خەباتکەرو دڵسۆزو رۆڵەی دڵاوەری چینە زەحمەتکێشەکانی گەل بن، وشەی سەر کاغەزو کردەوەی ناو کۆمەڵیانشان بە شانی یەکتری بڕۆن بەرێوەو بەکەڵکی یەکتری بێنن تاکو ببنە نمونەیەکی پوختو خاوێن بۆ کەسانی تر لە کۆمەڵدا.

بێ گومان تیری کەوانی زانیارو ئەدیب و هونەرمەندێك دوژمن لاڵو پاڵ ئەخات کە کردەوەکانی لەگەڵ بیروباوەڕیا بگونجێ و یەك ئاوێنەی ئەوی تر. بەکورتی ئەمەیە بنچینەی ئەدەب و هونەری ئازادی خوازان و خەباتکەرانی گەلی چەوساوەو رەنجبەران، ئەدەب و هونەری زۆربەی زۆری گەل.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش وەکو هەمو گەلانی تری دنیا بریتین لە چەند چین و دەستەیەکی جۆراو جۆر، بیروباوەڕ جیاواز، قازانج و دەستکەوت جیاواز، هەندێك کەمێ دور لەوی ترو هەندێك کەمێ هەروەها تا ئیستا چەند قۆناغێکی کۆمەڵایەتیان بڕیوە. بە پێی ئەم جیاوازی چینایەتی و قۆناغی پێشکەوتنی ئابوری و کۆمەڵایەتییە ئایدیولوجی جیاوازی تیا هاتوتە ئاراوە کە ئاوێنەی قازانجی ماددی ئەو چینانەیە. بۆیە ئەدەب و هونەری کوردیش نوێنەری چەند قوتابخانەیەکن لە سەرانسەری دنیادا وێنەیان هەیە، وە بەگشتی ئەبن بە دوو بەشەوە، قوتابخانەی سەر بە رەنجبەرانی کورد واتە پێشکەوتن خوازو ئازادی خواز وە قوتابخانەی دواکەوتن خوازو کۆنەپەرستان. جا لەبەر ئەوەی کۆمەڵی کوردستان کۆمەڵێکی شێوە دەرەبەگی بورژوازیەو هێشتا گەلێك دەستەو تاقمی تر کۆمەڵ هەیە بەتەواوی بە لای چینێکی کۆمەڵدا نەکەوتون و مۆڵەتی بڵاوبونەوەی بیروباوەڕێکی شۆڕشگێرانەو پێشکەوتوانە بەتەواوی نەبوە، وە بە پێچەوانەی ئەمەوە گەلێك هۆی تایبەتی بیروباوەڕی دوژمنان و بێگانە و کۆنەپەرستەکان دزەی کردۆتە ناو کۆمەڵی کوردەوە، لەبەر ئەم هۆیانەو گەلێك هۆی تر کە لەم باسەدا جێگای دەرخستنیان نیە ئەدەب و هونەریش بەشی خۆیان و زیاتریش قورسایی ئەم وەزعە ناڵەبارەیان کەوتۆتە سەر شان. بۆیە دوو رووداوی زۆر سەیر لەناو ئەدیبان و هونەرمەندانی کوردا ئەبینین کە ئەم رووداوانەش بە روونی کاریان کردۆتە سەر بەرهەمی ئەدیب و هونەرمەندانی کورد. یەکەمیان ئەو شێوازیەی لە ئەدەب و هونەری هەندێکیانا هەیە کە جیاوازیەکی تەواوی خستۆتە نێوان شێوەو ناوەڕۆکەوە ئەبینین هەندێ جار بەرهەمێکی شێوەو قەوارە بەنرخ و ناوەڕۆکێکی بێ تام و هیچ و پوچ، هەندێك جاری تریش بەرهەمەمان ئەکەوێتە بەر چاو لە بە هیچ جۆرێك ناگونجێ لەگەڵ رەوشت و خەبات و رابوردوی خاوەنەکەیا، ئەدەب و هونەر لایەك و ئەدیب و هونەرمەند لەلایەکی تر.


دووەمیان ئەو ئایدیولوجیە تازە داهاتووەی سەرمایەداریتی دنیا بە ناوی نوێ کردنەوەو لە واقیع هەڵگەڕانەوەو یاخی بون لە هەمو شتێك لە دنیای سەرمایەداری‌دا بڵاویان کردوتەوە هەندێك بار وزوی هەندێك ئەدیب و هونەرمەندی کوردیشی گرتوتەوەو بە باشی کاری کردۆتە سەر بەرهەمەکانیان کە بەشی زۆریان ئاگاداری خۆیان بوبن یا لە ساویلکەییەوە دووچاری بوبن یا لە ئەنجامی ئەو بەدبینی و نائومێدیەوە دووچاری ئەم نەخۆشیە رەشە کاریگەرە بوبن کە لەم ساڵانی دواییەدا باڵیان بەسەر کوردستانا کێشاوە. جا ئەم ئەدیب و هونەرمەندانە کە زۆربەی زۆریان لاوانی تازە پێگەیشتون وەکو هەڤاڵەکانی تریان لە دنیای سەرمایەداری‌دا بە ناوی یاخی بون و نوێ کردنەوەوە ئەدەب و هونەری کوردیان شێواندوە لە شێوەو لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیان فڕیان هەیە بەسەر شێوەو ناوەڕۆکی واقیعی تازەو ماددیەتەوە واتە بەسەر ئەدەب و هونەری رەنجبەران و زۆربەی زۆری گەلی کوردەوە بۆیە فڕیشیان نیە بەسەر ئاوات و ئامانج و قازانج و دەستکەوتە چاوەڕوان کراوەکانی خەڵکی شۆڕشگێری کوردستانەوە.

تا ئەم گێژاوو تەنگوچەڵەمەیەدا پێویستە زانیاران و ئەدیب

بۆ لاپەڕە (٣١)

# مەحجوبی جافان

**لەژمارەی پێشوی گۆڤاری بەیانـدا رەئیەکمان نوسی لەمەڕ** نەخوێندەواری وەلی دیوانە ، ئەم جارەیش وێنەی دەستنوسێکتان ئەخەینە بەرچاو کە شیعرێکی وەلی تێدایە وە لە سەرەکەی نوسراوە ( میرزام ولی فرمودە ) • ئەم پەڕەیەمان لە بەیازێکی کۆن دەرهێناوە بەشی زۆری پەڕەکانی سەرەتاکەی و دواکەی پێوە نەماوە، لەبەر ئەوە نازانین کەی و لە کوێ و کێ نوسیویتیەوە • بەڵام بە پێی کاغەزەکەی و جۆری نوسینەوەی رەنگە لە صەد ساڵ کۆنتر بێت ، وا شیعرەکەی وەلیتان پێشکەش ئەکەین وەکو خۆی لەگەڵ وێنەکەیدا •



**مەحبوب جافان • • • •**

**مەحبوب بێ عەیب ، تایفەی جافان**
**سەرقەتار پۆل عەنبەرین نافان**
**سەرکێش ڕەوێل موشکین کلافان**
**ئاهوی مدبر ماس مەکان نە هەردە**
**جوزەی سنکرچەی نسا سل کەردە**
**خاوێر خاڵدار ، خەتاو خوتەن ساڵ**
**تەتار نەهەردەی شۆخ شیرین خاڵ**
**وەطەن نەضامن سەر بەرز لەیلاخ**
**صەید سەر کووان ، صەیادان بێ داخ**
**چەرخ چەم سیا ، چوست چالاک پەڕ**
**شەیدای شکار جۆ ، چنگ وەهوناو تەڕ**
**لاچین شەشدانگ سەحەر جەلان خێز**
**شەقار تیزبال تۆند چابوک خێز**
**شەم شا پەسەند گشت سیایانان**
**نام تۆم نەبەزم خوسرەوان وانان**
**بەو شەوقو جەمین شەم روخسارەوە**
**کێت نەدا وەدەم گرەی نارەوە**
**بەو قاش قەتران دڵ پەی ئێشاوە**
**ستون یانەی کێت نەکێشاوە**
**بەو دیدەی سیای سورمەی سای سێوەنگ**
**موژانت وەهون کێ نەکەردەن ڕەنگ**
**بەو نیم نگای ناز پێسواری پەردە**
**ئاخر کێت نەکەرد وە ئازیز مردە**
**بەو بالای نەو تول وەنەورەستەوە**
**بەو کۆکۆی کلاف دەستەدەستەوە**
**« دەیسە ! » دڵ جەکێت نەستانان وەزور**
**ئاخر یانەی کێت نەکەردەن خاپور**
**من دێوانە بیم جە داخ تۆوە**
**داخ نیای وەبان دەماخ جەنۆوە**

# سێ کورتە چیرۆکی

## فۆلکلۆری کوردی

– نوسینی : رفیق چاك –

◆ هەمو بەرهەمە جۆربەجۆرەکانی ئەدەبو هونەر ، لە هەر چەرخو ئانێکدا ، تاوێکی گەورە ئەکەنە سەر هۆشو دەرونو ئاراستەکاری کۆمەڵگاکانی میللەتان • میللەتی ئێمەش بەرهەمی جۆربەجۆری هونەرو ئەدەبی هەبوەو هەیەتی ، بەڵام وەك پێویستەو وەك نەتەوەکانی کە هەتا ئێستا رۆڵەکانی نەیانتوانیوە ئەو بەرهەمانەی رابوردو لە بەرگێکی نوێدا بهێننەوە سەر شانۆی ژیانی ئەمڕۆمانو بیکەن بە دەستەبەرەی خزمەتی ئێستایان بۆ سبەینێیەکی پرشنگدارترو رازاوەتر •

کەلەپورێك ، میراتییەکی رابوردومان هەیە لە هونەرو ئەدەبو هەمو بەشەکانیکەی ژیاندا • هەندێکیان خاوەنیان هەیەو ناسراو • هەندێکی کەشیان بەرهەمی رۆڵە لێهاتوەکانی سەردەمی خۆیانن‌و ون کراون‌و بێ ناوونیشان • زیندو کردنەوەو بەرگ بەبەرا کردنەوەو رازاندنەوەی ئەو بەرهەمانە ماندو بونێکی زۆری ناوێ ، بەڵام بیەوێ یا نەیەوێ ئەرکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی سەرشانی هەمو خاوەن بەهرەو بەتوانایەکی ئەم کوردە • ئەوی دوێنێی نەبێ ئەمڕۆی هیچو سبەینێی پڕ لە دەست بەدەستا دان‌و بۆڵەبۆڵو سەرزەنشتی گوێ ئاگردان • ئەبێ بەرهەمی رابوردوی میللەمان ببوژێنینەوە ، گیانی تازەی بەبەرا بکەینەوەو بیکەین بە بەردی بناغەی بەرهەمی شیاو بۆ ئەمڕۆ تا سبەینێیەکی جوان دروست ببێو چ خۆمان یا هیچ نەبێ منالەکانمان لە کوێرەوەری رزگارمان ببێ •

◆ لە رێرەوی ژیاندا گەلێك ئەبینین ، هەندێك ئەبیستین ، تۆزێکیش ئەخوێنینەوە • بە ئەنجامی ئەم بینین‌و بیستن‌و خوێندنەوەیەو بە هەڵچونی تەمەن ئەبین بە شتێك ، بەکەڵك ، یا بێکەڵك • قسە لە بێکەڵکەکە ناکەین ، ئەوی ئەمانەوێ ، یان میللەت ئەیەوێ لە بەکەڵکەکە ئەوەیە چی ئەتوانێ بیکات • شتمان‌دیوە •• چاك یا خراپ با لە خەڵکەکەی بگەیێنین بۆ ئەوەی کەڵکی لێ وەربگرن ، هەروەها چ سودێکمان لە بۆگێڕانەوە ، یان لە خوێندنەوە وەرگرتوەو بە کەڵکی خەڵکی دێ با دایڕێژین بەو رێیەی بە چاکی ئەزانین • تۆ بە چیرۆکی تەمسیلی ، ئەو بە ئاواز ، ئەوی‌تر بە نوسین ، ئەمی کە بە هۆنراوە ••

◆ سودم لەرۆژێکی بێ‌ئەرك وەرگرتو ئەم سێ کورتە چیرۆکەم بۆ تۆمار کردن با کەڵکیان لێ وەربگیرێو با هەر بمێنن‌و نەفەوتێن • هەرکەسە چۆنیان تێ‌ئەگات ئارەزوی خۆیەتی ، کێ چێ ئەڵێ لە دوای خوێندنەوە ئەوە شتێکە پەیوەندی بە منەوە نییە چونکە چیرۆکە وردیلەکان ( فۆلکلۆری کۆنن ) هی من نین •

× ×

### چیرۆکی یەکەم
### ( بریندارو خێرومەند )

ئەڵێن پیاوێك هەبو کەڵەپیاوو هەڵکەوتو ، رۆژێك‌و دوان‌و سیان‌و چوار خەڵکی هانایان بۆ بردو دادو بێدادیان بۆ رون کردەوەو داوایان لێکرد کە رزگاریان کا لە دەست ئەو بەڵایانەی کراون بە کوڵکی خەڵکەکەوە ••

پیاوەی گەورە پیاوی شارەزا بە ناخ‌ر

هەستو رەوشتی خەڵکی زەردەخەنەیەك گرتیو سەری باداو پێیوتن :

ـ لە رابوردودا پیاوێکی پەك کەوتەی برینداری روتو رەجاڵو بێ کەس لە بەر دەرگای مزگەوتێکدا کەوتبو ( مێشێکی ) زۆریشی تێوە وروکابو • خێرەو مەندێکی وەك ئێوەمانان بەوێدا تێپەڕی زۆری بەزەیی پیا هاتەوەو چو باوەشێنێکی کڕیو دەست بەجێ مێشی لە بریندارە دور خستەوەو مێشە هەریەکە بە لایەکداو لە پاش ماوەیەك هیلاك بو ، مێش هاتنەوە وێزەی کابرا • بریندارە چاوی هەڵبڕیو روی دەمی کردە خێرەومەند :ـ

ـ ئەرێ کاکی برا ! من دوژمنتم ؟ هیچم لێ کردوی ؟ هیچم لێ داوا کردوی ؟

خێرەومەند پێیووت : ـ

ـ حاشا • • حاشا ! بەلام بەزەییم پیا هاتەوەو مێشم لێ دەرکردیو بەخێرم زانی •

بریندارە پێی وتەوە یاخوا خێرت نەنوسێ !

خێرەومەندە خۆی پێنەگیراو پێیوت :ـ

بۆچی کابرا ؟!

ـ بریندارە وتی چونکە ئەگەر لەپاڵ دەرون باشیتا شارەزاییشت هەبوایە تێ ئەگەیشتی کە ئەو مێشانەی تێمەوە وروکابون ( تێر ) بوبون وە ئازاریارن دابومو بڕابومەوە ! بەلام کە تۆ ئەوانەت لێ دەرکردم هی ( تازە ) هات کە برسیبونو ( برینیان ) هێنامەوە سوێو هەتا ئەمانیش ( تێر ) ئەبن ئەبێ هەر لە ئازارا بمو جارێکی تریش ( خێرت ) نەنوسێو بڕۆ بە رێی خۆتەوە • •

## ـ چیرۆکی دوەم ـ

## ( کوڕم پێم وتن ! )

پیاوێکی تێگەیشتو گەورەی دێیەك بو ، دێیە هەر لە گەشە کردنا بو هەتا گەیشتە پلەی نیمچە شارێك •

کوڕەکانی گەورە بون بە تەمەنو غەڕاییی گرتنیو بایی بونو خۆیان بە لە باوکیان بە گەورەتر ئەزانیو رۆژێك لە رۆژان داوایان لە باوکە کرد کە ئیتر با لەودیو ، لە ( حەرەم ) ئیسراحەت ! بکاتو پیرو بومو با نەیەت بۆ دیوەخانو ( ئەمان ) کاروبار ئەبەن بەرێوە •

باوکە کە کۆڕەکانی خۆی باش ئەناسیو ئەیزانی جارێ کەڵکی ئەوەیان نییە گەیشتە ئەو بڕیارەی کە با ( بێ دلی ) یان نەکاتو بەلام ئاگاشی لە هەمو شتێك بێ •

باوکە لەودیوو ئەمان لە دیوەخانو کابرایەك بە هەڵەداوان هات بۆ شکات :

ـ قوربان ! گەورەیینە ! خوا راوەستاوتان کا ! هەرچەندە بێ ئەدەبیشە لە حزوری ئێوەدا ئەم قسەیە بکەم بەلام هەر ئەبێ بیکەمو ئەویش ئەوەیە کە نەك ( کەڵەشێر ) بەڵکو مەڕو کوڕیشم سەر ببڕن هەر بە قوربانی ئێوە بێ ، مەسەلە کوشتنی ( کەڵەشێرەکەم ) نییە ، بەڵکو ئەو (بار) سوکییەیە کە لێیان کردوم ، ئەگینا ئەمە چەند ساڵو عەیامە لەم دێیەدا هیچ روی نەداوە ، ئەبێ بۆچی ئێستا کەڵەشیری من بکوژرێو فڕێ بدرێتەوە ناو حەوشەکەمان ؟! گەورەکان دایان لە قاقای پێکەنین ، بەخوا کابرا تۆ گەوجی ، کەڵەشێر چییە بکوژرێ ، بڕۆ بڕۆ با خەڵك گوێیان لێ نەبێو گاڵتەت پێبکەن ، بڕۆ !

کابرا تەماشایەکی کردنو هەناسەیەکی هەڵکێشاو سەری دانەواندو پشتی تێکردنو بەجێی هێشتن •

باوکە لەو ( دیوە ) وە گوێی لەم قسانە بو ، نیوەڕو پێیوتن کوڕم ! من لە جێی ئێوە بومایە ئەگەڕام هەتا ( کەڵەشێر کوژم ) ئەدۆزییەوەو ئەم کوشتەوە ! کوڕەکانی دیسان دایانەوە لە قاقای پێکەنین :ـ یاخوا خۆش بێ بابە ! چۆن لە سەر کەڵەشێرێك پیاوێك ئەکوژرێ !

باوکە وتی رۆڵە وامن پێم وتن ، ئەری کارێکی وایکردو بەربەست نەکرا لە سەرەتاوە کاری خراپتریش ئەکات • ماوەی چەند رۆژێکی کە بەسەر ئەم قەوماوەدا تێپەڕیو هەر گاو مانگاو رەشە ولاغ بو بەکلك بڕاوی ئەهاتنەوە ناو دێو لە هەمو ماڵێکەوە مقۆمقۆو تووڕە بون دەستی پێکردو لێشاوی عەشام روی کردە دیوەخانو مەسەلەیان لە گەورە پیاوان گەیاندو باوکە لەو دیوەوە گوێی لێیە •

ئەمجارەش گەورەکان کەوتنەوە پێکەنینو وتیان :

ئەرێ ئێوە عەیب ناکەن ئەم جۆرە باسانە ئەکەن ؟ گا ( کلکی ) ببێ یا نەیبێ زەوی هەر ( ئەکێڵێو ) مانگاش با بێ کلکیش بێ ( شیر ) هەر ئەدات • ( کلك ) چییە ئەوەندەی لەسەر ئەڕۆن !

یاهو زەمانێك تێکەوتین خەڵکەکەی هەمو گەوجن ، بڕۆن ، دەی ! هەرکەسە بۆ ماڵی خۆی •

باوکە خۆی پێنەگیراو لە دەرگای مابەینەوە خۆی کردەوە بەمدیواو روی کردە خەڵکە واق وڕماوە تووڕەکەو وتی کەس نەڕوات ! بە کوڕەکانیشی وت :

ـ کوڕم پێم وتن ! پێم وتن کەڵەشێر کوژ بکوژنەوە نەتان کرد ، ئەوا کلکی رەشە ولاغ بڕدراو دوای ئەمەش نۆرەی خەرمان سوتانو دزیو تالانو پیاو کوشتنە ! هێشتا ماوتانە لە ( دیوەخان ) دانیشنو جێی ئێوە جارێ دیوی ( حەرەمە ) ! دەی خیرا بۆ ئەودیو • روشی کردە

خەڵگەکەو پێی وتن : بەهێمنیو بە لەسەر خۆیی بچن کەلەشێر کوژم بۆ بێننو با لەوێوە ( تەمێ ) کاری دەست پێبکات ٠

## – چیرۆکی سێیەم –
## ( شوانو مار )

کابرایەك لە دێیەکدا بو بە شوان ٠ یەکەم رۆژو دوەم و سێیەمو چوارەمیش هەمو رۆژێکی ئەو هەفتەیەش تەماشای ئەکرد یەکێك لە مەڕەکانی مردوەو ئاوساوە ٠ لە دواییدا بۆی ساغ بوەوە کە (مار) پێوەیان ئەدات ٠

خەڵکی دێیەکە ، خاوەن ماڵاتەکان بە یەکا هاتنو لە ناو خۆیاندا بڕیاریان دا سنورێك بۆ ئەم ( زیانە ) دابنێن کە ئەم ( شوانە ) دوچاریان ئەکاو بگرە کوێت دێشێ ، وایان لێکرد کە ئەگەر ژنەکەی قورئانی نەبردایە بەردەمیان هەر نەیان ئەهێشت ئیتر بژی ٠ هەر چەندە شوانەی کلۆل دوای لێکردن کە هیچ گوناهی نییەو ئیتر شوانی ناکاو با بمرێ لە برسانا باشترە لەم ( حاڵە ) بە دەست ( ئەوان ) و بە دەست ( مارەوە ) هیچ سودی نەبو ٠٠

بۆ سبەینێ بەیانی شوانە بەلەشی تێك شکاوەوە مەڕی دایە پێش خۆیو کە لە دێ دەرچونو گەیشتنە لەوەڕگا بە هەمو هێزێکیەوە هاواری کرد :

ــ مارە ! مەعزەن لیللاە ! توبی خواو هەمو پێغەمەرانو پیاو چاکانو ( شای ماران ) بەسە ئیترو وەرە مەردی چاكبە چیت ئەوێ ئەت دەمێو وازم لێبێنە با پارویەك نانی رەحەتی قوزلقورت بکەم ٠

لە پاش دوو سێ بانگەوازو پاڕانەوە کاپێکی زانی ( مارێك ) ئاپێی هەڵسایە سەر کلكو بە شوانەی وت :ــ راستت ئەکەی ؟٠ شوانەش بە ئەو پەڕی ترسو پاڕانەوەوە هەزارو یەك سوێندی بۆ خوارد ٠

مارە پێی وت :ــ ئەوی لە تۆم ئەوێ ئەوەیە کە هەمو بەیانییەك جامێك شیرم بۆ بخەیتە بەردەمی ئەو کونەو ئێوارێ جامەکەی خۆت ببەرەوە لە گەڵ پادشتاو ئیتر ( پێوەدان ) تەواو ٠ شوانە لە خۆشیانا وەختەبو باڵ بگرێ !

ــ قوربان لە جیاتی جامێك سیانت بۆ دائەنێمو پاداشتیشم ناوێ !

مارە وتی : گەوج مەبە ! دنیا هەموی بە دەستیاوە ، چاکەم لە گەڵدا بکەو چاکەت بدەمەوەو بەم جۆرە پێکهاتن ٠

هەمو بەیانییەك لە جامێکی پاکدا ( شیر ) ئەخرایە بەردەمی کونە مارو ئێوارێ ( لیرە ) یەکی سور لەناو جامەکەدابو ! مەڕ هەموی قەڵەوو گوان پڕ لە شیر ، خەڵکی دێ شادمانو وتیان چاوتان لێیە چۆن ( شەق ) ئەزانێ قوناغ لە کوێیەو ( تێلا ) لە بەهەشتەوە هاتوە ! ئەگەر ئەو ( لێدانە ) مزرە نەبوایە ئێستا کەسمان مەڕمان نەمابو ٠ شوانەش لە خۆشی کوپەی پڕ لیرەی سور بسکەی سمێڵی ئەهاتو مەجبور نەبو نهێنی خۆی بۆ ئەو گەوجانە ئاشکرا بکات ٠ لە پاش ماوەیەکی زۆر دیکی شوانە نەخۆش کەوتو جوابی بۆ نارد کە بچێ بۆ لای تا دیار ئاخر نەبێ نێی ٠

شوانەش ئەرکەکەی خۆی بە کوڕەکەی سپاردو ( نهێنی ) بۆ گێڕایەوەو داوای لێکرد کە بەکەس نەڵێو لیرەکانیش بخاتە ناو کوپەڵەکەوە هەتا دێتەوەو رۆی ٠

رۆژی یەکەم کوڕە شیرەی لە بەر دەمی کونەدا داناو خۆی لێماتدا ٠ تەماشای کرد وا مارە هاتە دەرەوەو شیرەی خواردەوەو سەری کرد بە کونێکی کەداو لەو سەرەوە لیرەیەکی بە دەمەوە بو فڕێی دایە ناو جامەکەوە ٠ تەماع گرتیو بیری رۆی ٠٠ بۆچی ئێمە هەمو رۆژێك شیر بدەین بەم مارە ؟ بۆ نەیکوژینو ( کونە ) هەڵبکەنینو ( غەزنە ) کە ببەین بۆ خۆمانو ببڕێتەوە ؟! بۆ سبەینێ بێڵێکی لە گەڵ خۆیدا هێناو بە دیار جامە شیرەوە وەستا ٠ کە مارە هاتە دەرەوەو دەستی کرد بە شیر خواردنەوە هەتا هێز لە بازوی کوڕی شوانەدا بو بێڵی داوەشاندەوە بۆ ( سەری ) بەڵام بەر ( کلکی ) کەوتو یەك دو بستی لێکردەوەو مارەش لێی وەرچەرخایەوەو پێوەی داو کوڕە مرد ٠ کە ئەم خەبەرە جگەر بڕەیان گەیاندە شوانە دەست بەجێ دایکی بەجێهێشتو هاتەوەو مەڕی دایەوە پێشو روی کردەوە ( لەوەڕگا ) کەو بانگی لە مارە کرد :ــ

ــ وەرە دەرەوەو با لە (مەسەلە) کە بدوێین ٠ ئەم کەتنەیان لە پای چی ؟

مارە سەری لە کون هێنایە دەرەوەو بەسەرهاتەکەی بۆ شوانە گێڕایەوەو پێیوت کە خەتاو گوناهی نییەو ئەگەر ( کوڕە ) نەی ویستایە بیکوژێ ئەم پێوەی نە ئەدا ٠

شوانەش پێی وت : وا تێگەیشتمو قەیناکا ، ئەوی رۆی رۆی ! با سەر لە نوێ لەسەر (پەیمانی) پێشومان بەردەوام بین !

مارە سەری بۆ لەقاندو پێی وت :

ــ ئەتەوێ خۆت بخەڵەتێنی یان من ؟

شوانە پێیوت :

ــ نە تۆ نە من ! خەڵەتاندنی چی ؟

مارە پێیوت :ــ

ــ خۆت گێلو گەوج مەکە ! من بە ( کلکی ) قرتاوەو تۆ بە ( سکی ) سوتاوەوە جارێکی کەو ( متمانە ) ؟ ببڕای ببڕ !

# رووداوێکی سەیری لەدنیای پزیشکیدا





ژنێك لەشاری ( ئورین ) لە ئیتالیا بە سکێك دو کچی پێکەوە لکاوی بو • پزیشکەکان سەریان لەم کارە زۆر سوڕما ، یان ئەبوایە کارەساتەکە وەك خۆی بهێڵنەوە •• یان ئەوەتە لە یەکیان جیا بکەنەوە پێشەکی بڕیاری ئەوەیاندا تا ماوەیەك بەو جۆرە بیانهێڵنەوە تا گەورە ئەبنو کاتی ئەوەیان دێت بێ ترس عەمەلیات بکرێن •

ئەم دو کچە ( سانتینا ) و ( جیوسبینا ) کۆتایی بڕبڕەی پشتیان پێکەوە لکابو ، وە بە هەردوکیان یەك ( جهازی ) تناسلی یان هەبو •• وە هاتوچۆی خوێنو هەندێك لە دەمارەکانی خوێنی خوار سکیشیان یەك بو •

ئازارو زەحمەتیەکی ئێجگار

«بەیان» لەئەڵمانیەوە کردویەتی بە کوردی



پرۆفیسۆری بەناوبانگ ( زولـیریو ) پاش تەواو بونی عەمەلیات ٠



لە کاتی خۆ گۆڕیندا ٠

گرانیان ئەکێشا ، بەتایبەتی لە جل لەبەرکردن و نوستن و خواردن و ڕۆیشتن و دانیشتن و نەخۆشیدا ٠

لە ماوەی شەش ساڵ و نیودا ، پزیشکەکان پێنج جار بڕیاری ئەوەیاندا عەمەلیاتیان بکەن ، بەڵام کۆسپێکی زۆر هاتە ڕێگەیان ٠٠ پاش دو ساڵی تر پرۆفیسۆری بەناوبانگی ئیتالی ( زۆلیریۆ ) بڕیاری ئەوەیدا هەرچۆنێك بێت عەمەلیاتیان بکات ٠

لە عەمەلیات کردنەکەدا کە ماوەی (٥) سەعاتی خایاند (١٤) پزیشکیتری گەورە بەشدار بون ٠٠ سەرکەوتنی ئەم عەمەلیاتە توانای مەزنی مرۆڤی سەلماندو ژیانێکی نوێی کرد بە بەری ئەم دو کچەدا ٠




پاش هاتنە دەرەوەیان لە نەخۆشخانە ٠

پاش ئەوەی دو کچەکە هاتنەوە سەرخۆیان بەو پەڕی کامەرانیەوە سوپاسی پروفیسوریان کردو ئەمیش هۆن هۆن فرمێسك بە چاویا ئەهاتە خوارێ و بزەی هیواو ژیانی بەختیاری و دوارۆژی ڕوناکی لە ڕوی دو مرۆڤی بچوکدا ئەبینی ٠

چیرۆکی ژمارە

# ئاغا وەجاخی ڕۆشنە!




حەسەن قزڵجی

ڕەشید ئاغا لە تەمەنی لاویتیدا بو ، چەند سالێك بو ، بوبوە ئاغا .. ئەویش وەك « گای جاکم »(١) لەتەڕی دەخواردو لــە ویشکی دەخەوت . لەوەتی پێ‌گەییشتبو ، شەو خەریکی قومـــارو ، ڕۆژ خەریکی ڕاوو شکار بو . تاقـــە هونەریکی کەبوی ، ئەوەبو لــە زمانی تاژی دەزانی .

**ڕەشید ئاغا : هەو .. هەو .. هەو .. ڕستی هاوریشمو قەلادەی زیوت لەئە ستۆ دەکەم . دەستو پەنجەت لە خەنە دەگرم ، جــل تورمەت بۆ دەکەم .**

تاوس ، وەکو ژاندارمەیەك کە تازە چــەند کوردی گرتبێو ئافەرینی لێ کرابێ وە ئەفسەـ ڕەکەی بانگی کات ، یا وەك ژنە وەرزێرێکی کە بە نــاو دڕکو دالّدا ، بەدوای تاقە مانگا ونبوەـ کەیدا ڕابکات ، بــە خۆشبەزیو خێرایی بازی دەبرد بــۆ لای ڕەشید ئاغــا ، وە خشپەی پێی نەدەبیسرا . بــە قەلادەی زێوین و جلی تورمەوە بــە دەورو بەری ئاغادا دەهاتو دەچـــو کلکە سوتەی دەکرد ، خۆی دەکێشاوەو، دەی قوروسکاند . یانی : ئامادەی ڕاوو تێ‌بەربونم .

ئاغاو تانجی ، پشتاو پشـــت لەگەڵ یەکتر هاتبونە خوارەوە هەرچەند لە دو ڕەگەزی جیاواز بون ، بەڵام سەبارەت بە پێشینەی مێژویی بێ تەرجمان لــە یەکتر تێ‌دەگەیشتن

ئێوارەی ڕۆژێکی دەمەو زستان بو ، لــــە هەیوانی دیواخانی « نوبار »(٢) ڕەشید ئاغــاو تاوس بە دیار نوکەرەکانەوە ، بە زمانی حاڵ ئەو قسانەیان دەکرد .

نوکەرەکانی ڕەشید ئاغا ، کە زۆربەیان لەگـــەڵ « نوبار » و دیواخانەو ئەسپو تاژی لە ئاغای ڕەحمەتی بە میرات مابونەوە لە هەراوی ناو دەستو ، باریکی

دەستو پاشور ، و خۆشبەزیی تاوس واقیان وڕمابو ، هیوادار بون خۆیانو ئاغایان بێ گۆشت نەکات . یەك لە دوای یەك پیرۆزبایی تاوسیان لە رەشید ئاغا دەکرد . لە پاشان کویخا عەولا هەڵیدایەو گوتی :ـ بە گۆڕێکی ئاغای رەحمەتی تێچوە ئەو تاژیە دزیەتیە . ئەگینا ئەم هەڵویەو دو تەغار گەنمیان نەگوتوە .

**رەشید اغا : دە چەغە بە ، دەویت باب ئاقلت بۆ لە کار کردم ؟ دیارە ئەگەر حەمە وەیس لە برسا قۆڕەی زگی نەهاتایە ، بۆدو تەغار گەنم لێرەوە نەدەچوە تیلەکو(٢) بە شەوی ئەنگوستەچاو ، سینگی خۆی بە گوللەو، نێتو تاوس بۆ من بلەزی . دو ساڵی تەواوە ناوبانگی تاوسم بیستوە ، لە عاسمان بۆی دەگەڕام لەسەر زەوی دەستم کەوت . ئەگەر زۆرت بەخیلی بە حەمە وەیس دێ ، دو تەغار گەنمی دەستکەوتوە ، نەچوە بچێ ، رستێت دەکەمو تێت بەردەدەم ، کە کەرویشکێکت کوشت ، دو تەغار گەنم بە تۆش دەدەم .**

**کویخا عەولا : دە باشە ئاغا . تۆ لەسەر کەرویشکی خۆت نی ؟ من تەمالیکت بۆ دەدۆزمەوە ، کەیفت لێیە لە لاندا ، بە زیندویی دەیگرم ، حەز دەکەی تاوسی تێ بەردە .**

**رەشید ئاغا : دە بڕۆ تەمال بدۆزەرەوە !**

**کوێخا عەولا : ئاغا ئەوەندەم لێبوەستە ، گەردالێك بەفر بباریٚ ، بزانە دو تەغار گەنمەکە حەلاڵ دەکەم یان نا ؟**

لەو کاتەدا تاوس ، رەشید ئاغای تێگەیاند کە ئارەزوی راوی هەیە . بە بەردەمی ئاغادا ٣ـ٤ بازی برد ، بە حاڵ نوکی پەنجەی لە زەوی دەخشا ، رەشید ئاغا بە تاوس : دەك لەبەر قەلەمبازت مرم . (ئەو جار بە کویخا عەولا) : بە سەری مارف ئاغا سبەینێ تا چێشتانێ تەمالێك نەدۆزیەوە گەسکت بە سەربارەوە دەنێم(٤) . کە دۆزیشتەوە جگە لە دو تەغار گەنم ، ئەو زانكو چۆغەی بەریشم هی تۆیە . دە بڕۆ بزانم چ دەکەی ؟

کویخا عەولا : ئاغا ! سویندەکەت بە گوڵ بێ ! لە بەفری نەباریو ، تەمالت لە کوێ بۆ بدۆزمەوە ؟ ئەوەندەم سەبر لێ بگرە ، بەفر عەرز سپی بکات جا ئەو حەلە چاوم لێ بکە .

**رەشید ئاغا : ئەو قسانەی بێ ناوێ . باسی تەمالت کرد ، دەبێ بیدۆزیتەوە ، دەنا دێت ژمە تەمالو سەگت تێ بەر دەدەم .**

**باز ـ ( یەکێ لە نۆکەرەکان ، کە بە ریز لە بن دیواری هەیوانەکە بە دیار ئاغاوە ویستا بون ) ـ**

**لەبەرخۆیەوە : عەولا خۆی بە دەمراست دەزانێ ، دەبڕۆ بەم رەشانگە تەمال بدۆزەوە .**

**جافر ـ ( یەکێکی دیکە لە نۆکەرەکان ) : ئەوەندە گەوجە بێی وایە کەرویشکیش رەعیەتە ، بچێ لە ماڵەوە بە شەق بیهێنێتە بێگار . ئێمەش دەتوانین رەعیەت بە شەق ئەم دیوو ئەو دیو کەین . دە بڕۆ تەمال بدۆزەرەوە ، بە زمانی خۆت پێوە بوی !**

**مام سەلیم ـ ( بە حاڵ کەلپەی لە دەمدا مابو ، وەختی خۆی گەورە نۆکەری مارف ئاغای باوکی رەشید ئاغا بو ) بە پلتە پلت ، لەبەر خۆیەوە دەستی پێ کرد : دەك کوێر بم ئاغا ئاوا دەبێ ؟ دەمەویست ئێستا ئاغای رەحمەتی بوایە ، ئەم چەلەحانێیەی لەگەڵ بکردایە ، چما کای لە پێستی سەری نەدەئاخنی .**

**رەشید ئاغا ـ ( کە بەبەر سەفی نۆکەرەکاندا پیاسەی دەکرد ، گوێی لەو قسەیە بو ، چوە پێستی باوکیەوەو گوتی ) : مام سەلیم ! سبەینێ تا ئێوەڕۆم لێ راویستە ، جا قسەی ئاغای خۆت ئاقی کەرەوە ، بزانە چۆن دەیکەمە تەمال .**

کویخا عەولا ، هەرچەند باب نوکەرنەبو وەکو مام سەلیم چاوی بە پاشخوانی ئاغای رەحمەتی نەپشکوتبو ، بەڵام دەکوت لەژێر چەکوشی شەیتان دەرپەڕیوە ، لە فروفێڵی ئاغاو نۆکەریدا وەستا بو ، دەیزانی ئاقای ئاغا تا کوێ بردەکات . لە بیری خۆی کردبو . ئەما دەیویست رەشید ئاغا پتر شیگر کا ، تا دو تەغار گەنمەکەی دەستکەوی روی کردە میرزا سمایلی میرزای ئاغا ( کە لەو لاوە ویستابو ، کتێبێکی چلکنی بە دەستەوە بو ) : مام میرزا بۆم بڕوانە ئەو کتێبە ، جا ربەیەکت لە گەنمەکە دەدەمێ .

**میرزا سمایل : دە بڕۆ مردوت مرێ . ئێستا کە لە قەندیلیش بەفر نەکەوتوە ، قاموسیش تەمال ناگرێ . بۆت بڕوانمە کتێبی چێ ؟**

کویخا عەولا : بەسەری ئەو ئاغایە ربە گەنمێکت لە کیس چو .

رەشیدئاغا : ( ئاها .. ها .. ها .. ) لە سبەینەی نەهاتو ، لە تەمالی نەدۆزراوەوە ، لە گەنمی وەرنەگیراو ، داخ دەباتە دڵی میرزا .

نوکەرەکان : بەڵێ ئاغا جوانی دەفەرموێ ئاها .. ها .. ها ..

**کویخا عەولا : دەیەویست بۆ پیکەنینی ئاغا زیاتر سەربکاتە سەر میرزا ) : باشە ، مەڕوانە کتێبە چلکنت ، بەسەری ئەو ئاغایە چاوت بە گەنم ناکەوێ .**

**میرزا : کوڕە ، باوکم ، برام ! دەوەن بە ئاشی چم پێ دەکەی ؟ تۆ خۆت تەماعی ماسی ناو دەریا کەوتوتە سەرت ، واز لە من بێنە !**

**رەشید ئاغا : من عەولا دەناسم بە ربە گەنمێك باوکیشی**

دەفرۆشێ ٠

میرزا : ( کە داخی عەولای لە دڵدا بو ) : شوکور باوکی نەماوە ئەگینا بێگەنمیش دەی هێنایە سەما ٠ کوێخا عەولا تێگەیشت مەبەستی میرزا ئەوەیە ، باوکی رەعیەت بوە ئەگەر بمایە ئەویشی بە دەردی رەعیەتەکانی دیکە دەبرد ، گوتی : من نمەك بە حەرام نیم ، ئاغام چۆنی پێ خۆشبێ وادەکەم ٠

میرزا ـ ( کە زانی قسە دەگاتە ناسکی ) گوتی : ئاغا حەز دەکا تەماڵی بۆ بدۆزیتەوە ٠

کوێخا عەولا : باشە بەلام بەو شەرتە دەم لە گوشنەکەی نەدەی ٠

مام سەلیم : هەتیوە عەولا تۆ شێتی ؟ لە بەفری نەباریو ، لە تەماڵی نەبو ، لە راوی نەکراو ، لە تاژی تێبەرنەدراو ، لە کەرویشکی نەکوژراو ، لە چێشتی لێ نەنراو ، میرزا دەم لە گۆشتی چی نادات ؟

میرزا : بەخوا بلێم چی ؟ سەرم لەم قسانە دەرناچێ ٠

کوێخا عەولا : راست دەکا ، هەر سەری لەوە دەردەچێ بۆ رەعیەتەکان بپارێتەوەو تکایان بۆ بکا ٠ ئەوەندەی قافەزو ماقەز خوێندۆتەوەو هاتوچۆی شاری کردوە قسەی ئێمەی پێ هیچە ٠

میرزا : تۆ برۆ تەماڵ بدۆزەرەوەو واز لە منو قافەز ماقەزم بێنە ٠ هەر شتە وەختی خۆی هەیە ، ئیستا جارێ ئەوا وەختی تەماڵو راوە ٠

رەشید ئاغا ( بە دەم رێگای ژورەوە ) : عەولا تاوس بەرە دەستو پاشوی لە خەنە گرە ، بۆ تەماڵەکەی سبەینێ ٠

کوێخا عەولا : بەڵێ ئاغا ٠

رەشید ئاغا : ( بەیانی دوای نانو چا ) : عەولا !

کوێخا عەولا ـ ( کە لە

چێشتخانە لەگەل نۆکەرەکان خەریکی پاشخوان خواردن بو ، پاروەکەی بە خێری قوت دا ) بەڵێ ٠٠ ئاغا ٠

رەشید ئاغا : دەستو پاشوی تاوست لە خەنە گرت ؟

عەولا : بەڵێ ئاغا ٠

رەشید ئاغا : قسەی خۆم لە بیر ئەچۆتەوە ٠ تەماڵت دوزیەوە ؟

عەولا : بەڵێ ئاغا ٠

رەشید ئاغا : ولاغان بێنن ، با بچین بۆ راو ٠

تاوس لەبەر ئەسپی رەشید ئاغاوە سەمای دەکرد لە بناری (تەرەغە)(٤) راو دابەسترا ، کە گەیشتنە شیوەلیك ، عەولا ، نە پڕ ، هەڵیکیشا تەماڵ : خولامی سەری ئاغای خۆم تەما ٠٠ لە !

رەشید ئاغا ـ تاژی تێبەردا ، بەلام کەرویشك هەڵنەستا ٠

عەولا : ئاغا ٠ بەلان کەوتوە(٥)، با بچم هەڵی ئەستینم ٠ رکێفی لێداو چوە پێشەوە ٠٠

دابەزیو گورجێك پەتی ملی کەروێشکی داڕنیو فڕێی دا دەرەوە ٠

رەشید ئاغا ـ ( تاوسی دوبارە تێ بەردا ) : هـا بی‌گرە تاوس ها ٠٠ دەری نەکەی ها ٠٠ لە سەری منت کەوێ ٠٠ تاوس یەك دو سەری بێدا هاتو کەرویشکی هەڵگرت ٠

عەولا بە غاز چو کەروێشکی لە دەم تاژی سەندەوەوە بە پاشکۆیەوە هەڵیواسی ٠

کە گەڕانەوە عەولا چاوی پێکەوت برایمە شەل لە سەرمانا دەلەرزێ ، کەچی لەبەر دەرکی مزگەوت لەگەل میرزا وێستاوە قسەی بۆ دەکات ٠

کوێخا عەولا ـ ( بە پەلە ) : برایم ئەوە هێشتا نەڕۆیشتوی ٠

برایم : بۆ کوێ ؟ تۆ هیچت بە من نەگوتوە ٠

کوێخا عەولا : پێم نەگوتی ، ئەوا گوتم ٠ راکە بچۆ (بۆکان) ، تەنەکەیەك نەوت بێنە بۆ ماڵی ئاغا ٠

زو وەرەوە ، بۆ ئێواری فریای خە !

× ×

شەو لە دیواخان بە دەم خواردنی گۆشتی کەروێشکەوە ، باس باسی راوو تاریف تاریفی تاوس بو ٠

رەشید ئاغا : مام سەلیم چۆنم تەماڵ بە عەولا پەیدا کرد ٠ خۆ ئیستا ئاغایەتی دەزانم ؟

مام سەلیم ـ: ئەوەندەی گل بەسەر ئاغای رەحمەتیەوەیە سەد ئەوەندە عەمری تۆبێ ، شوکر ئاغا وەجاغی روشنە ٠ میرزا ـ ( بزەی دەهاتی ) : بەلی ٠ ئاغا وەجاخی روونە !

رەشید ئاغا : مام سەلیم بەیانی دو تەغار گەنم بدە بە عەولا ، رانكو چۆغەکانیشی بۆ دەنێرم ٠

شەو دیواخان چۆل بو ، عەولا دەڕۆیشتەوە ماڵەوە ، لای‌دا دەرکی ماڵی برایمە شەلو بانگی کردە دەرەوە ، گوتی : برایم لە دەمت دەربێ کەرویشکی ماڵیت لێون بوە ، لە ژێر بێگاردا دەت ـ پرۆکێنم ٠ خۆ دوێنێ هیچت بە میرزا نەگوتوە ؟

برایم ـ : جا با پێشم گوتبێ چی تێ دایە ، ئەویش هەر لە خۆتانە ٠

عەولا : نا ٠ نا ٠ ئەوە کابرایەکی شاریو دەم شڕە ، ئەگەر ئاغا باسی کرد ، تۆ بلێ درۆ دەکات شتی وا نەبوە ، جا نۆرە بێگارت لەسەر هەلدەگرم ٠

---

(١) قسەی پێشینانە بە کەسانی ئاوا دەلێن ( وەك گای حاکم وایە لە تەری ) ٠٠

(٢) نوبار ـ گوندێکە لە مەلبەندی بۆکان

(٣) ناوچەیەکە لە مەلبەندی سەقز ٠

(٤) یانی بە ماڵەوە دەرت دەکەم ٠

(٥) کەژێکی گەورەیە لەناوچەی بوکان ٠

(٦) یانی لەلانێدا خوی مات داوە ٠


# لاپەڕەیەك لە خەباتی

# فەقێکانی کوردستانە

دوادوایی ساڵی ١٩٥٣ بوو ، جووڵانەوەی نیشتمانی لە کوردستان و لە هەموولایەکی عێراقدا دیسانەوە برەوی سەندبوو • عورفی هەڵگیرابوو ، چەند پارتی یەکی نیشتمانپەروەر مافی ئیشی ئازادیان وەرگرتبووەوە ، چەند ڕۆژنامەیەکی ئازادیخوایش دەرئەچوون •• بەڵام لە کوردستانا تەنها « ژین » هەبوو کە مامۆستا گۆرانی ئەمر دەری ئەکرد • هەرچەند بەناو ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی بوو ، بەڵام بە پێو دانگی ئەو ڕۆژەو بەش بە حاڵی کوردستانی ئەو سەردەمە ئەوەندەی ڕۆژنامەیەکی ئازادی سیاسی دەوری هەبوو •

لە سولەیمانیدا دوو یەکیەتیی قوتابییان هەبوو ، یەکێکیان سەر بە پارتیی کۆمۆنیستەو ئەویتریان سەر بە پارتیی دیموکراتی کوردستان بوو • جووڵانەوەی ئەم دوو یەکیەتی یە ، هەر وەك جووڵانەوەی ڕێکخراوە دیموکراتی یەکانی تر شێوەیەکی ئاشکرای هەبوو • ئەندامەکانیان بەئاشکرا یەکتری یان ئەناسی و خەڵکی خاوەن پەیوەندی یش ئەیان ناسین • بەڵکو هەموو ڕۆژنامە خوێنێك ئەیزانی هەرکام لەم دوو یەکیەتی یە چەندکەسی لەدەورە ، چونکە هەر چەند ڕۆژ جارێك یادداشتێك یا عەرزوحاڵێك بە ناوی یەکێکیانەوە لە ڕۆژنامەیەکی دیموکراتی وەك ( الاهالی ) دا بە چەند صەد ئیمزایەکەوە بڵاو ئەکرایەوە ، کە ئەتوانین بڵێین ژمارەی تێکڕای ئەندام و لایەنگرەکانیان بوو ••

( فەقێ ) یش ئەو سەردەمە وەك ئێستە نەبوون • هەر چەند کەسێکیان لە دێیەك یا لە



نووسینی محەمەدی مەلاکریم

مزگەوتێك لە مزگەوتەکانی شارەکاندا ئەژیان و ، خەڵکی ئەو دێیە یا خەڵکی گەڕەکی دەوروپشتی ئەو مزگەوتەی شارەکە نان و چێشتیان ئەدانێ و ، شەکر و چایشیان لەسەر دەوڵەمەندانی دێ یا گەڕەك بوو • بۆ کتێب و جل و بەرگ و خەرجیی گیرفانیش ، یا پشتیان بە کەس و کاریان ئەبەست یا ڕەمەزانان ئەچوون بۆ مەلاڕەمەزانی و سەر ـ فیترەیان وەردەگرت • بەهارانیش دوو ـ دوو بەناو خێڵ و دێهاتەکانا ئەگەڕان و ڕۆن و کەرەیان کۆئەکردەوەو ئەیانفرۆشت و کەلەبەرێکی ژیانی خۆیانیان پێ ئەگرت • خوێندنیشیان ، هەرچەند لەبارەی وردەکاری و زاخاودانی مێشکەوە پلەیەکی بەرزی هەبوو ، بەڵام بەپێی پرۆگرامێکی پاشماوەی کۆن و بە بێ هیچ جۆرە چاودێری و سەرپەرشتی یەك بوو • تەنها پەیوەندی یەکیان بە میری یەوە ئەوەبوو کاتێ کە ئەگەیشتنە سەردەمی سەربازی لە دائیرەی سەرباز گرتندا ناویان بە ( فەقێ ) ئەنووسراو ، هەموو ساڵێ لە پۆلێکی تایبەتیدا تاقی ئەکرانەوە تا دوانزە پۆلیان ئەبردەسەر • بەڵام مەرج نەبوو لە پۆلی یەکەمەوە دەس بکرێ بە تاقی کردنەوەیان ، چونکە بەپێی پلەی خوێندەواری یان ، لەکاتی بانگ کردنیاندا بۆ سەربازی ، پۆلیان بۆ دیاری ئەکرا •


لەو سەردەمەدا لە کوردستانی عێراق و

بەتایبەتی لە ناوچەی سولەیمانیدا کۆمەڵە فەقێیەك هەبوون پەیوەندییان بە پارتییەکانی جووڵانەوەی نیشتمانییەوە هەبوو • من خۆم یەکێك بووم لەوانە • ئێمە زۆرمان بیر لە باری ژیان و خوێندنی خۆمان ئەکردەوەو بەمایەی سووکی و سەرشۆڕیمان ئەزانی ئێواران ماڵ بە ماڵی ئاوایی و گەڕەك بگەڕێین بۆ نان چنینەوەو چێشت وەرگرتن و ، ژیانمان بەند بێ بە سەرفیترەی خەڵکەوەو پاشانیش ، کە بووین بە مەلا ، هیچ پاشەڕۆژێکی لە ڕابوردوو باشترمان نەبێ و ، جگە لەوەش خوێندنەکەمان هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە ژیانی سەردەمەوە نەبێ ••

ڕۆژێ لە ڕۆژانی دەمەو بەهاری ١٩٥٤ تاقمێکمان چووبووینە دەرەوەی شار (سولەیمانی) بۆ گەڕان و ، وەك هەموو جارێ باسی باری نالەباری ژیانی خۆمانمان ئەکرد •• باسی ئەمجارەمان وەك جارەکانی تر قسەیەکی ڕووت نەبوو بێ و بڕوا •• ئەمجارە بڕیارماندا کۆمەڵێك دانێین بە ناوی ( یەکیەتیی قوتابییانی ئایینی ) یەوەو پرۆگرام و پێڕەوێکی ناوخۆی بۆ ڕێكخەین • هەر ئەو ڕۆژە دوانمان لەناو خۆماندا هەڵبژارد بۆ نووسینی پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆ ، کە من خۆم یەکێکیان بووم • ڕۆژێکیشمان دیاری کرد بۆ لێکۆڵینەوەی پرۆگرام و پێڕەوەکە • تا ڕۆژی دیاری کراو ڕەوونووسی پێڕەوو پرۆگرام ئامادە کراو ، لە گردی سەیوان کۆبووینەوەو بەدرێژی لێی کۆڵینەوەو ، هەر دەس کارییەکی پێویست بوو کردمان و بڕیارمان لەسەر دا •

بیرمان لەوەش کردەوە کە چۆن فەقێکانی شار ئاگادار بکەین لە دامەزرانی ئەم یەکیەتییە بەجۆرێك کە ترسی ئەوەمان نەبێ هەواڵەکە بگا بە کەسێ کە لەوانە بێ لای پیاو خراپێك بیدرکێنێ •• لەئەنجاما هاتینە سەر ئەوە کە باشتر ئەوەیە ئەوەندی ژمارەی ئەو مزگەوتانەی کە فەقێیان تیایە دانەی لەبەر بنووسینەوەو ، هەر خۆمان لە شەوێکی جومعە یا سێشەممەو لە کاتێکی تایبەتیدا دابەشی کەین بەسەر ئەو مزگەوتانەدا •

مەبەستمان لە بڵاوکردنەوەی پرۆگرام و پێڕەوەکە بەوشێوەیە ئەوەبوو بۆ سبەینێی شەوی دابەش کردنەکەی بزانین فەقێکان ئەڵێن چی و ، کامیان لەگەڵمانن و کامیان لەگەڵمان نین •• بۆ سبەینێی شەوی دابەش کردنەکەی دەسمان کرد بە گەڕان بە مزگەوتەکانداو ، بووین بە بەشداری ئەو باس و خواسەی لەناو فەقێکاندا پەیدا ببوو • دیمان هەرایە ، هەرکەسێ شتێ ئەڵێ ، بەڵام ئەوەی لە هەموو لێکدانەوەیەکی تر بڵاوتر بوو ئەوەبوو کەوا کۆمۆنیستەکان بەیاننامەیان بۆ



فەقێ بڵاو کردووەتەوە • کەس بیری لەوە نەئەکردەوە کە ئەو کارە کاری ئێمەیە ، هەرچەند لەناو مەلاو فەقێکانیشدا تاڕادەیەك ناسرابووین و ناوێکمان لەسەر هەبوو • کۆنەپەرستەکانمان ئەوەیان بە هەل زانی بۆئەوەی ئەو کارە بدەنە پاڵ مامۆستایەکی تێگەیشتوو کە دەرزی حیساب و هەندەسەی لە مزگەوتەکەیدا بە فەقێ ئەوتەوە • ڕاستەکەی ئەو مامۆستایە هیچ ئاگایەکی لە مەسەلەکە نەبوو ، ئێمەش هیچمان لای نەدرکاند • هەرچەند پاکانەی بۆ خۆی ئەکرد ، سوودی نەبوو • بەجۆرێك بێزاریان کرد زۆری پێ نەچوو وازی لە مەلایەتی هێناو بوو بە پێش نوێژی سوپا ••

بێینەوە سەر باسی ئەنجامی دابەش کردنی پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆ •• لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا تێکڕا دەم و دووی هەموو فەقێکانی سلێمانیمان کرد ، تێی گەیشتین کێ لەگەڵمانەو کێ لەگەڵمان نییەو کێ خۆی لە قەرەی ئەم جۆرە کارانە نادا • ئەمجا ڕاستیی دامەزراندنی یەکیەتییەکەمان بەوانە وت کە بە دۆستمان زانین و ، هەرکام لە ئەندامانی دامەزرێنەری

یەکیەتی بەڕێوەبردنی چەند کەسێکمان گرتە ئەستۆ ..

وا پێمان نایە قۆناغێکی تازەوە . ئەمجار گۆڤارێکمان ئەوێ دەنگمانی پێ ڕابگەیەنین . بڕیاری دەرکردنی ( دەنگی فەقێ ) مان دا . زۆری پێ نەچوو ژمارەی یەکەمیمان بە ٣٠ – ٤٠ دانەیەك بڵاو کردەوە . ( دەنگی فەقێ ) مانگی جارێك لەسەر کاغەزی تەنكو بە کاربۆن ، وە وەك لەیادمە بە ١٦ – ٢٠ لاپەڕە دەردەچوو . لە هەر ژمارەیەکیدا چەند بەندێکی پرۆگرام‌و پێڕەوی ناوخۆمان لێك ئەدایەوەو ، کەلێك وتاری باسی گیروگرفتی ژیانی فەقێ‌و چۆنیەتی‌ی باش‌کردنی ژیانیان‌و وتاری سیاسی‌یشمان بڵاو ئەکردەوە . هەروەها شیعریشمان تیادا بڵاو ئەکردەوەو ، هەوڵمان تێدا دەدا بۆ نەهێشتنی ئەو لەیەك – نەگەیشتنە کۆنەی کە لەنێوان فەقێ‌و قوتابی‌یانی قوتابخانە تازەکاندا هەبوو . ئەوەبوو لە سەرەتای کردنەوەی قوتابخانەدا کۆنەپەرستان وایان بڵاو ئەکردەوە کە هەرکەس بچێتە قوتابخانە ( کافر ! ) ئەبێ . فەقێ‌یش سەردەمێك هەر لەبەرئەوەی کە قوتابی‌ی ئایینی بوون ، بووبوون بە هەڵگری ئەم بیرو باوەڕە چەوتە ..

وردە وردە ژمارەی دانەی نووسراوەکەمان زیادی‌کردو ، توانیمان بیگەیەنینە کەرکووك‌و هەولێرو کۆیەو خانەقی‌و هەڵەبجەش . بەڵکو لە کەرکووك دانەی تری لەبەر ئەنووسرایەوەو ، لقێکی ڕێك‌وپێکی یەکێتی‌یەکەمان دامەزرا .. لە هەموولایەکەوە نامەمان بۆ ئەهات‌و ، ڕێ‌و شوێنێکی باشمان پەیدا کردبوو .. لە هەندێ نامەدا بە ( کۆمیتەی ناوەندی‌ی یەکیەتی ! ) یان ناو ئەبردین ..

بۆ دەربڕینی بێزاری لە نیازی بەستنی پەیمانی تورکیاو پاکستان یادداشتێکمان دا کە ٦٣ فەقێ مۆریان کردبوو . بۆ داخوازی‌ی تایبەتی‌یش یادداشتێکمان دا کە لە ١١٥ فەقێ‌ی ئەو سەردەمەی سولەیمانی ١١٣یان مۆریان کرد . بێگومان ئەمە نیشانەی ئەوەبوو کە تاچ ڕادەیەك خواست‌و ئاواتی فەقێکانی‌ترمان دەرئەبڕی . ئەم یادداشتانەمان لە ڕۆژنامەکانی ( الاهالی ) و ( الاستقلال ) و (الجریدە )دا بڵاو ئەکرانەوە .

داخوازی‌ی تایبەتیمان کردنەوەی خوێندنگای ڕەسمی بوو لەو جەشنەی کە ئەمڕۆ لە هەموو – لایەکی عێراق‌و کوردستاندا کراوەتەوە بۆ فەقێ‌و ، داوای مانگانەمان ئەکرد بۆ سەردەمی خوێندن‌و ، دانانی پرۆگرامێکی نوێ‌مان ئەویست بۆ خوێندن‌و ، ئەمانویست پاش لێبوونەوە لە خوێندن لێمان بنێرن بۆ میسرو بمانگەن بە مانگانەخۆری میری .. کەڵێ مەبەستی‌تریشمان هەبوو لەم بابەتە ..

لقی کەرکووکمان مانی بە فەقێکان گرت‌و نەیهێشت بچنە تاقی کردنەوەی ساڵانەوە . لە ئەنجامی ئەوەداو بە هاندانی هەندێ لە مەلاکانی کەرکووك میری هێرشی بردە سەر مزگەوتەکان‌و کەوتە گرتن‌و ڕاونانی فەقێ ، کارێکی بەو بەدبەختانە کرد با بە دەواری شڕی نەکردبێ . لێرەدا جێی خۆیەتی باسی ئەوەش بکەین کە تاقمێك لە مەلاکان خەباتی فەقێکانیان بە لە ئایین لادان ئەدایە قەڵەم‌و ئەیانوت ئیمامی شافیعی خۆی بە نان چنینەوە خوێندنی تەواو کردووە !. ئەوانە ئیستا زوربەیان مامۆستای ئەو خوێندنگا ئایینی‌یانەن کە لەو سەردەمەدا ئێمە هەوڵمان ئەدا بکرێنەوەو لەم ساڵانەی دواییدا کرانەوەو ئامانجی تێکۆشانمانیان پێ‌هاتەدی ..

یەکیەتی‌ی قوتابی‌یانی ئایینی ، بەپێچەوانەی جووڵانەوەی ئەو ڕۆژەی قوتابی‌یان‌و بەڵکو جووڵانەوەی ئەمڕۆشیانەوە ، یەکیەتی‌ی هەموو قوتابی‌یانی ئایینی بوو . گوێی نەئەدایە جیاوازی‌ی بیرو باوەڕی سیاسی . هەڵکەوتووترین تێکۆشەرێکی لقی یەکێتی‌یەکەمان لە کەرکووك خوا لێ‌خۆش‌بوو ( مەلا مەجیدی دارۆخانی) بوو کە تێکۆشەرێکی پێشکەوتووی پارتی‌ی دیموکراتی کوردستان بوو . ئەم تێکۆشەرە جارێکیشیان هات بۆلامان بۆ سولەیمانی‌و بەدرێژی لەبارەی یەکیەتی‌یەکەمانەوە پێکەوە دواین‌و ، لە نەخشەی کارمان کۆڵینەوە . ئەم تێکۆشەرە پاشان بە دەردی سیل کۆچی دوایی کرد ..

مامۆستا ڕۆشن‌بیرە پێشکەوتووەکان پشتیان ئەگرتین . یەکێ لەوانە مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی بوو کە لە ڕۆژنامەی ( الاهالی )دا وتارێکی لەسەر نووسین‌و ، منیش وتارەکەم کرد بە کوردی‌و لە ( ژین )دا بڵاوم کردەوە ..

لە یەکێك لە ژمارەکانی گۆڤارەکەماندا نووسەرێك پێشنیاری کردبوو کە ئەندامانی یەکیەتی دەسکەوتی مەلا ڕەمەزانی‌ی ئەوساڵەیان ببەخشن بە یەکیەتی بۆ ئەوەی تایپێك‌و ڕۆنیۆیەکی پێ بکڕین‌و گۆڤارەکەمان بە چاپ بڵاو بکەینەوە .

لەو سەردەمەدا کوێرەکانی سولەیمانی‌یش کۆمەڵێکیان هەبوو ، گۆڤارێکیان بۆ دەرئەکردن بە ناوی ( ڕووناکی ) یەوە . جارێکیان داوایەکمان لەم کۆمەڵەوە بۆ هات کە شتێکی وەك ( بەرەی نیشتمانی‌ی یەك گرتوو ! ) پێکەوە بنێین ! ئەم کۆمەڵی کوێرانە خۆپیشاندانێکی بە کوێرەکان کرد بۆ لای موتەصەڕیف بۆ داوای مانگانە .



# دوڵەمەندترین کتێبخانەی جیهان

**لەشەقامی ـ رشیلیو ـدا کە ئەکەوێتە ناوجەرگەی پاریسەوە ، لە نیوانی ئۆپەراو کۆشکی پاشاییدا .. کۆشکێکی گەورە بەرزبۆتەوە لەوە ئەچێت لە سەدەی حەڤدەهەمدا دروست کرابێت . ئەم کۆشکە بە ـ کتێبخانەی نیشتمانی فەرەنسی ـ ناو ئەبرێت .**

**هەتا سەرەتای ساڵی ١٩٧٢ ، ئەم کتێبخانەیە ( ٢٥٠٫٠٠٠ ) کتێبی دەسنوس‌و (١٩) ملیون کتێبی چاپکراو وگۆڤاری هەمە چەشنەی تێدا دانراوە ، جگە لە کۆمەڵێك نەخشەو کتێبی موسیقاو مەدالیاو دراوی بەنرخ .**

سەرەتای دروست‌کردنی بە ساکاری دەستی پێ‌کرد . لە سەدەی چواردەهەمدا بە فەرمانی مەلیك شارلی پێنجەم دروست کراو ناونرا ـ کتێبخانەی پاشایی ـ و تەنیا هەزار کتێبێکی تێدا دانرا کە لە کۆشکی لۆفەرەوە هێنرابون لە پاشدا مەلیك شارلی هەشتەم و لویسی دوانزەهەم‌و مەلیك فرانسوا بایەخێکی زۆریان پێدا ، بەتایبەتی مەلیك فرانسوا کە فەرمانی ئەوەی‌دا نابێ هیچ کتێبێك بڵاو بکرێتەوە ئەگەر چەند دانەیەکی نەخرێتە ئەم کتێبخانەیەوە . ئەم فەرمانە وای کرد هەر لەو کاتەوە چەند کتێب بڵاوکرابێتەوە ئەم کتێبخانەیەی لێ بێ‌بەش نەبێت‌و وای لێ بێت لە سەدەی (١٨) هەمدا بیگوێزنەوە توتێلی کوبیف‌و شیری کە بناغەی ئەم کۆشکەی ئێستای کتێبخانەکەن .

لە پێشدا (٦) مەخزەنی کتێب هەڵگرتنی تێدا بوو ، بەڵام ئێستا بۆتە (١٢) مەخزەنی گەورە .

لە ساڵی ١٩٦٤ لە شەقامی ـ لۆفوا ـ بەشێکی مۆسیقاو لە مایسی ١٩٧١دا بەشێکی وێنەی فۆتۆگرافی‌ی تایبەت بە کتێبخانەکە کرایەوەو بریاریش وایە لە ١٩٧٥دا لقێکی تری بۆ بکرێتەوە کە ١٥٠٠ کورسی تێدا بێت بۆ خوێنەران .

ئەم کتێبخانەیە چەندەها کتێبی کۆن‌و بێ هاوتای تێدایە .. لەوانە : کتێبی پیرۆزی تایبەت بە مەلیك شارل شوف (سەدەی ١٩)

←

دیمەنێکی سەیریان هەبوو کە بەرەو سەرا کەوتبوونە رێ‌و گۆچانیان ئەوەشاند !! ئەمانە لە داواکەیاندا سەرکەوتن .


لە مانگی رەمەزانی ئەوساڵەدا (١٩٥٤) بەبۆنەی بڵاوە لێ‌کردنی فەقێکانەوە بۆ مەلا رەمەزاني ـ گۆڤارەکەمان ڕاگرت . پاشانیش بەهۆی گۆڕانی باری سیاسی‌و هەندێ شتی‌ترەوە پاش‌ئەوەی پێنج ژمارەی لێ دەرچوو یەکجاری وەستا . کۆمەڵەکە خۆیشی دامردەوەو ، ئەندامە چالاکەکانی بڵاوەیان لێ‌کردو ، پاش ماوەیەك منیش گیرام ..

یەکێتی‌ی قوتابی‌یانی ئایین‌و گۆڤارەکەی هەرچەند زۆر نەژیان ، بەڵام کارێکی گەورەیان کردە سەر باری ژیان‌و جۆری بیرکردنەوەی فەقێکان‌و ، سەر هەڵوێستی میری‌یش بەرابەریان ، هەر لە پایزی ئەو ساڵەدا عومەر عەلی دەیان مەلای کرد بە مامۆستای دەرزی ئایین‌و عەرەبي لە قوتابخانەکاندا ، بە نیازی دوور خستنەوەیان لە بیری شۆڕشگێري . فەقێکان خۆیشیان زۆریان ڕوویان کردە قوتابخانەی شەو‌و کەلێکیان چوون بۆ ئەزهەر بۆ خوێندن .. میری‌یش چەند جۆرە قانوونی یەك لەدوای‌یەکی دەرکرد بۆ ڕێکخستنی خوێندنی فەقێ ، تا ئەنجامەکەی گەیشت بەم ( مەعهەد ) انەی کە ئێستا لە گەلێ لای کوردستاندا کراونەتەوە .

ئەمڕۆش کە فەقێ‌کانی کوردستان زوربەیان لەسەر شێوەی نوێ ئەخوێنن‌و پاشەڕۆژیان تاڕادەیەك دابین کراوە ، ئەبێ بزانن ئەم دەسکەوتەیان ئەنجامی خەباتی برادەرەکانی پێشوویانە‌و ، هەر بە خەبات‌و یەك‌گرتن‌و شوێن‌کەوتنی بیرو باوەڕی شۆڕشگێری دەسکەوتی زیاتریان دەس‌ئەکەوێ‌و ژیانی ئەمڕۆو پاشەڕۆژیان باشتر ئەبێ .

ئەبێ فەقێکانی ئەمڕۆمان برای بیرو باوەڕی فەقێکانی ١٩٥٤و ، ڕۆڵەی باوکە جووتیارەکانیان بن کە بڕبڕە پشتی هێزی نەبەزی پێشمەرگەی کوردستان بوون ..

و چەندەها دەستنوسی بەنرخی وەك دەستنوسەکانی ( پاستۆر ) کە بۆ یەکەم جار لە مێژودا میکرۆبی دۆزیەوەو دەستنوسەکانی ( کۆری ) و ( مارسیل برۆست ) و دەستنوسی کتێبی ( فیکرەکان )ی پاسکال ٠٠ وە دەستنوسی کتێبی ( سەعاتەکانی ) نۆتردام کە لە سەدەی (١٥)دا لە بەرگ گیراوەو لە کتێبخانەی دوق ( خان بری ) یەوە خراوەتە ئەم کتێبخانەیەوەو لە پێش جەنگی یەکەمی جیهانیدا موریس رۆچیلد خاوەنی بوە ٠



کاتێك هێزەکانی ئەڵەمانیا فەرەنسای داگیر کرد ئەم دەستنوسە لەگەڵ هەزاران کتێبی تردا دزرا ، دوای ئەوەی ئەڵەمانیا شکاو هێزەکانی فەرەنسا چونە خاکی ئەڵەمانیاوە ئەفسەرێکی فەرەنسی بە رێکەوت لەژێر کورسیەکی ئیستگەی شەمەندەفەری برکتسگادنی ئەڵەمانیدا ئەم دەستنوسەی دۆزیەوەو جارێکی تر خرایەوە کتێبخانەکەوە ٠

ئەم کتێبخانەیە بە جیهانێکی گەورە دائەنرێت ، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر بە وردی رێكخراوە ٠٠ هەرگیز مرۆڤ تێیدا ون نابێت و بەبێ ماندوبون لە ماوەی چارەکە سەعاتێکدا چ گۆڤارو دەستنوسێکی کۆنی بوێت بۆی ئامادە ئەکرێت ٠

هەمو ساڵێك نزیکەی (٧٠) هەزار کتێبی تازە ئەخرێتە کتێبخانەکەوە ٠٠ پێش ئەوەی هەڵبگیرێت سەیر ئەکرێت و ئەوسا بلیتێکی تایبەتی و ژمارەی بۆ تەرخان ئەکرێت ٠ ئەم ئیشە لە تەنیا بەشێکدا (١٦٦) کەس ئەیکەن کە هەمو زمانەکانی جیهان ئەزانن بگرە هەتا زمانە نەبیستراوەکانیش وەکو زمانی توسیت و ویکور ، جگە لەوەی بۆ ئاسان بونی کاروباریان عەقلی ئەلەکترونیش بەکار ئەهێنن ٠

گرنگترین بەشەکانی ئەم کتێبخانەیە ، بەشی ئاڵوگۆڕی چاپەمەنیە لەگەڵ وڵاتانی تردا ٠٠ ئەم بەشە پەیوەندی لەگەڵ (٩٧) وڵاتداو ( ١١٥٠ ) دام و دەزگای بێگانەدا هەیە ٠ تەنیا لە ساڵی ١٩٧٠دا ( ١١٦١٢٩ ) پێچراوەی هەمە چەشنەی چاپەمەنی پێ گەیشتوەو ئەمیش لەلای خۆیەوە ( ١١٥٤١٥ ) پێچراوەی ناردوە بۆ دەرەوە٠ جگە لەوەی کتێبخانەکانی تری ناو فەرەنسا یان دەرەوە بۆیان هەیە کتێب و دەستنوسی لەم کتێبخانەیە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بخوازن ٠ بۆیە هەردەم کتێبخانەکە پڕە لە مامۆستاو قوتابی و زاناو پیاوانی سیاسەت٠

**کتێبخانەکە لە ( ٩ ) بەشی سەرەکی پێك هاتوە :-**

**بەشی ئاڵوگۆڕ ، چاپەمەنی ، پەخشنامەی دەوری ، دەستنوس ، مۆر ، نەخشە ، مۆسیقا ، مەدالیا ، دراو ٠٠ هەروەها ( ٦ ) بەشی تەکنیکیش :- بەشی پێشوازی ، کتێب وەرگرتن ، وێنەگرتن ، فروشتنی نمونە ، کارگەی چاپ و کارگەی پاراستن ٠**

هەمو رۆژێك نزیکەی هەزار کەس سەری لێ ئەدات و بەشی پێشوازی وەڵامی هەمو پرسیارێك ئەداتەوەو ئامۆژگاری و رابەری خۆی دەربارەی هەمو کاروبارێکی کتێب وەرگرتن و خوێندنەوە بە خوێنەران رائەگەیێنێت ٠٠ بەشی وێنەگرتن هەمو ساڵێك نزیکەی ( ٢٠٠ ) هەزار وێنەی فۆتۆگرافی ئەگرێت ٠

بودجەی ساڵانەی کتێبخانەکە ١٠ ملیون فرەنکی فەرەنسیە ٠ یەکێك لە مەرجەکانی چونە ژورەوەی کتێبخانەکە ئەوەیە ئەبێ ئەو کەسانە لە دەرچوانی زانکۆ بن یاخود ئەو زاناو نوسەرو رۆژنامە نوسانەبن کە بۆ لێکۆڵینەوەکان ئەبێت لە رێگەی باڵوێزخانەکانیانەوە بێت یاخود لەلایەن مامۆستایەکی زانکۆوە نێردرابن ٠

# چاوگی کۆنەوەبو لە زمانی کوردیدا

بەهزاد

مرۆڤ بۆ بە دەستەوەدانی پێویستێکانی قسەکردنو لەیەک گەیشتن ، لەماوەی بە کۆمەڵ ژیاندا ، زمانی داهێناوەو دروستی کردوە • لەبەر ئەوە لەگەڵ گۆڕانو گەشەکردنی ژیانی مرۆڤدا ئەمیش گۆڕاوە گەشەی کردوە • گەلێک لەو وشانەی ئادەمیزادی قۆناغی ژیانی سەرەتایی یا بەندایەتی کە بۆ لەیەکتر گەیشتنو ڕاپەڕاندنی کاروباری ژیان پێویستییان پێی بونو دای هێناون ، لە قۆناغی دەرەبەگایەتی یا سەرمایەداریدا کە پێش کەوتوترو گەشاوەترە ، کۆن بونو پێویستی پێیان نەماوە • لەبەر ئەوە بەرە بەرە لە بیری چونەتەوەو وشەی نوێو قسەی تازە کە پێویستێکانی ژیانی قۆناغی نوێ سەپاندونی کەوتونەتە سەر زمانو بلاوبونەتەوە •

فەرهەنگی کۆنی هەر زمانێک بگری ، رێکەوتی دەیانو سەدان وشە ئەکەیت کە نە لەسەر زمانی خەلکی ئێستاو نە لە نوسینیاندا نەماونو بەتەواوی کوێر بونەتەوە، لە کاتێکدا رەنگە لەو فەرهەنگە کونانەدا دەیان وشەی بیناو نەبینیو نەدۆزیتەوە کە ئێستا بەسەر زمانی خەلکەوەنو لە نوسینی رۆژنامەو گۆڤارو کتێبدا بەکار ئەهێنرێنو رۆژانە دوبارە ئەبنەوە ، چونکە ئەو سەردەمە نەبونو نەزانراون •

◆

تیرو کەوان ، گورزو ڕمو تەورزین ، شمشێرو خەنجەرو زەرگ ، زرێو مەتاڵ کەمەند ••• تاد ئەمانە ماوەیەکی دورو درێژی ژیانی ئادەمیزاد چەکی تازە داهێنراو و بەکاری سەردەمی خۆیان بون ، کەچی ئەمڕۆ بە دەگمەن یەکێک ئەدۆزیتەوە بزانێت زەرگ چی بوەو چۆن بوەو بۆچی بەکار هێنراوە ، چونکە کۆمەڵی ئێستا پێش کەوتوترەو پێویستی بەو چەکو تفاقە جەنگیە کۆنانە نەماوە کە کەلکی هیچی ناگرن • ئیتر مەگەر خەلک لە سەردانی مۆزەخانەیەکی جەنگیدا ، یا لە کاتی پێداچونەوەی فەرهەنگێکی وشەی زماندا بەرچاوی بکەوێتو بیبینێتو بیری بکەوێتەوە

لەبەرئەوە تەنانەت ناوەکەیشی وردە وردە کوێر ئەبێتەوەو بەسەر زمانی خەلکەوە نامێنێت •

◆

کوێربونەوەو بیرچونەوەی هەندێک وشەو زاووزێ کردنو داهاتنو گەشە کردنی هەندێکی تریان ( فینۆمینا ـ ظاهرە ) یەکی زمانەوانیە لەگەڵ پەیدابونی زماندا ئەمیش پەیدابوەو کاری خۆی کردوە • ئەدەبی نوسراوو تۆمارکردنی فەرهەنگی وشەکانی زمان ئەگەرچی تا ئەندازەیەک پارێزگاری مانەوەو چەسپینی وشەی زمان ئەکەن لەگەڵ ئەوەشدا هەر نەیان توانیوە ڕێگا لەم فینۆمینایە بگرن •

زمانی کوردیش وەکو هەمو زمانێکی تر بەر ئەم فینۆ مینایە کەوتوە بەتایبەتی کە هونەری نوسینەوەی فەرهەنگی وشەو تۆمارکردنی زمانی لە کوردیدا شتێکی نوێیە • زۆر وشە بێ سەرو شوێن بزر بونو هیچ شوێنەوارێکیان لەپاش بەجێ نەماوەو هەندێکی تریشیان خەریکن کوێر ببنەوەو لەبیر بچنەوە ، ئیتر سایان بەهۆی دەرهاویشتنیانەوە لە زماندا سەبارەت بە نەمانی پێویستی کۆمەڵ ، ویاخود بە هۆی نەنوسینەوەی فەرهەنگی زمانو زاڵبونی زمانو سەقافەتی پێشکەوتوتری گەلانی کەوە بوە •

هەندێک لەو وشانەی کە بەرەو کوێربونەوە ئەچن چاوگن ، جا لەبەر ئەوەی کە مانەوەو گەشە پێدانی چاوگ یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی گەشەکردنو دەوڵەمەن بونی زمانی کوردی بۆیە ئەم باسە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنو تاوو توێ کردنە(١) .

◆

مەبەستمان لە چاوگی کوێرەوەبو ، وشەیەکی لە بنچینەدا خۆی بە روتی ، بەبێ یارمەتی هیچ وشەیەکیتر ( چاوگی یارمەتی دەر یا پێشگرو پاشگر ) مانایەکی تەواوو سەربەخۆی هەبوە ، وە لە رستەدا بۆ دروست کردنی زەمانە جیا جیاکانی فیعل ، لەسەر ڕێو شوێنی شکاندنەوەی چاوگی کوردی ئەمیش شکێنراوەتەوەو فیعلی جۆراو جۆری لێ دروست کراوە . بەڵام لە زمانی ئێستەی نوسیندا یا لە قسەکردنو ئاخاوتنی خەلکدا گۆڕراوەو بە شێوەی بنچینەیی جارانی خۆی نەماوە .

ئەتوانین چاوگی کوێرەوە بو بە گشتی لە دو پۆلی سەرەکیدا کۆبکەینەوە

● **یەکەم ـ ئەو چاوگانەن کە خۆیان کوێر بونەتەوە یا بەرەو کوێربونەوە ئەچنو تەنیا ناویان لێ بەجێ ماوەو ئێستە بەیارمەتی چاوگێکی یارمەتیدەر فیعلیان لێ دروست ئەکرێت ئەمانەش دوو چەشنن :**

**یەکێکیان ـ هی دروستکردنی ناوی دەنگن وەکو :**

**پڕمە ، کۆکە ، ناڵە ، زیرە ، زریکە ، نرکە ، قیرە ، قیژە ، قاسپە ، پرمە ، لورە ..**

زمانی کوردی تا ئەندازەیەکی زۆر دەوڵەمەندە لە چاوگی دروست کردنی دەنگدا ، ئیتر چ دەنگی جۆراو جۆری مرۆڤ ، یان هی ماڵو دەعباو ئاژەڵو وڵاخو ئاو و باو هەور .. تاد ئەمەیش رەنگە پەیوەندی هەبێت بە سروشتی کوردستانو (طابعی) کشتوکاڵیو دێهاتیی کۆمەڵی کوردەوە . جا ئێستە ئەم ناوانە بە دوو جۆر بەکار ئەهێنرێن لە رستەدا جۆرێکیان ئەوەیە کە خۆی ئەکرێتەوە بە چاوگ وەکو : پڕمین ، کۆکین ، ناڵین ، زیراندن ، زریکاندن .. وە خۆی ئەشکێنرێتەوە بۆ دروست کردنی کاتە جیاجیاکانی فیعل ، ئەمەیان زۆر کەمبۆتەوە بەتایبەتی لەناو خەڵکی سادەدا ماوە کە بە سەلیقەیەکی تەواوەتی سادە وشە بەکار ئەهێنێنو هێشتا نفوزی زمانانی بێگانە کاری تێ نەکردون ، جۆرەکەی تری بەکارهێنانیان لەگەڵ چاوگی یارمەتیدەردایە وەکو : پڕمە کردن ، کۆکە کردن ، ناڵەکردن ، زیرەکردن ، زریکەکردن .. تاد بێگومان ئەمە ڕێگەیەکی چەوتەو زمانی کوردی بەرەو لات بونو هەژاری ئەبات .

**دووەمیان ـ ئەو چاوگانەن کە ناویان لە پاش بەجێماوە وەکو :**

**سیس ، درز ، فریو ، دزی ، نەخش ، پرس ، خوڵ ، گەش ، جوڵە ، رەنگ .. کە ئێستا لە رستەدا بە یارمەتی چاوگێکیتر فیعلیان لێ دروست ئەکرێتو ئەوترێت :**

سیس‌بون ، درزبردن ، فریودان یا فریوخواردن ، دزیکردن ، نەخش‌کردن ، پرس‌کردن ، خوڵ خواردن ، گەش‌کردنەوە ، جوڵەکردن ، رەنگ کردن ... تا ئیستەش ژمارەیەکی زۆری چاوگەی ئەم ناوانە بە شێوە بنچینەییەکەیان لەناو هەندێک هۆزو خێلی کوردا ماوەتەوەو بەبێ چاوگی یارمەتیدەر بەکار ئەهێنرێتو ئەڵێن سیسان درزین یا درزان ، ( هەڵ ) فریواندن ، دزین ، نەخشین یا نەخشاندن ، پرسین ، خولانەوە ، گەشانەوە جوڵان ، رەنگاندن ..

● **دوەم ـ ئەم چاوگانەی روت ناکرێنەوە لە پێشگرو پاشگر ، ئەم چەشنەیان هەر لە شێوەو روخساری چاوگدا لەو روەوە کە بەپێی ڕێو شوێنی ئەو چاوگانەی پێشگرو پاشگریان لەرستەدا ئەچێتە سەرو بۆ**

دروستکردنی فیعل ئەشکێنر-
ێنەوە ، بەلام ئەم چاوگانە ئـەو
پێشگرو پاشگرانە بـــە جۆرێکی
ئەوتۆ کەوتۆتە تەکیان کە ئەگەر
لێیان روت بکرێنەوە ئیتر مەعنای
تەواوو سەربەخۆیان نامێنێـــتو
شتێکی ئەوتۆ ناگەیەنن پیاو لێیان
تێبگات . بێگومان ئـەم وشانە
لـــە بنچینەدا سەربەخۆ بونو
خۆیان بە جیا خاوەن مەعنـــای
تەواو بون .

بۆ وێنە وا هەندێک لـــەو چاوگانە ئەنوسین کە بێ پێشگر مەعنایان نیە :

● هـــەڵ ـ واســـین ، هەڵ ـ ســـان ، هەڵ ـ زنـین ، هەڵ ـ هێنجان ، هەڵ ـ قوڕان ، هەڵ ـ قورتان ، هەڵ ـ قرچان ، هەڵ ـ قوتـین ، هەڵ ـ لوشین ، هەڵ ـ توتان ..

● را ـ چەنین ، را ـ پسکان ، را ـ چلەکین ..

● دا ـ مـــەزران ، دا ـ پلۆخـــین ، دا ـ پلۆسین ، دا ـ چەکـــین ، دا ـ فەتین ، دا ـ فرەقان ..

● دەر ـ فرتـــان ، دەر ـ پۆقین ..

● وەر ـ چەرخان ..


● تێک ـ سمڕان ..

ئەمەش چەند نمونەیەک لـەو چاوگانەی بێ پاشگر مەعنـــایان نیە .

چەوسان ـ ەوە ، حەسان ـ ەوە ،
پوکان ـ ەوە ، بەشین ـ ەوە ،
قۆستن ـ ەوە ، گواستن ـ ەوە ،
لستن ـ ەوە ، ماشین ـ ەوە ،
ڕازان ـ ەوە ، شەکین ـ ەوە ،
چکان ـ ەوە ، چوزان ـ ەوە ،
بوژان ـ ەوە ... تاد .

---

(١) ئەمە بەشێکە لەو باسەی کە بەناوی ( لێکۆڵینەوەی چاوگ لە زمانی کوردیدا ) ئامـــادەم کردوە .



# نانی خوێناوی

**کاوس قفطان**

ماوەیەکی درێژ بو نەچوبومـەوە سەرەوە ، بەلام رێک کەوتو بـۆ چەند رۆژێک سەرم لێدایەوە ! شەر لە پشودانەدا بو ، سروشـتی بێباکیش ئاگــرو دۆزەخـــی کوشـــتاری لەبیرچوبۆوە ، وەک ئافرەتێکی بێخەم تارای خۆرازا- ندنەوەی پۆشیبو . هەتا بەردو زیخەکانیش ئەوە ئەچو بە بۆنی سروشت کەوتبن هەر لە جۆلەو خرۆشاندنا بون ، هەمو شت وا ئەهاتە بەر چاو نیـــازی ئەوەی هەبێت کاژێـــــک فرێ بداتو بەرگێکی نوێ لەبەر بکات .

لەگەل چەند برادەرێکدا بـــە دمەتەقێ ئەو رێـــگا سەختەمان ئەبری . باس هەر باسی شـــەر وەستاندنو دوارۆژ بو . هەروەکو چۆن لەهەمو شوێنێ ئەم باســـە خوێی چێشت بو ! لەشاییدا ، لەشیندا لەسەر هەمو زمانێـــک بو ! لە پەنای سێبەری گردێکدا ، لەناو پەلە گژوگیایەکدا لەگـــەل دەستەیەکی تردا یەکمان گرت . زۆربەیانم ئەناسی . هەر دانیشتمو دانەنیشتم یەکێکیان کە حـــەمە رەش ناوبوو کۆنەپێلاو درو بو ، بە تەوسەوەو زمانێکی پڕ خەشمو گاڵتەوە ، پەنجەی بۆ راکیشـــامو وتی :

**ـ بەلێ ئەم کوڕە باشـــەش دیموکراتێکی مرۆڤ پەرستە .**

وەکو قالبێکی سەهوڵ بدەن بە تەپلی سەرما وەهابو ! چـــاوی ساردی توڕە وەکو مێخی پۆلا بـــە لەشو گیانما خۆی دائەکوتا . لەوە ئەچو شتێکی نەدیو و نەناسراویان بەدی کردبێـــت . پەنجـــەی شلەژاوی و حەپەساوی دەمـــاری توند گوشیم .

**– ئێ ، وا منیش لوتم بو بە لوتی ئەوانەی هەمیشە دەنگیان هەبو رەنگیان نەبو •**

ئەمەم بەخۆم وت و هاتمەوە سەرخۆم و دانم بە خۆما گرت • بە رویەکی خۆشەوە بۆیان خنامەوە ، روم کردە حەمە رەش و وتم :

**– باشە برا ، من ئەوەم کە فەرموت ، بەمەش گاڵتەبازی یەکەتم پێ برا ، بەس خوا بۆ هەموان بتهێڵێت ، ئیتر نالێیت تۆ چیت هەتا شانازی هەڵگریت •**

مرەیەکی لێ هەستاو وتی :

**– وەکو تۆ نیم ، ئەمەش بەلای منەوە بەسە شانازی پێوە بکەم •**

سەرو پۆتەلاکی بەسەری پەنجەی تەکان و دوایی بای‌دا ، چاوێکی داگرت و دایە قاقای پێکەنین ، خێرا خێراش چاوی لەمنەوە بۆ ئەوان ئەگێڕا بەو نیازەی ئەوانیش بخاتە پێکەنین • کە دی دەمی هەمویان قایم کلیل درابو . جا لەبەر ئەوە بێت وەڵامەکەیان بە دڵ نەبوبێت یان چونکە ئەیانناسیم و هێشتا نیمچە شەرمێکیان لێ ئەکردم ، ئەوە نازانم ، شانی نارەزایی هەڵتەکان و تەپەدۆزیکی خستە سەر دەمی • گۆڕستانێکی خامۆشم هاتە بەرچاو • هەر یەکە بە بێدەنگی یاری بە گزوگیا ئەکرد ! هەلێکی باش بو بۆم هەلکەوت • بەپێی توانا وتاریکی پوختەی رازاوەم بۆ وتن • ئەوە ئەچو هەمویان گوێیان بۆ شل کردبم ، تەنانەت هەتا حەمە رەشیش چاوی لەدەمم چەقاندبو و سەری بۆ ئەلەقانم ، دەمیشی بستێک کردبۆوە ، بە رادەیەک سەری خۆی پیا ئەچۆ • نەم زانی ئەمەی بە راستە یان بە گاڵتەیە ، بەس بەلامەوە پەشم بو ، حەمە رەش و گاڵتەو گوێ گرتنی با خۆراکی مارو مێرو بێت ، ئەوەی لام گرنگ بو سەرنجی رائەکیشام عەزەی خەیات بو ! لە کونەوە ئەمناسی ، بەسەر چل سالیدا بازی دابو ، خوا هەڵناگرێت ماوەیەکی درێژی ئەو تەمەنەی لە کۆڕی خەباتدا بردبوە سەر • هەرچەندە سەری بە قوتابخانەدا نەکردبو ، بەلام خۆی فێری نوسین و خویندنەوە کردبو ، لەوانەبو کە بە دەستی خۆی خۆی دروست کردبو ! بێگومان نەشبو بلێیت عەزەی خەیات تێکوشەرو دڵسۆز نی‌یە ! سالێک پتربو نەمدیبو ، لال سەیربو لە کۆڕێکدا ببینم کە نە بیرو باوەڕیا پێیانەوە نالکێت • تەنانەت کە ئەدوام هەمیشە روم ئەکردە ئەوو وەکو بمەوێت رازو گلەییم بەو بکەینم • وەکو هەستی بەمە کردبێت بە دەگمەن سەری بۆ هەڵ ئەبڕیم ، هەر خەریکی قەنەزمەی تفەنگەکەی بو بێوچان دەستی پێدا ئەهێنا وەکو سەری منالێکی ساوابێت • زۆر لاوازبوبو رومەتەکانی لە تەنەکەیەک ئەچون بەرچەکوش کەوتبن • چاوەکانیشی شێتانە ئەجولانەوەو بە قینێکی شاراوە ئەبریسکانەوە ! بە جۆرێک گوڕابو نەئەناسراویەوە لەوە ئەچو پارچەیەک گۆشت و ئێسقان بێت بە سریشی رق بە یەکەوە نوسینرابێت • لەپڕ کەوتە قسەکردن ، هێواش ، بەلام رق و کەم چیکلانەیی ئەیلەرزان و گڕی کردبو • !

**– برالە ئەوە ئەلێیت چی • بەو رادەیەش گەوج نین وەکو بە خەیاڵتا دێت •**

**ختوکەیەکی تری بە قەنەزمەی تفەنگەکەیدا هێناو لەسەری رۆیشت :**

**– قسەو وشە •• هەتا هەتایە ئەبێ هەر وشەو قسە ببیسین و ببیسینەوە ! ئەمەمان لە چارە نوسراوە ! ئای کە ناخۆشە ! قسە زۆرەو کەمی بەکارە ، زۆرمان دی •• ئەوەی دیشمان باوەڕ قایم ناکات • چییان پێ نەکردین ! ها ••! دەستیان لێ گرتینەوە ؟ بەزەییان پیامانا هاتەوە ؟ ئەوە خۆت و خوای خۆت بلێ ئا •• یان نا ! بەس چییان بۆ کردین • ئا •• رەنگە بلێیت جارێ هیچ ، بەلام من ئەلێم یەک شتیان بۆ کردین ، بەلێ یەک شت ، فێریان کردین •**

پەنجەیەکی هیلاکی بە لاجانیدا چەسپان • لە سەری رۆیشت :

**– قسەکانت هەموی بەجێیە ، هی کتێبە ، بەلام قسەی روتن و هیچی تر • قسەش کەی چۆتە گیرفانەوە ؟ قسەمان ناوێ ، با بیر لە خۆمان بکەینەوە تەنیا لە خۆمان و ئەو بیرکردنەوەیەش بکەین بە کردەوە !**

بۆ یەکەم جار چاوێکی ئاگرینی بۆ هەڵبڕیم :

**– ئەبێ بە تەنگ خۆمانەوە بین ، چونکە کەس بە تەنگمانەوە نی‌یە • لەم جیهانە وروژاوە کەس نایپەرژێتە سەر یەکێکی تر !**

هەستم کرد کە دەرونی ماڵەو ماڵ ئەبێ برژێت !

**– هەتا ئەمڕۆ هەرچی هات و هەلشکان دەستی نایە بینمان و خستی‌یە خوێنمانەوە وەکو ئاو بێت بێ بەزەییانە ئەیڕشت! ئەم لەخۆ بایی و لەخوا نەترسەش ، راستە دەستی هەڵگرتوە بەلام بۆ هەل ئەگەڕێت ، هەر چنگی کەوت پێستمان ئەگورێت ! پانە •• ئەو بیر لە ناوبردنمان بکاتەوەو ئێمەش بە وشەی زل فو بکەینە خۆمان و هەلخەلەتین •**

دەستێکی قایمی دا بە قەنەزمەی تفەنگەکەیداو جگەرەیەکی تورپ داو وتی :

**– هەمو گوناه بارن ، گەورەو بچوک تاوان بارن ، ئەوەی ئاگر ئەکا بە گەرماو گوللە ئاژنم ئەکات ، بە قسە خۆوی بە دۆستم دائەنێت • ئێ بەلکو ئێمەی ساویلکە لە خشتە بەرێت • ئیتر تۆ ئەلێیت چی ! گوێمان دەمێکە بەم وشانەت ئاخنراوە ! جێگا نەماوە ! ئای واللە ئەمەیە گەوجێتی !**

بـــۆ یەکــــەم جـــار لێوەکانی بە زەردەخەنەیەکی تاڵی وشکی پڕ گاڵتە کرایەوە !

ـ ئەی ئێمە هەتا کەی ئامادە بین مێروولەی ئەم سەرزەمینــەش بپەرستین و بەسەریا هــەڵدەین ! بەس کێ ئێمەی بـــە فلسێک کڕیو ئەکڕێت ·

ئاگری بن کا ، چەکەرەی دەردا ، حەمە ڕەش بو بە کەڵەشێری سەر بارە دارو وتی :

ـ بە ئیمانم ڕاســت ئەکات ، کەس ماڵی ئێمەی وێران نەکــرد ئەمانە نەبێت ، ئەمانەی سەرومڕ لەسەر چەورەکانی شار ئەکەن ؟

وا دیاربو چەند شلە شارییەك لەو کۆڕەدا هــــەبو ، بۆیە بــە خێسەوە تێیان ڕوانی و یەکێکیان وتی :

ـ هەبێت و نەبێت ئەمەت لــە یەکێکەوە بیستوە ئەگینا بێ‌فەڕی وەکــو تۆ شتی وای بــە دەمدا نایەت ·

ـ من ؟ دەســا سێ بە سێ تەڵاقم کەوتبێت ئەم ···!

ـ کوڕە ناپیاو کەی تۆ تەڵاقت هەبوە !

ـ من تەڵاقم نییە ؟·· دەیسا ئەمجارەش هەر سێکی کەوتبێ ئەگەر ···!

ـ بەسە ناشیرین ، تۆ کــەی پیاوی ئەوەیت ئافرەت لوتت پیا داژەنێ ·

چاوی حەپەساوی بـــە دەوری خۆیا ئەسوڕانەوە بە دەنگێــــکی خنکاوەوە وتی :

ـ هەر ئەمەم‌کەم‌بو ! ئەمجارەش ئەکەمەوە ···؟

ئەختێر بواریان نەدا · دەنگێك بەرز بوەوە وتی :

ـ لێی گەڕێن ، ئەگەر بایەخی وتەکانی وەکو تەڵاقەکــــەی بێت ئەوە باهەر چەنەی‌خۆی بدات !

حەمەڕەش بەجارێك قسەکردنی مڕ بە سێ تەڵاق دا ·

ئەم قسانە ئەختێك تەمی سەرز دڵناخۆشی تەنییەوە ، بەڵام کاکەم بە پێچەوانەوە هێندەی‌تر قارس‌بو ! لا لێوو لاچانی وەکــو پیا بکێشی ئەجوڵا · ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوەبو ئەم قینە سەختە تاڵە لــە بای چی ! وشەکانی لەوە ئەچون لە کورەی ئازاردا قاڵ درابن لــە دەروونییەوە وەکو کڵوی ئاگــری سوری داغ دەر ئەپــەڕین · تۆ بلێیت ئازار هەست و گیانی بـە یەکەوە شــیلابێت ؟ ئازار کــە گۆشت و پێســت و بگرە هــەتا ئیسقانیشی گرتەوە و پیـــا چزا چارەسەری هەیە بەڵام کە تێکەڵاو بە هەست و گیان‌بو ··· مەترسی لەوەدایە ! لەم لێکدانەوەیەدا بوم کە زۆر بە ساردی و هێواشی وتی :

ـ هـا برام بـە کورتی دای خۆمانت بخەمە مستەوە · لای ئێمە ژیان ، بیرو باوەڕ ، هەرچی شتێکی بەنرخ و پیرۆز هەیە تەنیـا کوردو کوردستانە ! لـەم دو وشــەیە بەولاوە هەرچی هەیە لای ئێمــە نییەو قسەی پوچە ·

هەستم کرد کە وشەی «خوزگە»م بە پاز ، دەرمانێکی باش نییە بۆ دوارۆژ ، با هەر سەرم داوەشێنم ، هەتا ئەبێتە پاڵکە · یا هەتا ئەو ساتەی ژیان خۆی دەری ئـەخات گەورەترین مامۆستایە ·

سەری بە جۆرێك دانەوانەبو ، ئەوە نەبو چەناگەی بە سنگییەوە ئەنوسێت ، لە گزوگیــا بەولاوە هیچی تری نەئەدی ، ڕەنگە خۆشی حەزی بەوەکردبێت لەوانە بەولاوە هیچی‌تر بەدی نەکات ! لەپڕ وتی :

ـ تەنیا دو کوڕم هەبو !

بە جۆرێك ئەمەی وت وام زانی لەو بەولاوە کەســی‌تر دو کوڕی نەبوەو نییە !

ـ با لە نوکەوە بۆت بگێڕمەوە · ڕۆژە ڕەشەکەبو ، هێرەشــــەکە هێندە ڕێك‌خراوو کتوپڕ بو لــە فلیمێکی سینەمای ئەکرد ! کاتێك خەڵکەکە هاتەوە ســـــەرخۆی ، لاشەی کــەوتو ، خوێنی ڕژاو ، دەرگای شکاو ، دیواری ڕوخاو ، بەسەر یەکدا ترشابون ، نمونەیەکی ڕاســــتەقینەی مرۆڤایــەتی سەقەت‌بوبو ·

هەتا ئەو ساتە هــــەر دیوی خەتەکــــەم دیبوو بەڵام وا ڕوی شێرەکەشم دی ·

ئەوەی توانی هەڵات و ئـــەوەی نەشی توانی دەرگای لەسەر خۆی داخســـت ، چاوەڕوانی مردنی ئەکرد · هی‌تریش هەبو بڕیاری دابو تا نەکوژرێت نەیەڵێ زەفەری پێ بەرن ·

لــە هەمو لایەکــەوە هاوارو نرکەبو بەرز ئەبۆوە ، تێکەڵاو بە قیژەو زریکەی ترس و ئازار ئەبو لەگەڵ ناڵەی شەستێردا بەیەکا ئەچون و لەیەك ئەئالان ، ئاوازێکی ناقۆڵایان پێـــك ئەهێنا ، هــەتا سروشتی پڕ لــە هــەزار ئاوازی ناساز گوێی بەقیژەوە لەو ئاوازە نەناسراوە ئەگرت ·

هەرچەندە یەکێك بوم لەوانەی سەرم بە پارە ئەکڕاو نرخێــکی وەهای بۆ دانرابو هێندێ جار خۆم تەماع دای ئەگرتم ، بــەڵام بە جێگاو شوێنم نەئەزانرا · سەرەڕای ئەمەش خوێنم بڕواو ســـــەرم گەرم‌بو ، تەکانم دایە خۆم بــەو نیازەی بچمە دەرێ ، بەڵام دایکی منداڵەکان خۆی پیـــا هەڵواسیم و ڕێگای نەدام و ئەبوت :

ـ بۆ کوێ ماڵ کــاول · تۆ یەك و ئەوان هەزار ، چەکی تۆو ئەوان لــە کوێ ! ڕاستی کرد · ناچار دانم بە خۆما گرت · بەرە بەرە تەق و هوڕ کزبو ، گرو کفی خوێن ڕشتن هێواش بۆوە ، لەوە ئەچو خۆشیان تاقەتیان لـــە کوشتن چوبێت · قــەت بڕوام نەئەکرد ئادەمیزاد هێندە دڵڕەق و دڕندە بێت ·

وەکو ئەم قسانە هیـــلاکی کردبێت پاش پشودانێك لەسەری ڕۆیشت :

ـ ماڵەکەمان لە کۆڵانێـــکی فراواندابو ، ئەیڕوانییە ســـەر شەقامەکە · کوڕە گەورەکەم کە

**نۆ سالآن بو ، پێش تەقە نارد بۆ ماڵە دراوسێیەك کە لەسەر سوچی کۆلآنو شەقامەکەبو ، بۆ ئـەوەی نانمان بۆ بهێنێ • برا بچوکەکەی کە حەوت سـالآن‌بو وڕکی گرتو وازی نەهێنا هەتا لەگەڵیا چو • لەگەڕانەوەیاندا تەقە دەستی پێ کرد • هەتا تەقە کزبو بە جوتـە بە دزی‌یەوە هاتنە دەرێ •**

**لە درزی دەرگاکـەوە سەیرمان ئەکردنو هەرچـەندە ترس دڵی دائەلەرزانین بەلآم دڵخۆشی خۆمان بەوە ئەدایەوە کە ماوەکە نزیکەو هەتا جروجانەوەرو خێوو جنوکە لاقەی منال ناکەن چجا مرۆڤ • تەنیا لە گوللەی وێل ئەترساین •**

**ترسەکە ئەوەندە سامناك بو ، لە ساتیکدا ئەو دو منالەی فێری ئەوە کرد کە پێش ئەوەی هەنگاو هەڵبێنن چاویك بە دەورو پشتی خۆیانا بگێڕن • هـەر ئەوەندەی دڵنیا بون بەرەو ماڵەوە بە راکردن هاتن • هێشتا لە ناوەڕاسـتی ڕێگادا بون کـە دو شەست تیر بەدەست لەو سەری کۆلآنەکـەوە بە ئامادەییەوە وەستانو تیـان خوڕین :**

**ـ راوەستن •• بۆ دواوە •**

**لە جێگای خۆیان چەقین نەك لە تێگەیشـتنەوە بەڵکـو لەترسو تۆقاندنەوە ، ئای لەترس وەکـو برسیتی ماڵوێستایەکی گەورەیە • ئەوەی تامی برسـێتی نەچێژی‌و ترس نەیلەرزێنێ لە ژیان ناگات • کەوتنە جولآن ، ئێمەش قەلـەمی ئەژنۆمان شکا ، وەکو دو شێریان بـە گیر هێنابێت ، شەست‌تیرەـ کانیان رائەوەشانو ئەیانوت :**

**ـ باشـە ، پێویستتان بـە فێرکردن هەیە ••• زۆر ئاسانە •**

**وەکو بڕیاری شتێکیان دابێت، هەردوکیـان ئاوڕێکی خێرایان دایەوەو بەرەو ماڵەوە تێیان تەقاند تا خۆیان فرێ بدەنە باوەشـی دایکو باوکیانەوە ، ئەو شوێنەی لای منال بێ‌ترس ترینو نـەرمو شل‌ترین شوێنە لە ژیانا • هەر لەو ساتەدا تەقەی شەست‌تیر بەرز بوەوە ، گوللە لە قاچە ساواکانیان خێراتر بو ، هەردوکیانی قۆستەوە، وەها تاسابوم هەستم بەبونی خۆم نەئەکرد بـەلآم چاوی نەعلـەتیم وازی نەئەهێناو هەمیشە ئەیبینی•**

هەناسـەیەکی بۆچروکـاوی هەڵکێشـا • ئازاری دەرون بـە کونکرێت داپۆشە هەر سـەر ئەهێنێتە دەرێ جا با لە هەناسەـ یەکیشدا بێت •

چاوی راستی بە توندی ئەتروکا بە جۆرێك وام زانی باوەشـینی دڵۆپی فرمیسکی قەتیس ماوی ناو چاوی ئەکات ، هەتا بیکاتە تەمو هەلم پێش ئەوەی بێتە خوارێ • بە لێویکی وشكو رویەکی رەش‌ـ داگەڕاوەوە وتی :ـ

**ـ ماوەیەکی کورت ئەم قاچو ئەو قاچیـان کرد ، چاویان بـە پرسـیارێکی سـادەی بێ وەلآم کردەوە ، وەکو گەڵایەکی وشك بن لەبەر رەشەبایەکی شـێتدا ، بێ هاوار ، بێ زریکە کەوتن • سەری کوڕە گەورەکەم کەتو بەسـەر ئانەکـانداو تك تك خوێن لـە دەمی‌یەوە ئەرژایە سەری ، هەرچی کوڕە بچوکەکەمە ، کەوت بەسەر کاکیاو پەنجەشی بەرەو ماڵـەوە راکیشابو ، وەکو بڵێ « ماڵەکەمان ئەمەیە •••• » •**

**ویستم دەرگاکە بەدان داکرۆژم بەلآم بەرچاوم تاریك بو، وکەوتم•**

ئارەقێکی باشی کردبۆوە ، تاشە بەردە زلحۆرتەکانی دەوروپشـتمان سەریان لە گژوگیاکانەوە دەرهێناـ بو وەکو بیانەوێ گوێ لەم باسە بگرن ، رۆژیش بـە تیشـکێکی کزۆلەی لاوازەوە جیهانی گرتبوە باوەش ، وەکو ئەویش تاقەتی لەم رودوانەی ژێر باڵی چوبێت ! لەو لاشمانەوە ، گایـەکی رەقەڵـە ئەلـەوەڕی‌و جاروباریش بـە حەپەساوی‌و چاوێکی گیلەوە تێی ئەڕوانین لەوە ئـەچو بۆ شتێکی ون‌بو بگەڕێت • عەزەی خەیاتیش ناوچەوانی سڕی‌و لەپڕ هەستایە سەرپێ‌و چاوی بستێك کرابۆوە، لە ناکاوا بە گرمەوە وتی :

**ـ بۆ ئاخر •• بۆ ؟**

ئەم وشە بچوکانە وەکو بەردی زل بن دران بەسـەرما ، پێش ئەوەی وەلآمی بدەمەوە، تفەنگەکەی هەڵگرتو وتی :

**ـ ئەم ئاگرە هەر لە دڵی منـا ناسوتێ لە دڵی زوردایە • هەتا منالێـك بکوژرێت دڵێکی‌تر بـە ئاگری داخو قین ئەسوتێ‌و رەش ئەبێت ! وشەکانی تۆش برالـە چارەسەری ناکـا • ئـەم دەردە دەرمانەکەی وشـەی زلو رازاوە نی‌یە !**

**ئەمـەی وتو لێ‌یدا رۆیشتو هاوڕێیەکانیشی بە دوایدا •**

بۆ ماوەیەك تاسە ئەیبردمەوە ، وشەکانی ، کارەساتەکەی ، روە تێقوپاوەکەی لەسەرما دەنگیـان ئەدایەوەو لەبەر چاوم ون نەئەبون شاخو هەردەکانی دەوروپشتم بـ‌ـ چەرخێك هاتە بەرچاو بەتونـدی ئەسورێتەوە ، رۆژیش هەتا ئەهات بەرەو کزبون ئەڕۆیشت •

ترسیکی گەورە دایگرتم وەکو دو شۆڕە سوار شەڕ بکەن دەنگی رمبازی تیا ئەتەقی‌یەوە •

**ـ روناکی لە تاریکی بەهێزترە، یەك مۆم دنیایەك روناك ئەکاتەوە بەلآم تاریکی هەمو سەرزەمین ئەو مۆمە ناکوژێنێتەوە ! ئەزانی ئەم وشانە هی‌خۆم نین‌و لە نوسراویکدا خوێندومەتەوە ، بەلآم نازانم بۆچی لەو کاتەدا بڕوام وا بو کە ئـەو وشانە لە قوڵترین شوێنی هەستو بڕوامەوە وا بە گەرمی هاتە دەرێ بە رادەیەك بە هی خۆمم زانی !**


ئەمـەم بـە خۆم وتو منیش هەستام لێمدا رویشتم •

**لینینگراد ١٩٦٥**


# ڕۆبنسۆن کرۆسۆ

# چۆن نوسرا ؟

لە ڕوسیەوە : جەلال تەقی




وێنەی -١-



لای هەموان ئاشکرایە کـــە « ڕۆبنسۆن کرۆسۆ » پاڵەوانی چیرۆکە بە ناوبانگەکەی نوسەری بەرزی ئینگلیزی ( دانیل دیفۆ )یە کە لە ساڵی ١٧١٩دا لە چاپ درا • هەر لەسەرەتای کەوتنە بازاڕیەوە لە هەمو لایەکـــەوە قۆزترایەوەو وەرگێردرایە ســەر زۆربـــەی زمانەکانی ئەوروپا ، زیاتر نـەك لەبەر ئەوەی کە شێوەی دارشتنی و نوسینی چیرۆکەکە گەیشتۆتە پلەی بەرزی و تامێکی تایبەتی تێـــدا بێت ••• بەڵکو لەبەر ئەوەی کە باسەکە سەیرو نەبیستراو بو •

چیرۆکەکە باسی ( ڕۆبنسـۆن کرۆســۆ ) ی زەریاوانی خـەڵکی شاری ( یورك ) ئەکات کە پاش نوقوم بونی پاپۆڕەکەی لەئەنجامی گەردەلولێکی بەهێزداو مردنی هەمو سوارەکانی ، لەسـەر پارچـــە تەختەیەك شەپۆلەکان لە قەراخی ژوروی ئەمەریکــــای خـــواروودا ئەیگەیەننەوە ، لەو جێگایەدا کە روباری ( ئۆرینۆکۆ ) تێکەڵ بـە زەریا ئەبێتو ، بیستو هەشت ساڵ بە تەنیا لەو دورگـــەیەدا مایەوە کە لەوەپێش پێی هیـــچ کەسێکی نەگەیشتبویە • ( دانیل دیفۆ ) بـــە درێژی باسی ڕۆژانی تەنیایی ئەم بیستو هەســـت ساڵەی ڕۆبنسۆن کرۆسۆ ئەکات ، بە جۆرێکی وا کە پێنچە لـــە تارەسای دەرونی پڕ مەینـەتیو تەنیایی کە شێوەیەکی تازەبو لـــە نوسیندا ئەوەندە بە وردی باسی سروشتو جوانی ئەکات کە بۆتە بەردی بناغەی نوســینی باسی سروشتو جوانی • لـــەمە پتر باسی ژیانی پاڵەوانی چیرۆکـــەی دیفۆ ناکەین چونکە ئەوەی تری ئاشکرایەو ئەوەی خوێندبێتیـــەوە ئەیزانێت • بەڵکـــو ئەمانەوێت باسێکی تر بکەین : ئایا دیفۆ لە خۆیەوە ئەم چیرۆکەی نوسیوەتەوەو تەنیا ئەنجامی بیربلاوی نوسەرە ؛ ئایا چیرۆکێکی خەیاڵییە بیخوێنین نـــە ! •

لەڕاستیدا دیفۆ چیرۆکێکی ڕاستەقینەی نزیك لەم چیرۆکەی خۆی لەلایەن یەکێك لە زەریاوانەکانەوە بۆ باس کراوەو هـــەر ئـــەو سەرگوزشتەیەش بو بـــە هۆی ئەوەی کە دەست بداتە نوسینی ئەو چیرۆکەی کـــە هەتا ئێستاش لەسەر هەمان شێوە ، یان نزیك لەو شێوەیە •• لاسایی ئەکرێتەوەو ، لە ڕۆژی دەرچونیەوە بـــە دەها کەس بـــە ئارەزوی خۆیان ژیانی شارستانیان بەجێهێشتوەو رویان کردۆتە دورگەو جێگای تر کە هەمان ژیانی تەنیایی ڕۆبنسۆن کرۆسۆ تاقی بکەنەوە •

ئەو بەسەرهاتە ڕاستەقینەیەی کە دیفۆ سەرچاوەی چیرۆکەکەی خۆی لێ وەرگرت بەم جۆرەی خوارەوە دەست پێ ئەکات :

« ئەلەکساندەر سێلکیرك ەی زەریاوان لەگەڵ کەپیتانی پاپۆڕەکەیدا ئەبێتە هەرایان‌و ئەویش لە داخ‌ی کاتی تورەییدا فەرمان ئەدات لە یەکەم دورگەی چۆڵ‌و هۆڵ‌و بێ‌مرۆڤدا دایبەزێنن ·

بەم جۆرە کە بەلای دورگەی ( فێرنانەدیس ) لە ئۆقیانوسی هێمندا تێپەڕین دایان بەزانەو خواردن‌و چەك‌و مەیمونیکیشیان بۆ ئاوەدانی لەگەڵدا بەجێ‌هێشت · بەم جۆرە سێلکیرك بە تەنیا لەو دورگەیەدا مایەوە بێ‌ئەوەی چاوی بە مرۆڤێك بکەوێت هەتا لەپاش چوار ساڵ پتر پاپۆڕێك بەوێدا تێپەڕی‌و ڕزگاری کردو گەیاندیە ئینگلتەرە ، هەتا نەشکەیشتە خاکی ئینگلتەرە هەڕوای نەزانی خەو ئەبینێت‌و بڕوای نەئەکرد کە لە تەنیایی ڕزگاری بوە · هیچ دوریش نیە هەمان کەپیتان کە فەرمانی دەربەدەکردنی‌دا پەشیمان بوبێتەوەو داوای لە کەپیتانی پاپۆڕی دوەم کردبێت کە بەلایدا تێپەڕیت هەڵی بگریتەوە · پاش پەنجاو دو مانگ تەنیایی‌و دور لە ئاوەدانی‌و لە ئەنجامی تورەبونیکی هەڵەشەییدا ( سێلکیرك ) پێی نایەوە سەر خاکی پڕ لەخەڵك ، بەڵام ئەو ماوە درێژەی کە بەتەنیا بەسەری‌برد نزیکی خستبۆوە لە کێوی‌و ماوەیەکی ویست هەتا هاتەوە سەر خۆی ·

زۆریشی پێ نەچو ، تەنیا چوار ساڵ‌بەسەر چاپ کردنی ڕۆمانەکەی دیفۆدا تێپەڕی کە ( سێلکیرك ) لە تەمەنی چل‌و پێنج ساڵیدا مرد ، ئەوەی جێگەی باسە ژیانی ئەو چوار ساڵەی سێلکیرك لە دورگەی ـ خوان فێرنادیس ـدا زۆر لە ژیانی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی دیفۆ ئەچێت کە لە دورگەی ( تۆ باگۆ ) بەسەری برد ئەمەش شتێکی سەیر نیە چونکە دیفۆ چیرۆکەکەی پاش ئەوە نوسی کە ( ۆودس ڕۆجیرز)ی زەریاوان بەسەرهاتەکەی سێلکیرکی بۆ گێڕایەوە ،هەر لەبەر ئەمەشە کە کاتێك ژیانی (ڕۆبنسۆن کرۆسۆ) ئەخوێنینەوەو زۆرمان بە چیرۆکێکی خەیاڵی‌ی دائەنێین ژیانی پڕ ناسۆرو بێزار بوی مرۆڤێکی ڕاستەقینەوەو بەشێوەیەکی ڕۆمانێکی داڕێژراو ئەخوێنینەوە کە پێنوسی نوسەرێکی بەرز لەلاپەڕەی پەڕاوێکدا جێی کردۆتەزەو ئەمری پێ بەخشیوە ·

ئەمەبو ئەو سەرچاوەیەی لە دیفۆ لە دانانی چیرۆکەکەیدا کەلکی لێ وەرگرتوە ، ئەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە بەراوردێکی بچوکی ژیانی ( سێلکیرك ) و ( ڕۆبنسۆن کرۆسۆ ) بکەین کە یەکەمیان بەڕاستی چەشتویەتی‌و دوەمیان لەسەر ژیانی ئەویان بەهۆی سەلیقەو خەیالی نوسەرەوە پێی بەخشراوە ·

ڕۆبنسۆنی چیرۆکەی دیفۆ لە دورگەی ـ تۆباگۆ ـی زەریای کاریبیدا ژیاو سێلکیرك لە دورگەی ـ خوان فێرنادیس ـی ئۆکیانی هێمندا فڕێ درا وێنەی ـ١ـ ) · ڕۆبنسۆن ٢٨ ساڵ بە تەنیایی‌و سێلکیرك چوار ساڵ‌و چوار مانگ مایەوە ، ڕۆبنسۆن پاش تێك شکانی پاپۆڕەکە بەهۆی گەردەلولێکی بەهێزەوە کەوتە زەریاوەو ئاو بە ڕێکەوت لای‌دایە ئەو دورگەیە ·· بەڵام سێلکیرك بەهۆی کەلە ڕەقی‌و بێ بەزەیی کەپیتانەکەیەوە لەو دورگەیەدا دابەزێنرا ، ڕۆبنسۆن بەهۆی چەتەکانی ناو زەریاوە ڕزگار کراو گەیەنرایەوە شار ·· بەڵام سێلکیرك بەتایبەتی کەپیتانە پەشیمان بوەکەی لە کارە ناڕەواکەی خۆی ناردی ڕزگاری بکەن · هەر ئەم جیاوازیانەیشە کە ڕاستەقینە لە چیرۆك جیائەکاتەوە واتا چیرۆك هەرچەندە سەرچاوەکەی لە ڕاستیشەوە هەڵقوڵابێت بەڵام نوسەر هەر دەستکاریەکی ڕوداوەکانی ئەکات ، چونکە بەبێ ئەم دەستکاری کردنە دەسەلات‌و بەهرەی چیرۆك نوس دەرناکەوێت

بەکورتی ئەمەبو ئەو جیاوازیانەی کە لە چیرۆك‌و ڕاستیدا هەن ، بەڵام گرنگترین جیاوازی کە هەتا ئێستایش هەر ماوە ئەوەیە لەو جێگایەدا کە دیفۆ کردویەتی بە نیشتەجێی ڕۆبنسۆن ئێستا ئوتێل‌و چێشتخانەی تێدایەوە بۆتە جێ‌نزرگەی ئەوانەی ئارەزویانە جێگای ڕاستەقینەی چیرۆکە ناڕاستەکەی ڕۆبنسۆن ببینن‌و بە فڕۆکە لە ئەمریکاو فەنزەویلاوە دێن ·· کەچی ئەو جێگایەدا کە چیرۆکە ڕاستەقینەکەی سێلکیرکی تێدا ڕوداوە لە پارچە نوسراوێك پتر کە لە ١٨٦٣دا لەلایەن چەند زەریاوانێکەوە بەو یادەوە دانراوە هیچی تری لێ نیە کە سێلکیرك بیری خەڵك بکاتەوە لەو پارچەیە نوسراوە : « بە یادی ئەلەکسەندەر سێلکیرکەوە کە لێرەدا چوار ساڵ‌و چوار مانگ بە تەنیا ژیاوە » ( وێنەی ـ٢ـ ) ·

پێویستە ئەوەیش بزانین کە ئەو جێگایەی سێلکیرکی لێ دابەزێنرا تاکە ئاودڕگەیە کە پاپۆڕ بتوانێت بەهۆیەوە نزیکی دورگەکە بکەوێتەوە چونکە دەوران دەوری دورگەکە بێجگە لەم جێگایە هەموی بەڕیزە بەردی واگیراوە کە زۆر لەشورەیەکی بەردینی دەستکرد ئەچێت‌و لەهیچ لایەکی ترەوە ڕێی چونی نیە · ( وێنەی ـ٣ـ ) · هەر لەبەر ئەمەیشە کە ئەو تاکە دێیەی ئێستا لە دورگەکەدا هەیەو نزیکەی ٣٠٠ کەسی تێدا ئەژی لەهەمان جێگادا دروست کراوە تەنیا یەك کیلۆمەتر لەو ئەشکەوتەوە دورە کە سێلکیرك کردبوی بە ماڵی خۆی‌و تیایدا ئەژیا · لەو دیو ئاودڕگەکەشەوە ،

له نێوانی چەند گردۆلکەیەکدا گەرویەکی باریك هەیە کە ئێستا پێی ئەڵێن ـ روانگەی سێلکیرك ـ کە ئێوەی لایەکی تری دورگەکە دیارە • سێلکیرك هەمو رۆژێك لەم گەروەوە ئەیڕوانیە ئاسۆی دوری سەر ئۆکیان بە ئاواتی ئەوەوە کە بەڵکو چارۆکەی پاپۆڕێك ببینێو لە تەنیایی رزگاری ببێت ، دیارە ئەم گەشتە هەمە رۆژیەی ئاسان تەبو • بە تایبەتی چونکە تاکە رێگا کە ئەیگەیاندە ئەم گەروە تولە رێیەکی بە خاکو خۆڵی بورکانێکی ساردەوەبو داپۆشرابو کە لەکاتی باراندا ئەبوە قوڕو لیتەیەکی وا کە بە گران مرۆڤی تیادا دەر ئەچو ئەشتوانین بیهێنینە بەر چاومان لە چ دۆخێکی دەرونیدا هەمو ئێوارەیەك سێلکیرك بە نائومیدی گەڕاوەتەوە ئەشکەوتە تاریکە ترسناکەکەیو بۆ رۆژی دوایی هەمان گەشتی بێزارکەری بە دۆڵەکەدا کردوەو هەمدیسان ئێوارە بە دڵشکاوی گەڕاوەتەوە •

**ئەمەبو ئەو ( رۆبنسۆن کرۆسۆ ) یەی کە لە ئەنجامی کارەساتە راستەقینەکەی سێلکیرکدا هاتە کایەوە ، ئاخۆ لەناو کوردەواریدا چەند کارەساتی وا هەبێت کە شایانی ئەوەبێت چیرۆکو نوسراوی مەزنی دەربارە بنوسرێتەوە ؟ گومان لەوەدا نیە کە مێژوە پڕ کارەساتەکەمان لەم جۆرە شتانەی زۆر تێدایەو هەر ئەوە ماوەکە پێنوسێکی شارەزاو بەهرەدار بیان ژێنێتەوە •**

●●●

---

**پاشماوەی : سەرنجێك لە ئەدەب وهونەری تازە**

ئەنجامی ژیانو تاقی کردنەوەی هونەرمەندە ئازادیو پێشکەوتن خوازو شۆڕشگێرە دلسۆزەکان دەوری مێژویی خۆیان ببینن‌و ئەدەبو هونەری رەنجبەرانی کورد لە داوی ئایدیولوجی دوژمنانی کورد رزگار بکەن‌و تادیت بەرەو پێشی بەرن پشت بەستو بە خەباتی شۆڕشگێری گەلو ئایدیولوجی ماددیەتی دیالەکتیکی کە ئەم دوانە بێ یەکتری نائێن‌و هیچ لایەکیان بەتەنیا بایەخێکی ئەوتۆیان نیە• هەروەکو بیروباوەر ئاوێنەی واقیعی ماددیو ئابوری ولاتە، بزوتنەوەی شۆڕشگێریش تایبەتی خۆی بەرهەمەکانی هاتبنە کە ئەو واقیعو ئابوریە بەرەوپێش ئەبات بەبێ تیۆریەکی شۆڕش‌ـ گێرانەو ئایدیولوجیەکی پێشکەوتو بەرەو سەرکەوتن ناروات •

ئەدیبو هونەرمەندی راستەـ قینەو دلسوز ئەوەیە هەمیشە مەشخەڵ روناکی بە دەستەوە بیت و رێگای تاریکو نوتەك بۆ گەلەکەی روناك بکاتەوەو لەناو گەلەکەیا بژیو بۆ ئەوان خەبات بکات چونکە نوسینەکانی کاتێك کاریگەرو بەسام ئەبێت کە لەناو رەنجبەرانەوە هەڵقوڵابێو لە روو •

هەروەکو وتراوە ئەو کەسانەی بە کاری زانیاری شۆڕشگێریەوە خەریکن گەر لە کۆمەلانی خەلکی دوربن وەکو فەرمانداری بێ لەشکر وان •

بە پێی ئەم پێشەکیە ئەو راستیەمان بۆ دەر ئەکەوێت کە ئەدیبو هونەرمەندە ئازادی خوازەکان چ ئەرکێکی گەورەیان لەسەر شانەو ئەدەبو هونەری رەنجبەرانی کورد چ رێگایەکی دورو دریژ لەبەر دەمایە لەرێەوی سەرکەوتن‌و بەئاوات‌گە یشتنا •

---

**پاشماوەی : کام رێگە ؟**

(٨) ژمارەی ماموستایانی هەموو ناوچەی سلیمانی لە سالی ١٩٢٧دا بریتی بوو لە ١٤ کەس !

(٩) هەر لەو چوار سالەدا لە دەرەوەی سۆڤیەت بە زمانی کوردی کەمتر لە ٣٠ کتیب چاپکراوە کە ژمارەیان هەموو بەسەریەکەوە رەنگ‌بێ لە ٢٠ هەزار تێپەری نەکردبێت (بڕوانە : نەریمان ، کتێبخانەی کوردی ، کەرکوك ، ١٩٦٠ ، ل ٩ـ١٣ ) •

(١١) جەمیلەی جاسم خۆی پێی وتم کەوا ئەو ئاوازە کوردیانەی دایاندەنێت هەر دوای ئەوەی لە ئیستگە کوردیکەی یەریڤانەوە بلاو دەکرێنەوە تورکەکان بە دەستکاری‌یەکی کەمەوە وەریان‌دەگرن‌و دەیانکەن بە هی خۆیان •

(١٢) یەکێکیان دوکتور شاکرۆی محۆیە کە پایزی رابوردوو هات بۆ بەغداو ماوەیەك لەمەوبەر رۆژنامەی « التآخی » وتارێکی دەربارە بلاو کردەوە ( بروانە : « التآخی » ، ژمارەی ١١ـ٣ـ١٩٧٢ ) •

(١٣) مەبەست دوکتور ئوردووخانو دوکتور جلیلە کە خاوەنی گەلێك نووسراون دەربارەی مێژوو ئەدەبی کورد •

(١٤) رفیق حلمی ، مقالات ، بغداد ، ١٩٥٦ ، ص ٦٤ ، ٧٤ •

(١٥) کتێبی ناوبراو ١٧٢ لاپەڕەیە کە خ• م• چەتۆییف لەژێر ناوی « بەشداریی کوردی یەکیەتی سۆڤیەت لە شەری گەورەی نیشتمانی‌دا » بلاوی کردۆتەوە •

# لودمیل ستۆیانۆف.. نوسەرو مرۆڤ

**نوسینی : د. احمد سليمان الاحمد**
**گۆڕینی : ئەنوەر شاکەلی**

ئەگــــەر بمانەوێت ناوێکی گەورەی وێژەی بولگاریی ئــەم سەردەمە دەست نیشان بکەین ، پێویستە لەلای ناوی « لۆدمیــل ستۆیانۆف »دا بوەستین ، چونکە لــە ڕێگای هونەریدا چــەند لاپەڕەیەکی نەخشاندوە کە ئەمڕۆ لەمێژوی وێژەو ڕۆشنبیری وڵاتەـ کەیدا بە چەند لاپەڕەیەکی گرنگ ئەژمێردرێت .

شوێنەوارو نوســـینەکانی لۆدمیــل ستۆیانۆف تۆمارێکی مێژویی و زیندوی ژیانی میللــین لەماوەیــەکی درێژی ڕۆژگاردا . چەند شوێنەوارێکی دەوڵەمەنـدو هەمە چەشنەیە ، کــە هۆنراوەو کورتە چیرۆکو ڕۆمانو شــانۆـ گــەریو ڕەخنــەی وێژەیی ئەگرێتەوە .

**پتر لە (٦٠) ساڵە لۆدمیــل ستۆیانۆف پێشەنگی نوســەرانی نیشتمانەکەیەتیو شــوێنەواری بەرز بەجێ ئەهێڵێت لــە زۆر چەشنی وێژەییدا . ئەگەر سەرنج لەو ڕێگا هونەرییە بدەین کــە پێیدا ڕۆیشتوە ئەبینین هەمیشــە بەرەو سەرکەوتن چوە ، بەنــاو گەلێك گیروگرفتو شورەو لارێدا تێپەڕیوە هەتا جێگەی ڕاستەقینەی خۆی دۆزیەوە لە وێژەو ژیانــداو بەوەیش بەهرەی مەزنی دەرکەوت**

شۆڕشی ئوکتۆبــــەرو پاش ئەویش ڕاپەڕینی دژ بە فاشــیزم کە کرێکاران و جوتیارانی بولگاریا لە ئەیلولی ـ ١٩٢٣ ـ دا بەرپایان کرد ، ئەو ڕاپەڕینەی فاشیستەـ کان لە خوێندا نوقمیان کرد .. ئەو دو ڕوداوە هەڵوێستی ستۆـ یانۆفیان وەکــــو هەستیارێك و هاونیشتمانیەك دیاری کــرد . چـــوە ریزی خەباتگێڕەکانەوەو دەستی کرد بە نوسینی وتــــاری توندو تیژ دژ بە فاشــیزم ، وە کارکردن لــــە ڕۆژنامەو گۆڤارە پێشکەوتوخوازەکانداو بڵاوکردـ نەوەی چیرۆکو هۆنراوەی قــاڵ بە خوێنی ڕۆڵەکانی گەل کـــە شەهید کران لە کاتێکدا دڵیان بە هیوای ( سبەینێ )ی ڕونــاکو ئازاد ئەدرەوشایەوە .

ڕۆمانی ـ کۆلێرا ـی کە زۆر بڵاوبوەوەو بەگرنگترین شوێنەـ واری وێژەی بولگاری ئەژمێردرێ، تەنیا چەند یادداشتێکی ڕۆژانەی پڕ لەژان نەبو کــــە ڕوداوەکانی ساڵی ـ ١٩١٣ ـی ئیمپریالی لــە نیمچە دورگەی بەلقاندا تۆمــاری کردبێت ، بەڵکو بەیامێکی تاوانبار کردن بو دژی هەڵگیرسێنەرانی ئەم شەڕە . نوسەر لەم ڕۆمانـــەدا چـــەند تابلۆیەکی کاریگەری لەبارەی کارەسات و دژوارەکانەوە پێشکەش کرد .

پاڵەوانەکانی .. سەربازەکانن، ئەو کۆمەڵە پیاوەی کە ڕەنگــی خۆڵەمێشیان پێوەیەو بێ نان و هەمو کارەساتی شـــەڕی ئیمپریالییان بەسەردا ئەڕژێت . بەڵام تەنیـــا لەبارەی ئەو شەڕانەوە نانوسێت کە تێدا بەشدار بوە ، بەڵکـــو بەلای ڕابوردوشدا ئاوڕ ئەداتەوەو « سیناب » ئەنوسێت ، کـــە مێژوی ڕاپەڕینەو کارەســـاتی ترسناکی گەل .

« سیناب » پاڵەوانێکە لـــە پاڵەوانەکانی مێژوی بولـــگاری ، لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهــەمدا ژیا ، کاتێك برسێتی ناوچـــە خۆشەویستەکەی لەناو ئەبات ، ناوچەی ( چیچ ) لــە شاخەکانی « ڕۆدوب » . ئەتوانین بڵێین لــە وێژەی بولگاریدا وێنە گرتنێکی کارەساتی میللی نابینین وەکو لای ستۆیانوف هەیە .

هەمو ئەوەی بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر وێنەی کێشاوەو بــــە ئاشکراو کارامەیانە .. برسێتی وەکو گەردەلول بەسەر دانیشتوە هەژارەکانی شاردا دائەبەزێت . مرۆڤ موچڕکی بەلەشــدا دێت بەرامبەر ناخۆشیەکانی کارەساـ تەکە بەتایبەتی ئەگەر بزانێت ئەو کارەساتە بۆ چەند هۆیــەکی کۆمەڵایەتی ئەگەڕێتەوە نـــەك سروشتی . بەڵام ستۆیانۆف نەك تەنیا هەستیارو نوسەرە ، نــەك هــەر وەرگێڕێکی بەردەوامە .. بەڵکـــو پیاوێکی چـــالاکی کۆمەڵایەتیو خەباتگێڕێکی نەبەردو نەترسە لــــە پێناوی ئاشتیو دۆستایەتی نیــوان گەلاندا .. سەردەمێکی زۆرە لــــە ریزی پێشەوەی پیاوانی بزوتنەوەی دژ بــــە فاشیزمدا چالاکیەکی زۆر فراوانو هەمە ڕەنگ ئەنوێنێ بۆ بەرگری لــــە ئاشتیو ئــــازادو ڕۆشنبیری مرۆڤایەتی . بۆ ئــەم چالاکیە فراوانە پتر لە (١٥٠٠) وتاری تەرخان کردو لە ڕۆژنامەـ کانی وڵاتەکەیو ئەوروپادا بــڵاوی کردنەوە . ساڵی ١٩٣٥ وەکــو نوێنەرێکی کۆمــەڵی ڕۆشنبیریی بولگاری پێشکەوتنخواز لە یەکەم کۆنگرەی نوسەراندا بو بەرگری کردن لە ڕۆشنبیری کە لە پاریسدا بەسترا بەشداربو . دو ســــاڵ پاش ئەوەش لـــــە کۆنگرەی نوسەرانی جیهاندا بەشدار بو لە مەدرید ، لـــەم دو کۆنگرەیەدا

# جۆرەکانی چیرۆک

نوسینی : عبدالله سراج

رەخنــەگرانو کارشوناسانی وێژەیی چەند رێگەیەکیان دیـاری کردوە بــۆ لێکۆڵینەوەی مێژوی چیرۆك ، هەر یەکەیان بەگوێرەی ئامانجو پروگرامو جێگەو کاتی خۆی بە شێوەیەك چیرۆکی دابەش کردوە • هەندێك گرنگیو بایەخی داوە بە ناوەڕۆکو لەسەر ئـەم بناغەیە جۆرەکانی چیرۆکی دەست نیشان کردوە ، برێك بە شێوە-یەکی گشتی لە سەرەتاوە چیرۆکی کردۆتە دو بەشــی بنەڕەتییەوە ئەویش پەخشـانو هەڵبەستە ، هەریەکەشی لەم دو بەشە چەند لقێــکی لێجیاکردۆتەوە ، وەك چیرۆکی دلداریو شـــانازیو کۆمــەڵایەتیو مێـــژوییو فولکلوریو •• هتد • بەڵام وام بە پەسند زانی چیرۆك لە سەرەتاوە لەسەر چۆنیەتی ناوەڕۆك دابەش بکرێت هەروەکو هەندێك لــــە رەخنەگرانی ئەم قۆناغانەی دوایی لێکۆڵینەوەکانیانی لەسەر بنیـات ئەنێن ، بۆیەش ئەم لێکۆلینەوەیە کورتە لەســـەر ئەم رێبـــازە دامەزراوە •

چیرۆك لە سەرچاوەوە ئەکرێت بە دو بەشی گەورەوە • یەکەمیان چیرۆکی واقیعی ( ریالیســـت ) ئەوی تـــر چیرۆکی ئەندێشەو خەیال ، یانیـــش ناوی چیرۆکی فولکلوری لێ ئەنرێت • چـــونکە بەشی یەکـــەم چ پاڵەوانو چ روداوەکانی لە ناو جەرگـــەی ژیانەوە وەرگیراون بە جۆرێك لـــە بەر چـــاو بەڵگەیەکی تەواوی زیندویان هەیە کە رۆژێك لـــە رۆژان ئەو مرۆڤانە ژیاونو ئـەو روداوانەش هاتونەتە ســــەر شانۆی مێژو ، بەڵام بەشی دوەم کە چیرۆکی ئەندێشەیە ئەپاڵەوا-نانیو ئەروداوەکانی لە واقیعی ، راستەقینەوە وەرنەگیراون بگـــرە نوسەرانی بەگوێرەی خەیـــاڵو ئارەزوی خۆیان دایان ڕشتوە ، هەرچەندەش جارو بـــار تێکەڵاوی ئەکەن لەگەڵ چـــەند روداوێکی مێژویی یاخود قارەمانێکی مێژویی تێیدا بەشدار ئەکەن •

چیـــرۆکی واقیعی لـــە باری ئێستامان ئەکۆڵێتەوە بە پێچەوا-نەش چیرۆکی ئەندێشە بۆ رابردو و دوارۆژ درێژە ئەکات • بێگومان هەریەك لـــەم دو بەشەی چیرۆك ئامانجو شێوەو نمونەی هونەریی خۆی هەیە •• چیرۆکی ئەندیشە لـــە سنوری دڵێری بێ ئەندازەو ئەفسانەو تەلیسمو داســـتان ئەسوڕێتەوە بـــــە پێچەوانەوە چیرۆکی واقیعی لە کۆششدایە بۆ تۆمار کردنی روداوی راستەقینەی ژیانی خەڵك ، لە سەر بناغەیەکی زانستی دور لە ئەندێشە • لێرەدا ئەوەش ئەخەینەوە یاد کە چیرۆکی واقیعیو ئەندێشە ، هەریـــەکەیان نمونەیان هەیە لـــــە چیرۆکی شانۆییو چیرۆکی ئاســــایی ( اعتیادی ) ، بەڵام بەداخـــەوە چیرۆکی شانۆیی لە وێژەکەماندا بە دەگمەن نوسراوە کە ناچار ئەبم جارێ بیخەمە پشت گوێ ، هـــەر چەندەش لـــەو بڕوایەدام کـــە چیرۆکی شـــانۆیی شوێنەوارێکی مەزنی هەیە لە وێژەی گێتـــیدا ، بگـــــرە کاری کردۆتە کاروباری کۆمەڵایەتیو فیکریو هونـــەری گەلان •

بــــۆ ئەوەی بەشێوەیەکی فراوانتر ئامانجـــەکانی چیرۆکی واقیعیو ئەندێشە دەست نیشان بکەم وای بەباش ئەزانم هەنـــدێ لە جۆرەکانی ئـــەم دو بەشــــە بدوێین •

**چیرۆکی ئەندیشەو جۆرەکانی :**

ئەم بەشە وەك رابورد ئازایەتی لـــە هۆش بەدەرو ئەفســـانەو داستانی موچرکە بەخش تۆمـــار ئـــەکا بێ ئەوەی پەیوەندییەکی

ئاسیاری ئەگەڵ ژمارەیەك لـــە رۆشنبیرە گەورەکانی جیهـــاندا پەیدا کرد ، وەکو (رۆمان رۆلان) و ( هینری باربۆس ) و ( مەکسیم گۆرکی ) و (ئەلیکسی تۆلستۆی) و ( بابلۆ نیرودا ) و ••• هتد •

لۆدمیل ستۆیانۆڤ لە ئەنجامی چالاکیدا دژ بە فاشیزم ، توشی راوودونان بو لەلایەن دەســەڵاتی پاشایەتی فاشیستییەوە • بەڵام برسێتیو دەهەنـــدەکردنو ئازار-دانی لەشو دەرون لە رێگەیان لا نەدا • پتر لە ـ ٢٠ ـ ســـال بەرگری کرد ، دلســـۆز بو بۆ باوەڕەکانیو کۆڵی نەئەدا • پاش سەرکەوتنی میللی لە (٩)ی ئەیلول ١٩٤٤دا ، لۆدمیل بە هەمـــو توانایەکییەوە چـــوە کۆڕی ئیش-کردنەوە بۆ بەشـــدار بون لـــە دامەزراندنی کۆمارە نوێیەکـــەو خۆی تەرخان کرد بـــۆ چالاکیی کۆمەڵایەتی •

ئەواو هەبێ لە نێوان روداوەکانی چیرۆکەکەو ژیانی ئێمەدا. کۆنیی ئەم جۆرە چیرۆکە لە مێژوی ویژەیی گەلاندا، وای لە زۆر کەس کردوە کە بڕوایان هەبێ بەداستان‌و ئەفسانە، بەتایبەتی لە ناو کۆمەڵی نەخوێندەوارو دواکەوتوی ساویلکە، بۆیە ئەم کۆمەڵانە سازترین‌و پوختترین کێلگەی بڵاوبونەوەی تۆوی ئەم جۆرە چیرۆکانەن. نمونەی چیرۆکی ئەندیشە لە ویژەی فولکلوریماندا زۆرە، وەك زۆربەی ئەو چیرۆکە تۆمار نەکراوانەی کە بە زستانان داپیرەکانمان، سەرماو سۆڵەی زستانی بێ‌ئەگوزن‌و تۆفو کڕیوەی دەرەوەمان لەیاد ئەبەنەوە، وەك چیرۆکی رۆستەمی زاڵو ئەژدیهای حەوت سەرو قەڵای گەرهەرو چیرۆکی لەدوا نەهاتوی دێوو درنج‌و جانەوەرەکان.. ئەم جۆرە چیرۆکانە لەبەر ساویلکەیی داڕشتن‌و سەرنج راکێشەری روداوەکانی، زۆرتر ئەچنە دڵی ساواو مندالانەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستەشە نوسەران کۆیان ئەکەنەوەو بەشێوەیەکی هونەری بۆی تۆماریان ئەکەن، ئەمە بێجگە لەوەی گەنجینەی ویژەکەمان دەرئەخات لەو قۆناغە سەرتاییانەدا.. لێرەدا ئەو رەنج‌و تێکۆشانەی مامۆستا نجم الدین مەلا ئەخەمە پێش چاو لە تۆمار کردنی هەندێك لەو چیرۆکانە.

چیرۆکی ئەندیشە جۆری زۆرە، بەڵام لە دو بەشی گرنگی ئەدوێم کە نمونەیان لە ویژەی کوردیماندا هەیە، ئەویش :-

## ١ - داستان :-

ئەو جۆرە چیرۆکە درێژانە ئەگرێتەوە کە بە هەڵبەست روداوێکی جەنگ‌و پاڵەوانیەتی‌و دلێری لە هۆش بەدەری چەند مرۆڤێك یان گەلێك ئەهۆنێتەوە، هەر چەندەش زۆربەی داستانەکان بناغەکەی لەسەر ئەندێشە دامەزراوە بەڵام لە هەندێ روداوی واقیعی ئەچێت کە لە مێژو روئەدات، وەك دو داستانی (ئەلیازو ئۆدیسە)ی هۆمیرۆس لە ویژەی یۆنانیدا، ئەم جۆرە داستانانە لە ویژەی کوردیدا چنگ ئەکەوێ لە شێوەی لاوك‌و حەیران‌و هەتاکو ئێستاش لە زۆر ناوچەکانی کوردستاندا شەوانی درێژو تاری زستانی پێ ئەبەنە سەر. بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەم داستانانە دەستی تۆمار کردنیان بۆ درێژنەکراوە، ستران بێژان‌و لاوك بێژان دەماو دەم لە یەکتری وەرئەگرن‌و پشتاو پشت بەم جۆرە ماوەتەوە. بێگومان پاڵاوتن‌و تۆمار کردنی ئەم داستانانە بەشێکی زۆر لە گەنجینەی کۆن‌و دێرینمان ئەپارێزێ ئەویش ئەکەوێتە ئەستۆی ئەدیبەکانمان بە تایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات خوێندنی بەرزیان تەواو کردوە. نمونەی داستان لە شێوەی زازاو لوڕی‌و هەورامی نمونەیەکی زۆرە کە ناوەرۆکیان بریتییە لە روداوی مێژویی نەتەوایەتی‌و قارەمانێتی تێکەڵ بە ئەفسانەو ئەندیشە. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کۆمەڵانی خەڵك، بەتایبەتی مندالان چێژێکی زۆری لێ وەرئەگرن، بێگومان داستانیش هەروەکو جۆرەکانی تری چیرۆك پێشەکی‌و ناوەڕۆك‌و گرێ‌و کۆتایی هەیە، هونەرانی ئەم داستانانە هەمیشە ویستویانە بۆ ئەوەی سەرنجی گوێ گران راکێشن، روداوێکی سەیرو رەوشتی مرۆڤێکی بە جەرگ‌و قارەمان دەر ئەبڕن، یانیش پەیوەندی‌و دڵسۆزداری‌و ئەوین بەشێوەیەکی خاوێن‌و پیرۆز ئەخەنە پێش چاو، کە هاوتایان لە ژیانی راستەقینەدا زۆر کەمە، بگرە هەرنیشە. لێرەدا ئەتوانم ئەم چیرۆکانەی خوارەوە بە داستان دابنێم، وەك : رۆستەمی زاڵ ـ شیرین‌و فەرهاد ـ خورشیدو خاوەر ـ ئەمیر ئەرسەلان ـ حەسەن‌و مریەم ـ وهی‌تر.

سەرەرای ئەمەش دان بەوەدا ئەنێم کە ئەمانە ماوەیەکی زۆر تێپەڕ ئەبوە بەسەر نوسینەوەیاندا. لە ویژەی عەربیشدا داستان هەیە بگرە نوسەرەکانیانیش ناسراوون، وەك :

( عەبقەری ) شفیق معلوف‌و داستانەکانی زیر سالم‌و علی زیبقی میسری‌و.. هتد.

داستان بەگشتی ئەکرێت بە دو بەشەوە، یەکەمیان داستانی کۆن‌و دێرین کە پەیوەندی ژیانی نیمچە خواو پاڵەوانەکان دیاری ئەکات وەك داستانەکانی یۆنان‌و رۆمان. بەشی دوەمیش داستانی ویژەییە کە چەند سەدەیەك لە مەوپێش هۆنەران لاسایی داستانەکانی کۆنیان ئەکردەوە، وەك : فرجیل‌و دانتی‌و میلتون ئەم داستانانە بەگشتی لەسەر ئاوازو ئیقاعی شمشاڵ‌و تارو ساز پەردەی هەستی خەڵکیان پێ ئەبزواند.

## ٢ - ئەفسانە :-

ئەم جۆرە چیرۆکانەش لە شێوەی پەخشانا داڕێژراون، هەرچەندەش پاش بەندەکانیان زۆر جار رێك ئەکەوێ‌و لەسەر ئیقاعێکی تایبەتی بەرگوێ ئەکەوێ. ناوەرۆکی ئەفسانە هەر وەکو، داستان بریتییە لە ئەندیشەو روداوی سەرسامکەر، وەك مەتەڵەکانی دێوو درنج‌و خێوو شەولەبان‌و ئەژدیها.. هتد. بێگومان هەر گەلێك گەنجینەیەکی دێرینی هەیە لەم بابەتە کە لەگەڵ پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتی‌و ئابوریدا پێش ئەکەون‌و قالتر ئەبن‌و کالای قەشەنگتر لەبەر ئەکەن. کۆکردنەوەی ئەفسانەی کوردەواریمان

ئەركێكی گەورەیە كە كەوتۆتە سەر شانی هەموان ، چونكە لە چەشنی تابلۆیەك دیمەنی جۆر بەجۆری مێژوی كۆنمان تۆمار ئەكات هەروەهاش سەرچاوەیەكی راستەو خۆیە بۆ بیروباوەڕی جەماوەرانی كورد لەو جێگاو كاتانەی ئەفسانەكە ، بەشێوەیەكی كێشەرو دلفڕێن ٠٠ بۆیە ئەفسانە هەمیشە لای منداڵانو جوتیارانو پالەو كرێكارانو خەلكی ساویلكە پەسندە ، هەروەهاش هەرچەندە مێشكی زاخاو درابێ بە زانستو هونەری نوێ هەمیشە ئارەزویەكی سروشتی لە كانگای دەرونییەوە پالی پێوە ئەنێ بۆ ئەوەی گوێ بۆ ئەفسانە شل بكات • جا كۆكردنەوەو تەتەلە كردنی ئەفسانەو مەتەلەكانمان بە ئەركێكی پیرۆز ئەزانم بۆ ئەوەی لە بەرگێكی هونەری نوێداو لەسەر رێبازێكی زانستیو پەروەردەیی منداڵانی كوردی پێ پەروەردە بكرێت • هەروەهاش گرنگیدان بەم ئەفسانانە ئەوەش ئەگرێتەوە كە هەندێ لە چیرۆك نوسان چیرۆكی ئەفسانە لە خۆیانەوە بنوسن بۆ ئەوەی ئەو كەلێنە پڕ بكەینەوە كە لەوێژەكەماندا هەیە بە ناوی ( چیرۆكی منداڵان ) لێرەدا ئەو رەنجو كوششەی هەندێك داویانە بۆ ئەم مەبەستە لە یاد ناكرێت وەك مامۆستا مەلانجم‌الدینو سجادیو هتد •

ئەوەی دەربارەی داستانو ئەفسانە باس كرا بێگومان ئەو چیرۆكانەش ئەگرێتەوە كە بە زوبانی دڕندەو پەڕندەو مارو مێروەوە وتراون ، بۆ نمونە چیرۆكی ( كلیلەو دمنە )ی عەرەبی چیرۆكی مامڕێویو مەڕو گورگو ئەژدیهای حەوت سەری كوردی ٠٠ هتد •

**چیرۆكی واقیعیو جۆرەكانی :-**

گشت رووداوێكی واقیعی ( ریالیست ) ئەشێ ببێ بە ناوەرۆكی چیرۆكی واقیعی ، بەڵام ئامانجی چیرۆكی واقیعی بەگوێرێ شێوەی جیاوازی هەیە بەگوێرەی گۆڕانیو جیاوازی مەبەسی نوسەر ، ئایانیازی وایە رووداوێكی مێژوییو باری كۆمەڵایەتی گەلێك دیار بكات یان ئەیەوێ هەستی دەروونی مرۆڤێك شی بكاتەوەو هۆی ئەو رەفتارانەی نیشاندا كە پالی پێوە ئەنێن ٠٠ یانیش ئەیەوێ بیرو هەڵوێستێك رون بكاتەوە ؟ هەروەها رەخنەگرانی وێژە توشی گێرو گرفتو دو دلی ئەبن لە جیاكردنەوەی جۆرەكانی چیرۆكی واقیعیو دابەش كردنی نوسەرەكانیشی لەسەر ئەم بناغەیە ٠٠ چونكە چیرۆكی كۆمەڵایەتی مێژوییو سایكولۆژیو زانستیو پەروەردەیی ٠٠ وهتد ، هەریەكەیان ئاوێتەی چەند جۆرێكی ترە ، واتە چیرۆكی مێژوویی لە هەمان كاتدا كۆمەڵایەتی یە ٠٠ هەروەهاش چیرۆكی سایكولۆژی زانستی ئەگرێتەوە ، بەڵام ئەوەی ئەم چیرۆكانە لەیەك بۆتەدا كۆئەكاتەوە ئەوەیە كە نوسەرەكانیان هەموو لەراستی دەرناچنو پەیوەندیان لەگەل جەماهیری خەلكدا ناپسێنن •

چیرۆكی واقیعی چەند جۆرێكی هەیە وەك : مێژوویی كۆمەڵایەتی، سایكولۆژی ، زانستی ، پۆلیسیو هی تر ٠٠ بەڵام لێرەدا زۆرتر بایەخ بەو جۆرانە ئەدەم كە لە وێژەكەماندا نمونەیان چنگ بكەوێ یانیش واخەریكە چوزەرە هەڵدات و بپشكوێ ، ئەو جۆرانەی بەداخەوە شوێنەواریان هەتاكو ئێستا نییە لە وێژەی كوردیدا ، ناچار بووم لایان لێ نەكەمەوە ٠٠ وەك چیرۆكی سایكولۆژیو پۆلیسیو فیكری •

**أ - چیرۆكی مێژوویی :-**

نوسەر لەم جۆرە چیرۆكانەدا سەرتاپا توانای خۆی تەرخان ئەكات بۆ ئەوەی ئازادەیەك بتوانێ قۆناغێك لە ژیان یاخود سەدەیەك لە مێژوی ئادەمیزاد تۆمار بكات • نوسەر مەبەستی بۆ ئەوە ساز ئەدات كە رووداوو تەنگ و چەلەمەو رووالەتی ئاسایی ئەم كاتانە هۆی هاتنە سەر شانۆی ئەو رودوانە دەست نیشان بكات ٠٠ بێگومان لە نیشاندانی هۆی رووداوی مێژوویی نوسەران بە گوێرەی بیروباوەڕو ئاستی زانیاری خۆیان لێكی ئەدەنەوە چ كۆمەڵایەتی بێو چ ئابوری ٠٠

نمونە بۆ چیرۆكی مێژوویی زۆرە لە وێژەی گەلاندا ، بۆیە تەنیا چیرۆكەكانی ( جورجی زیدان ) لەوێژەی عەرەبیدا نیشان ئەدەم ، هەروەهاش چیرۆكی ( شەهیدانی قەلای دمدم )ی مصطفی صالح كریمو ( مەم وزین )ی ئەحمەدی خانیو ( دوانزە سوارەی مەریوان )ی پیرەمێردو ( مامە یارەی قارەمان ) و ( قەلای دمدم )ی وردیو ( پێشمەرگە )ی دكتور رەحیمی قازی و ( پالەوانی زەند )ی حەسەن فەهمی جاف لە وێژەی كوردیدا بەم جۆرە چیرۆكە دائەنرێن •

بەڵام لێرەدا ئەمەوێ بلێم كە چیرۆكی مێژوویی بە زۆری نوسەران تارادەیەك ئەندیشەو خەیالی تێكەل ئەكەن ، واتە روودانی چیرۆك جاروبار پێچەوانەی یان دوور لەرووداوی راستەقینە ئەبێت • بۆ ئەوەی چیرۆك نوسی مێژوویی لە تۆمار كردنی مێژوی گەلاندا دلسۆزبێت پێویستە شارەزاییەكی تەواوی هەبێ لە زروفو كاتو جێگای رووداوەكان چ لە لایەن پێك هاتنی چینەكانیو پەیوەندییان لەگەل گەلانی دراوسێ وە چ لەلایەن پلەی هونەریو وێژەییو كەلچەرییەوە •

بێگومان چیرۆکی مێژوویی دەستێکی باڵای هەیە بۆ رواندنو گەشە پێدانی گیانی نەتەوایەتی لە نیوان خەڵکو ئاوینەیەکی بێ گەردەو مێژوی دێرینی پڕ شانازیمان نیشان ئەدات بۆ ئەوەی دوارۆژێکی باشترو کامەرانی لەسەر بنیات بنێین ٠

**ب – چیرۆکی کۆمەڵایەتی :–**

ئەم بابەتە چیرۆکانە نوسەر خورەوشتو پەیوەندی کۆمەڵانی خەڵك لەگشت لایەکەوە لە ناوەرۆکی چیرۆکەکانی رەچاو ئەکات ، واتە نێو ئاخنی چیرۆکی کۆمەڵایەتی وەك لە ناوەکەیەوە دیارە ، لە کۆمەڵەوە بۆ کۆمەڵە ، چونیەتی ژیانی چینەکانو باری گوزەرانیانو ئاستی زانستیو هونەرییان ، لەگەڵ ئەو رەچەلەکانەی ( عناصر ) ئەبنە هۆی پێشکەوتنو یا دواکەوتنی ، دەر ئەخات ٠ ئەم ئەرکانە هەموی ئەکەونە ئەستۆی چیرۆك نوسی کۆمەڵایەتی ، بێگومان لەبەر مەزنیو پیرۆزی ئەم کارە چیرۆك نوس بۆ ئەوەی بەرهەمێکی نەمر ئامادە بکات ، بۆی ئاکرێت بەچاوێ خشا ندنێكو سەرپێیی بەشێوەیەکی تەسك بچێتە ئاخی ژیانو قوڵایی دەرونی چینێك یان کۆمەڵێك ، بگرە پێش ئەوەی دەست بداتە پێنوس پێویستە شارەزایی یەکی باشی هەبێت لە مێژوی زمان شوناسیو ئابوری بۆ ئەوەی لەوزەیدا هەبێت رووداوەکانی شی بکاتەوەو هەریەکەیان بگەڕێنێتەوە نەژادی خۆی ، لە پاشاندا لەسەر قەوارەیەك دایان رێژێت ،مەگەر ئەم کارە لە دەست چیرۆك نوسێکی بەتواناو بەلەد بێت ٠ واتە ژیانی هەر چینو کۆمەڵێك مێژوی ئەو خەڵکانەیەو چەند عەوامڵێکی ئابوری کاری تێ ئەکات ، هەروەهاش شێوەی گفتوگۆو دوانی کۆمەڵێك جیاوازە لە کۆمەڵێکیتر بگرە لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێكو بە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێك بەپێی پلەی زانستیو وێژەییو ئابوریو هونەری ئەو کۆمەڵو هەرێمو ئەوانەی رابورد بەس نیە بۆ ئەوەی چیرۆکی کومەڵایەتی لە واقیعەوە نزیك بێت ، بگرە نوسەرانی ئەم چەشنە چیرۆکە پێویستە بابەتێکی ئەوتۆ بدەنە ئەو بیرو باوەڕو ئایدیولوجیانەی کەلە ناو خەڵکدا هەن یان وا خەریکە پەلو پۆ بهاوێت ٠٠ هەروەهایش روخساری کۆمەڵایەتیو رواڵەتی ئەم خەڵکانەیش داهاتو بە شێوەیەکی گشتی دیاری بکات ٠

نمونەی چیرۆکی کۆمەڵایەتی لە زۆربەی وێژەکانی جیهانیدا هەیە بەتایبەتی ئەم نوسەرانەمان دێنە یاد ٠ تۆلستۆی ، دیستوفیسکی ، چیخۆف ، گۆرکی ، هیمنگوای ، کالدویل ، مورافیا ٠٠ هەروەهایش لە وێژەی کوردیدا ئەم چیرۆکانە هەن : ( کاردان )ی محمد صالح سعید ، ( زڕەی زنجیر )ی مصطفی صالح کریم ، ( کویرەوەری )ی ابراهیم احمد ، ( یادی گۆڕستانەکە )ی محرم محمد امین ، ( لاتۆ کەریم )ی جەمال نەبەز ، ( ئەنجامی داوێن پیسی )ی جەزا حوسێن ، (کەوای نەگرای )ی خالد دلێر ، هەروەها زوربەی بەرهەمەکانی ئێستایشمان لەم بابەتەن ، وەك : ( ئەڵەمان کوردی )ی دوکتۆر خەزنەدار ، ( دەچیروك )ە کەی دوکتۆر کاوس قەفتان ، ( سەی کەڵەك )ی مامۆستا جەمال بابان ، ( بومەلەرزە لە گۆمی مەنگدا )ی کاکەمەم بۆتانیو هیتر ٠ کە لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا پەیتا پەیتا بڵاو ئەکرێنەوە ٠ ئەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێت ، کە هەر چەندە باسی چیرۆکی نەتەوایەتیمان نەکرد بەڵام ئەم جۆرەیش هەیە ئەگەر چیش هەتاکو ئێستا کە تێکەڵ بە چیرۆکی کۆمەڵایەتیە ، هەرچەندەش لە دوایییەدا هەستی نەتەوایەتی لە بەرهەمی نوسەرانماندا زیاتر بەدەر ئەکەوێت ، بەتایبەتی لە بەرهەمەکانی نوسەری لاو ( کاکەمەم بۆتانی ) و چەند نوسەرێکی تر

چیرۆکی کۆمەڵایەتی پەنجەیەکی کاریگەر ئەگێڕێت لە دەست نیشان کردنی ستەمو زۆرداریو هەژاریو نەخۆشیو نەخوێندەواریو هۆیەکانی شی ئەکاتەوەو هانی بەربەرەکانی کردینان ئەدات ، بەمەرجێك لە شێوەی پەندو ئامۆژگاری ئەبێت ، جگرە بەشێوەیەکی دلڕفێنو راکێشەرو هاندەر بێت ٠

**ج – چیرۆکی سایکۆلۆجی ، زانستی ، پۆلیسی :–**

بەداخەوە لەبەر نەبونی ئەم جۆرە چیرۆکانە لە وێژەکەماندا بۆیە بە ناچاری ئەیەك بابەت هەمویانم کۆکردنەوەو بەگشتی لێیان بدوێم ٠ هەر چەندەش لە توێی دێرەکانی چیرۆکی کۆمەڵایەتیو مێژویی کوردی نوێدا جارو بار بیروباوەڕی تێدایە ، بەڵام ئەم بیروباوەڕانە بە تەواوی رێچکەیەکی تایبەتی بۆ خۆی دیاری نەکردوە وەك چیرۆکی سایکۆلۆجی و زانستیو پولیسیو فیکری ٠٠ چیرۆکی سایکۆلۆجی بەپەرۆشەوە هەستی تایبەتی مرۆڤو چینو کۆمەڵەکان شی ئەکاتەوەو تێیان ئەکۆڵێتەوە ٠ ئەم جۆرە چیرۆکانە ئەشێت بیرو باوەڕێکی سایکۆلۆجی یان تیورێکی زانستی کە نوسەرەکەی وای بەباش ئەزانێت لە شێوەی چیرۆکدا پێشکەش بکات٠ بێگومان وێژەی کوردیو بگرە وێژەی گەلەدراو سێکانیشمان تاوەکو ئێستا بە تەواوی لەم بابەتەی تێدا بەدی ناکرێت ٠ دیستوفیسکی بەرابەری ئەم چیرۆکانە دائەنرێت هەرچەندە لەکاتو سەردەمی ئەمدا زانیاری سایکۆلۆجی وەك ئێستا پەرەی

نەسەندبو ، زۆریش لە تیورەکانی لەقۆناغی تاقی کردنەوەو جێی مقۆمقۆبو ، بگرە لای زۆریش جێی گومان بو . ئەوەی لێرەدا ئەمەوێت رونی بکەمەوە ئەمەیە دیستوفیسکی لە دەربڕینی خولیاو هەستی پاڵەوانەکانیو شی کردنەوەیو شیتاڵ کردنی رەفتارو خویان ، مەبەستی ئەوە نەبو تیورێکی سایکۆلۆجی بچەسپێنێ ، بەڵام لەبەرکار زانیو مەزنی خۆیو بلیمەتیی بێ ئەوەی خۆی هەست بکات رێچکەیەکی بۆ چیرۆك دۆزیوەتەوە لە رۆژاواشدا چەند ناوێکی برشنگدارمان دێتە بەرچاو وەك : پۆل بورجێ و ئەندرێ جیدو هەنری بوردۆو جورج دیهامل و... هی‌تر .


چیرۆکی فیکری دوسەرەکەی مەبەستی لە دەربڕینو بڵاوکردنەوەی باوەڕی خۆیەتی یان باوەڕی گەلێك لایەنگیری بکات ، هەروەها بۆ بەرەنگاری کردنی بیرێکی‌تر یاخود رەخنە گرتن لە رەوشتو یاساو رژێمێك .

بێگومان مەبەستی هەرە گەورەش لە چیرۆکی فیکری‌دا ، فێرکردنو پەروەردەو مێشك زاخاودانە بە بیرو تیوری نوێ .

هۆی داڕشتنی ئەم چیرۆکانە ئەوەیە کە زۆربەی کۆمەڵانی خەڵك لە بیری راستەوخۆ و تیوری وشكو زانستی ساکار زۆر بێزارو وەرس ئەبن .

لە وێژەی عەرەبی‌دا ( ابن المقفع ) کۆنترین نمونەمانە سەرەڕای ئەوەیش بیرەکانی پۆشراوی ئەندیشەو خەیال کردوە ، لە وێژەی رۆژئاوادا یەکسەر : فۆلتێرو رۆسۆمان دێتە بیر لەگەڵ مارك توینو برناردشۆ و راسل وە لەم دواییەدا ( سارتەر ) ( کامۆ ) و ( کۆلن ولسن ) بەناوبانگترین چیرۆکنوسی فیکرین .

چیرۆکی پولیسی لە سەرچاوەوە لە چیرۆکی کۆنی سوار چاکیو دلێریو رمبازیو پاڵەوانیەتیەوە پەرەی سەند ، واتە رەچەڵەکەکەی ئەندێشەیە ، ئەو بەرگە کۆنو ساویلکانەی لەبەر راماڵیو بەرگێکی نوێی واقیعی پۆشی ، هەرچەندەش دروماني ئەو کاڵاو بەرگانە بە دەزو و داوی ئەندیشەیە ... ئەم جۆرە چیرۆکانە ویستو تینویەتیو ئارەزوی مرۆڤ ئەچەسپێنێ لە پشکنینو هەنگاونان بەرەو نادیار ( مجهول ) وە دۆزینەوەی نهێنی‌یەکانی جیهانو سروشتو ژیان ، بێگومان وەکو لە چیرۆکی ئەندیشەدا باسم کرد وێژەی کوردی لەم چیرۆکە ساویلکانەی زۆرە ، بەڵکو چیرۆکی ئەندیشە لە بەرگی نوێدا واتە چیرۆکی پۆلیسی بە داخەوە لەبەر زروفی نالەباری کوردستانو واقیعی گەلەکەمانو چەند هۆیەکی‌تر هەتاکو ئێستاکە لە دایك نەبوە .



# نیو تابلۆی شانۆیی لە فرمێسك و خوێن

مارف ناسراو
بەغداد

**پاڵەوانان و کات و شوێن : ( خوێن لە زامی مێژوودا ، فرمێسك لە چاوی هەمیشەی بارین دا ، لە وولاتی دۆزەخەوە تا ئەمڕۆی بەهەشتی سەر زەمین ٠٠!»**

**– پەردەی شانۆ هەڵدەدرێتەوە – خوێن ئەتکێ ٠٠ لە فرمێسك ئەپرسێ :**

– تۆ ! ٠٠ فرمێسکی وولاتی چاو
ئەی دڵۆپی ڕژاوی ناو
دەلاقەی پڕ کوێرەرێی
کەی ڕژایتە ئەم گریانە ٠٠؟
تا بسوتێی ٠٠٠
لە دۆزەخی ئەم ژیانە ٠٠!

**فرمێسك :**

– لەو کاتەوە ٠٠٠ کە تەڕایی
زاوەتە ناو ٠٠ دڵۆپەکان
تك تك ٠٠ ئەڕژێمە تارمایی
فیشالی دەم بێنووسەکان ٠٠!

**« دڵۆپێ دێتە خوارێ و لە اویچێکی چرچا ئەوستێ :**

– بەڵام ئەی خوێن ! تۆکەی ڕژای
یادم نییە کە هەڵ ڕژای ٠٠!

**« خوێن دەماری تووڕەیی گرژ ئەبێ و شەپۆلی دوانی هەڵ ئەچێ :**


– من بەر لە بوون ڕژام کە تۆ
بۆ بوون گریای بەسەر منا ٠٠!
کاتێك ئابڕو شۆڕام کە تۆ
ڕژای بە سەر ڕەنگی منا ٠٠!

**« کە ژنییان لە کۆنەوە تارای ڕشتن ئەدەن بەرووی دایکیانا بە شەرمەزاری‌یەوە ئەم سرودەیان بە ئاوازێکی کپ لە ناخەوە هەڵ دا بە ئاسمانی چاو زامی شانۆ کەدا و پێکەوە :**

– دوو بارانین
سوورو سپین
یەك گورانی ئەڵێینەوە
زوو زوو پیمان ئەڵێنەوە
بێ ڵێنەوە ٠٠!!
بێ ڵێنەوە ٠٠!!

**« پەردە تا نیوەی شانۆ کە هاتە خوارێ »**

# مایاکۆفسکی



-١-

گوێ گرن لێم .. دەنگم ئەڕژێنمە چاوتانەوە
مۆمی چاوتان لە دەنگما دائەگیرسێنم
تاریکی‌تان .. ئەخۆمەوە !
تەنیایەکم .. شۆستەی شەقامی نیوەشەو .
لە مۆسکۆدا .. دەرم ئەکات .
چەق بەستنتان .. ڕاوم ئەنێت
بێ‌جێ‌ییتان ..داڵدەم ئەدات
تەنیایەکم .. هەمووتانم .

ــ ٢ ــ

گوێ‌گرن لێم .. گوێ گرتنتان وەك ڕەشەبا هەلم ئەکات
گوێ گرتنتان ڕوانینێکە ، وشەکانم بەدی ئەکات .
وشەکانم .. سەرمایانە
سەرمایانەو هەڵنالەرزێن
ــ گوێ‌گرن لێم هەروەك گوێ لە زەریا ئەگرن .
تەنیایەکم .. شەوەکانتان پەنجەرەی شیعرەکانمە .
ئەیکەمەوە .. تا هەناسەی ،
ئەستێرەکانتان هەڵمژم
تەنیایەکم (پاریس) لە دڵما ون بووە
تەنیایەکم .. هەمووتانم .

ــ ٣ ــ

تەماشام کەن .. تەواو نابم :
ئەکوڵێم .. هەڵمم ..
کە ساردبوومەوە بارانم
لە بەینی هەڵمو بارینا ، لەدایك‌بوون :
شیعرەکانم .

ــ ٤ ــ

من ئەمەوێ ــ مەحاڵ ــ بگرم
دەرگا لەسەر ــ گومان ــ داخەم .

ــ ٥ ــ

ئەمجارەیان گەشتێك ئەکەم
تەنیاتان کات .
لەگەڵ شەوێکا کۆچ ئەکەم
خەوتان لێ‌خات !

شێرکۆ بێکەس

١٩٧٢

# دەنگ یا تیپ

محمود زامدار

دووان یا ئاخافتن ڕووداوێکی کۆنە کە زۆر لەمێژە لەگەڵ مرۆڤ پشتاوپشت هاتۆتە خوارەوە ولەتەکیا ڕێی کردوە • وا بەراست ئەزانرێ کە ئادەمیزادی یەکەم هەر لەچاخەکانی بەردینەوە هەوڵی دووان و ووتووێژی دابێ • لێرەدا من نامەوێ کرۆکی دووەن و چەشـــنی دەنگەکان وجــۆری بەندیواری ئەم بە ئـــەو دەربخەم بۆ دورستکردنی ووشە ، چونکە بابەتێکی مانەندی ئەمە ، پێویستی بەتوانا ووەختێکی فرەتەرخان کراو هەیە • جــگە لەوەی ئەم بیروڕایانەی کە خراوەتە بەردەست بـۆ شیکردنی ئــەم بابەتە ، هێشتا ماوەی پیـــلە ومونافەشەی تێـــدا بەدی ئەکرێت بۆ گەییـــە چارەسازێکی تەواو ، ئەمیش لەکەم دەرامەتیمانە بۆ ئەو بنچینـــە واقیعیانەی کە بەندە بەشـــێواز وهۆیەکانی نووسین وتۆمارکردن ، چونکە دیــارە نیسبەتی مێژووی نووسین بەرامبەر تەمەن ومێژووی ئادەمیزاد ، وەك نیسبەتی پێنج دەقیقە وایە بـــۆ ماوەی ڕۆژێکی ڕەبەق • ئەوەی من ئەمەوێ لێـرەدا بیلێم ئەوەیە :

ئەو دەنگانەی کە مرۆڤی کۆن بەکاری ئەهێنا ، هەر هەمان ئەو دەنگانەی ئەمڕۆمانە کە ئەیبیسین • لەتەك نەختێ پوختکردن وکورتکردنەوەدا • ئەم دوو زاهیرەی دوایی‌یە شتێکی زۆر حەتمی وئاسایی‌یە •• لە ئەنجامی ئەو پاشە کەوتکردنەی مرۆڤ لە تۆلەی دەربڕینی ئاخافتن لــــە هەوڵ وکۆششی جەهازی ماسولکەوە • پاشەکەوت کردن لە هەوڵی ماسولکەیی بووە بە شتێکی یەجگار پێداویست لە ڕووی ئەو ڕۆڵە زلە کە ئاخافتن ئەیگێڕێت لە ژیانی مەردما • ئاخافتن مەزنترین هاندەر وپەلەکەرە بـۆ گەشەسەندنی شارستانیەتی مرۆڤ وپێویســـتی بەهێز ووزەیەکی لەئەندازەبەدەرە کە هەندێ هـــەر بە خەیالیش پەسەندی ناکەن • ئاخافتنی یـــەك تاکەسەعات پێویستی بە هەمان هێز ووزەیە کـــە ( ڕۆیشتن ) کەرەکیەتی بۆ هەمان ماوە ولەرێگە‌ـ یەکەوە کە بەرەبەرە بەرەو هەوراز هەڵئەگرێ تــا ئەگاتە بەرزایی « ٣٠٠ پێ » • هەر وەك ووتمان : دەنگە کۆنەکان هەمان ئەم دەنگانـــەی ئەمڕۆیە ، چونکە ئەو ئەندامانەی کە دەوری تێدا ئەبینێ هەر هەمان شتە لەتەك تۆزێ گۆڕاندا • ئەم ئەندامانە خودانی بەهرە وتوانستێکی زلە بـــۆ دەربڕینی دەنگەکان ، کەچی تائێســـتا ئەوەی مرۆڤ بۆی لوواوە تەنیا دەسگیرکردنی ژمارەیەکی کەمە لـــەو ئەندامانە بۆ دورستکردنی بناغەی زمان • زاناکان ئەوەیان دەرخستوە کە دانە دەنگی‌یەکان ـ ئەوەی لە هەندێ لە زمانەکانی « پۆلینیزی »دا هەیە لـــە بیست دانە بەدەر نیە وئەوەی کـــە لـــە هەندێ لـــە زمانەکانی قەوقاس دا هەیە لەسەد دانە کەمترە • دیارە ئەم ژمارە کەمەیش نەك تەنیا قابیلیـــــەتی گوێچکە بۆ بیســـتنی سنوری بۆ دائەنێ وبەس ، بەڵکو هەوڵی شەکەت وماندونەکردنی لـــە ڕووی بەخشینی چەندەهـــا دەنگەوە ئەبێتە مایـــەی ساناکردنی بیستن و لەیەك دابڕکردنی دەنگەکان •

دەنگ چیە ؟ دەنگ ، لە چەمکی زمانا ، ئەو شەپۆلانەیە کە لە کەڵێن هەوەوە ئەگوێزرێنەوە ، بۆ تێگەیشتنیشی ئەبێ لە ڕێی گوێچکەوە ببیســـترێ یانی دەنگ کۆڕپەی ئەو هەوڵەیە کـــە ئەندامەکانی ئاخافتن ئەیدەن وگوێچکەش هەمێزی بۆ ئەکاتەوە • بەڵام تیپ ئەو وێنە وداتاشینەیە کە ( دەســـت ) بەرێگەیەکی ڕاستەوخۆ ، یا ناڕاستەوخۆ ئەیهێنێتە کایەوە و ( چاو )یش هەڵی ئەگرێت بۆ هەلووشـــینی ناواخنەکەی • کەواتە هەر بەم گوێرەیە ، دەنـــگ خاوەن مەودایەکی زەمەنی‌یە ، کەچی تیپ بەمەودای شوێن دەس نیشان ئەکرێت • لەپاشـــــا دەنگ خاسیەتی دینامیکی هەیە ، کەچی تیپ خاسیەتێکی ستاتیکی پێوەی دیارە • کەواتە نووسین هەوڵێکە بۆ دەربڕینی هەمان ئاکارو کردەوە ، بەڵام بە شوێن نەك بەکات ، بە چاو نەك بە گوێ ، بە دەست نەك بە دەم • لەمەوە دەرئەکەوێ کە تەمەنی تیـــــپ زۆر زۆر کورتە ولەڕاستیشا تەنیا پەیکەرکێشانێکی بینراوە بۆ جوولانەوەیەکی بیستراو • دوکتـــۆر محمود حیجازی ئەڵێ : ( مێژووی زمان شـــــتێکە ومێژووی خەت ونووسینیش شتێکی تر ) زمانیش ئەو نیشانە دەنگی‌یە قسەپێکراوەی بیستراوەیە • نووسینیش لەباشترین باریا تەنیا هەوڵێـــکە بۆ

دەربڕینێکیووردو پڕ لە سرنج بۆ بارو وقیعی دەنگ لە چەندەها روالەتی دەکەمەنا ووردیەکەیشی شتێکی زۆر نیسبییە • هەروا نووسین هەولێکە بۆ گوێزانەوەی زاهیرەی دەنگی گوێچکەیی بۆ زاهیرەیەکی نووسینی بینراو ، یا هەولێکە بۆ گوێزانەوەی زمان لە مەردی زەمەنی قسەپێ کراوی بۆ مەودایەکی شوێنێ وبینراو • کەواتە کەرەستەی لێکۆلینەوەی زمانەوانیش تەنیا هەر زمانە لە روالەتە دەنگیەکانییا نەك روخسارەکانی نووسینەوە وتیپە جۆراو جۆرەکانی چاپ وبەس• زانای دەنگ شناسی ناودار ( دێڤد ئەبر کرۆمبی ) ئەلێ : ( ئێمە ناتوانین ئاخافتن لە رێی دانانی چەند نیشانەیەکەوە بۆ سەر کاغەز دەس نیشان بکەین ، ئێمە کە ئەلێین نووسین رووی ئاخافتنی ئەنوێنێ ، بە هیچ کلۆجێ ناتوانین ووشەی ( نواندن ) بە هەمان مەعنای ( نواندنی ) وێنەی دیمەنێکی سروشت بەکاربێنین ، بەلکو لەمە ئەکا کە ئەلێین : وێنەی خاچێکی سەر نەخشەیەك مانای کلێسەیەك ئەدات بەدەستەوە •

لەپاشا چێ ئەقەومێ ئەگەر هات و لە بیستراوەوە بەرەو بینراو ملمان نا ، یا ئەگەر هەول بدەین دەنگ نەکات دابڕ بکەین وبیناخێینە شوێنەوە ؟ بێ‌گومان زۆر شت لە زیندەکی ووردی زمان ــ ئەو دوانەی کە بەشداریەکی تەواو لەدەسگیر کردنی دەربڕین ئەکەن ــ ووتن وهەزم کردن ــ ئەشێوێنین ولێلی ئەکەین • بە پەیوەستی دەنگەکان لە نێوان خۆیانا لەو کەرەستە بە جموجول وبەردەوامانە ئەچێ کە لە نێوان یەکترا بە شێوەیەکی بەردەوام و لە چەشنەها پلەدا لە تێکچران وتەفاعولان • ئەم تەفاعولە بەردەوامەش ئەبێتە مایەی تێکچرانێکی وا کە زۆر قورسە سنورێکی دابڕکراوی بۆ بنەنا سنوردارەکانی کەرەستەکان دابنرێ • کەچی تیپەکان پارێزی لەقەوارە سەربەخۆیەکانی خۆی ئەکات لە گشت بارەکانی تالوکۆردا • یانی پەیوەندیەکانی نێوانیان شێوەیەکی میکانیکی وەرئەگرێت نەك دینامیکی ، هەروەك چۆن لە نێوان دەنگەکانا ئەمە بەدی ئەکرێت •

پەیوەندی نێوان دەنگەکان لە پەیوەندی چەند دەولەتێکی دراوسێ ئەکات کە جۆرەها پەیوەندی بازرگانی وسیاسی ورۆشنبیری لە نێوانیانا هەیە وسەرەنجامی دورستکردنی جوولانەوەیەکی بەردەوام و بە ئالوگۆرە • پەیوەستی تیپەکانیش لە نێوان خۆیانا لە پەیوەستی نێوان دەنگەکانی تەزبیح ئەکات ، کەچی دەنگەکان لە شەپۆلەکانی کارەبای پەیدەرپەی و لە هێز ووزەی چەشن‌چەشنی ئەم شەپۆلانە ئەچێت • کەواتە تیپ زۆر دەسکورتە لە دەربڕینی قوولو چڕەی جوولانەوەی دەنگ و پەیوەندیە تێکچراوەکانی بەو دەنگەی دیکەی کە لەتەکیایە • هانا بردنی ئێمە بۆ تیپ تەنیا وبەس پێداویستەکانی شارستانیەت سەپاندویەتی سەبارەت بەوەی کە چەکێکی کاریگەرە شانبەشانی چەکی شکۆداری دەنگ •

دەنگ بنکەی سەرەکیی زمانە • تیپیش وێنەیەکی ناوردو ناتەواوی دەنگە •• مەبەستی مرۆڤ لە پەیداکردنی تیپدا بۆ ئەوە بووە ، کە ئەم ئەوزارە دەستەمۆ بکات بۆ ئامانجەکانی جۆراوجۆری خۆی لەمانەش پاراستنی کەلەپوور وسامانی نەتەوایەتی وفێرکردن • دیارە هەر هەولێکیش بۆ لەت‌وپەت‌کردنی دەنگەکان و کارپێکردنی بەشێوەی وەحداتی سەربەخۆ شتێکی زۆر نابەجێ ونادورستە • جا ئەگەر هات و ئەم کارەشمان کرد ئەمە ئاشکرایە لە پێناو ساناکردنی فێربوون وفێرکردن وخۆشیی هەزم‌کردنیانە • بەر لە ماوەیەك ووتمان : دراوسێیەتی نێوان دەنگەکان تەفاعولێکی بەردەوام دورست ئەکات ، کەواتە با هەندێ رووی ئەم تەفاعولە بدرکێنین •

دەنگەکانی زمان بە شێوەیەکی تێکرایی بریتییە لە دەنگدارو وبێ‌دەنگەکان ، زۆری ئەو بێ‌دەنگانەی کە لە تەك کۆمەلە دەنگدارێکەوە دێن بە دەنگەکانی ( ئاشکرا Voiced ) ئەژمێردرێن ، غەیری ئەمانەش بە ( چربەدار ــ Voiceless ) • دەنگی ئاشکرایش ئەو دەنگەیە کە لە لێدان ولەرینەوەی تەلەکانی قوڕگەوە دێتەکایە • کەچی دەنگی چربەدار ، ئەو دەنگەیە کە تەلەکانی قوڕگ هیچ بەشداریەك لە دورست بوونیا ناکەن • دیارە لە پاشا دەنگەکان هەر لە نێوان خۆیشیانا جیان لە رووی ( مخرج ــ قوڕگ )ەوە • و شێوازی دەربڕین • سەرجەمی ئەم خاسیەتە زانستییە ووردانەش لە نانی نووسینا ووجودی نیە • بۆ روونکردنی ئەو تەفاعولە ئالوگۆڕکراوانەی نێوان دەنگەکان ، زمانی ئینگلیزی ئەکەین بە بەلگە ونموونە •

بچوکترین دانەی دەنگ کە لە گشت لایەکەوە دانی‌پیانرابێ بە ( فۆنیم Phoneme ناسراوە • ئەم دانە دەنگیەش بریتییە لە زۆرەها دەنگی جیاواز لە جوزئیات ولەیەکچوویی بەشێوەیەکی تێکرایی • ئەم جیاوازییە جوزئیەش ئەمەندە بێ‌کار وبێ‌بایەخە ، لە زۆربەی زمانەکاندا وەك عارەبی وئینگلیزی وجەرمەنی کە هیچ لەمانای ووشەکان ناگۆڕێت •

بەلام لە زمانی ( سەواحیلیدا Swahili )
هەر تەنیا دەرخستنی تیپی ( پ P کە لە تەك هەناسەدانا دێت بە تەواوی مانای ووشەکە

ئەگـــۆڕێت وەك لە ووشـــەی ( پی Paa
یانی ( بنمیچە ) و ووشەی ( پیـــەPhaa )
یانی ( ئاسك ) • بەڵام دەنگی P لەووشەکانی
Hop. Spain. Pot دا بێگومان جیاوازیان
لە نێوانایە ، بەڵام کار ناکاتە سەر ماناکـــەی
بۆیە بە تاکە وەحدەیەکی دەنگیی ئەژمێردرێ •
هەروەك چـــۆن ئەمە لەم ووشە کوردیانەشـــدا
( پۆلا • پێلاو • پلاو ) خۆی ئەنوێنێ •

ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە چاوی سرنج ئەداتــە
ئەم هەموو تەفســـیلاتە ووردانەی دەنگ بـــە
لێکۆڵینەوەی دەنگ Phonetic Study
ناسراوە • کەچی ئەو لێکۆلیکەوەیەی کە حیسـاب
بۆ ئـــەم شـــتە وردە جوزئیـــانە ناکات
Phonemic Study پێ‌وتری •

کەی پەنا ئەبەین بۆ لێکۆڵینەوەی یەکـــەم
وکەی بەتەنگەوەی دوەمیانەوە ئەچین ؟•• یەکەمیان
-- بەتایبەتی -- ئەو کەسانە پەنای بۆ ئەبەن کـــە
مەبەستیان پســـپۆریەتی وشارەزایی بێ لـــە
دیراسەتەکانی دەنگ لە پێناو گەیشتن بۆ ئـــەو
یاسا فەرمان ڕەوانانەی کە دەور لەپێشەوەچوونی
زماندا ئەگێڕن -- بەتێکرایی -- و دەنگەکانی زمان
بە -- تایبەتی -- • کەچی دوەمیان ئەو کەســـانە
ڕووی تێ‌ئەکەن کە مەبەستیان ڕاڵ‌بوونە بەســـەر
زمانێك یا پتر • ئەم سنوورکێشانەش ئەمەنـــدە
بەڕادە وبڕای ببڕ نیە ، بەڵام لە زۆر وەختیشـــا
شـــتێکی دوورست‌وراستە • جیاوازی هەمـــان
دەنگیش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بەند نیە
بەو قسەکەرە جۆراوجۆرانە وبەس ، بەڵکو هـــەر
تەنیا یەك قسەکەر ناتوانێت هەمان دەنگ لـــە
هەمان شێوەی پوختیا بیلێتەوە • ئەمەش بـــە
ئاشکرایی ئـــەو ئامرازە هەستدارەی تۆمارکردن
دەری ئەخات •

لەپێشدا باسی هەندێ خاسیەتی دەنگەکانمان
دركاند ، کەواتـــــە با نەختێ نمونەیشی بـــۆ
بهێنینەوە : وا ئەبێ دەنگی چرپەدار کار ئەکاتـــە
سەر دەنگی ئاشکرا ، یا بە پێچەوانەوەش • تیپی
( س ) دەنگێکی چرپەدارە ، کەچی یەکســـــەر
ئەگۆڕێت بۆ ئاشکرا (ز) ئەگەر هات و لە کۆتایی
ووشەیەکەوە هات کـــــە پێشگرەکەی بەردەمی
دەنگێکی ئاشکرا بێت وەك Sobs. Dogs
یا هەروەك لە کوردی‌یەکەی ئێمەشدا ( س ) ئەبێ
بـــە ( ز ) ( پاراســـتن -- پارێز -- پارێزراو --
پاراستی ) و جگە لەو ووشانەی کە بـــە گوێرەی
لقەزمان وشێوە و دیالێکت وشوێن وکاتی ئـــەم
دیالێکتانە جێ‌گۆرکێ ئەکەن وبە تەواوی دەنـــگ
وروالەتیان ئەگۆرێ لە چەشـــنەها باردا وەك ،
قووت‌دان وگۆڕین وسووك وقەلەوکردن وروتاندن

وکردنەباڵ‌یەك وگوێ‌نەدان • ئەمەش دیارە لـــە
ڕووی دیالێکتی جۆراوی زمانەکەمان وپێداویستی--
یەکانی هاتۆتە کایەوە • بەڵام ئەم دەنگە هەروەك
خـــۆی چرپەدار ئەمێنێتەوە ، وەك ووشـــەی
Shops. Cats یا وەك ووشـــــەی
(تس -- پس -- ترس -- پرس)ی کوردی • لە پاشـا
تیپی (د) کە دەنگێکی ئاشکرایە هەروا بە ئاشکرایی
خۆی ئەنوێنێ لە ساتێکا کە لە گەڵ فرمـــانی
ئێستای کۆتا پێ‌هێنراو بە دەنگێکی ئاشـــکرادا
دێت ، وەك Stopped. Knoked هەمـــان
شتیش لە کوردی ئێمـــەدا ، وەك ( دەرزەدارم •
زەدەدارم ) بەڵام کە لـــە گەڵ فرمانێکی چرپەدارا
دێت ، یەکسەر ئەگۆڕێت بۆ چرپەدار ، یانی (ت)
وەك Sobbed. Landed یـــا وەك
( نەدچاند = نەت‌چاند -- نەدکرد = نەت کرد --
دێ = تێ -- دی‌دی = تی‌تی ) لـــــە کوردی
ودیالێکتەکانیدا زۆر ئاشکرا وروونە • هەر بـــۆ
ئەم زاهیرانەش هەمان شت لە زمـــانی عەرەبی‌دا
هەیە ، کاتێ کە ووشەی ( اجتماع ) ئەگۆڕێت بۆ
( اشتماع ) و ( صوت ) بۆ ( صوط ) • لـــەم
بارەیەوە دوکتۆر ابراهیم انیس ئەڵێ : ( ئەگـــەر
هات ودوو دەنگ ، یەکێکیان ئاشـــکرا ، ئەوەی
تریان چرپەدار ، گەیشتنە یەك ، یەکێك ، لـــەم
دووانە ئەگۆڕێت ، بۆ ئەوەی هەر دوو دەنگەکە ،
یا ببن بەدوو دەنگی چرپەدار ، یـــا دوو دەنگی
ئاشکرا • داڕشتنی ( افتعل ) لەی فرمانی (زاد)ە
( ازداد ) یە لە بڕی ( ازتاد ) • لەپاشا قەڵەوکردن
وسووك‌کردنی (ل) هەر وەك لە ووشەی ( الله )
دایە ، ئەگەڕێتەوە بۆ سەر دەنگدارە پێشگرەکەی
بەردەمی • ئەمەش لە هەمان (ل)ی زمـــــانی
ئینگلیـــــزی ئەکات ، ( ل ) ی ووشـــــەکانی
(Tall. Ball. Call) قەڵەوە ، کەچی (ل)ی
ووشەکانی (Kill. Bill. Till) ســووکن •
هەمان شتیش لە کوردی ئێمەدا ، وەك ووشـــەی
( وشکەڵ -- رووتەڵ -- چاڵ -- یاڵ -- بڵ -- دڵ)ی
قەڵەو ، یا وەك ووشەی ( زل -- پل -- قەرسیل --
خنجیل ) ی سووك • لە پاڵ ئەم زاهیرانەشـــدا
گەلێ زاهیرەی کە هەیە کە لـــە ساتی قسەکردنا
( کارکردن بەدەنگەکان ) دا دەرئەکەون • بەڵام
لەکاتی نووســـــینا ( کارکردن بە تیـــپ ) دا
دەرناکەون • هەر لەبەر ئەمەش بوو ووتمان زۆر
جار وا ئەبێ نووسین لەبەردەم دەربڕینی هەستو
نەست وناخەکانی قســـەکردن بەدەستەپاچەیی
دۆش‌دائەمێنێت • ( غنەغن -- (Nasalization
( چوونە باڵیـــەك -- Velarization
( قـــوول کردن -- Palatilization

و ( قورگ گیرکردن ــ Pharynalization سەرجەمیان ئەو زامیرانەن کە لە قسەکردنا دەور ئەبینن ، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی وورد ، کار بکەنە سەر نووسین ·

ئەمە برێك بوو لەو خاسیەتانەی کە ( قسەکردن ) بە خۆیەوە ئەیگرێت . بەلاّم نووسین یا وێنە ، کە ئێسکێکی نزیکی قسەکردنە وبەچەشنەها رواڵەت وشکڵ خۆی لە زمانەکانی جیهاندا ئەنوێنێ ، ناتوانێ بەتەواوی دەربڕی گشت ئەم خاسیەتانە بێت · بەرەنگێ ئەگەر بێ وکار بە دانە دەنگییەکانی زمانیش بکەین ، نووسین هەروا دەسکورت وماوەتەسك ئەمێنێتەوە · بەڵگەی ئەمەش زیادیی ژمارەی دەنگەکانی زۆربەی زمانەکانە لە رووی ئەو وێنانەی کە دەس نیشانی ئەکات · بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی برێتییە لە (٤٤) چل وچوار دەنگ ، کەچی هێشتا تەنیا ( ٢٦ ) وێنەی نووسین ( تیپ )ی هەیە · ئەمە وجگە لە هەندێکیان کە بەهەیکەلێکی رووت وقووت وەك دێنە بەرچاو · زمانی عەرەبیش لەلایەنی کەمەوە ( ٣٤ ) دەنگی هەیە کە تەنیا وبەس ( ٢٩ ) وێنەی بۆ دانراوە ، لەگەل ئەو دەنگانەی کە وێنەشیان نییە ، وەك ( سەر ، بۆر ، ژێر ، مەددە ) · مەبەست لەمەدا ئەوەیە کە ئەم وێنانە لە ناواخنی تیپی عەرەبیدا نین ، بەڵکو وەك نیشانەیەك لە ژێر وسەری تیپەکانی تردا بەکارئەهێنرێن ، هەمان پەشێوی و سەرگەردانییش لە زمانی ئێمەدا ــ بەکارەسانەوە ــ خۆی دەرئەخا ، جارێ تیپی لاتینی ــ ئەلف وبێی کوردی رووسی ( ٣٦ ) تیپە ، ئەلف وبێیەکەی بەدرخان ( ٣٠ ) تیپی داناوە ، مامۆستایان جەمال نەبەز وگیوی موکریانیش ( ٣٢ ) تیپیان بۆ داناوە ، کەچی مامۆستایان ( تۆفیق وەهبی وتایەر سادق لەو باوەڕەدان ) کە (٣٤) تیپە وبەس ، مامۆستا نوری عەلی ئەمینیش کەیاندویەتی بە ( ٤٣ ) تیپ وپتریش ! لە هەندێ لە کتێبەکانی قوتابخانەکانیش دا بووە بە ( ٣٧ ) تیپ مامۆستا حەمەکەریم هەورامیش بە ( ٣٥ ) تیپ ·٠٠ !

کەچی تا ئەمڕۆ ( ٢٩ــ٣٠ ) تیپی ئەلف وبێ مان هەیە وبەس !!

نەداری زمانی ئینگلیزی بۆ ژمارەیەکی تەواو لە ئەم وێنانەی باسمان لێ کردن . لەریزی ئەو زمانانەی دائەنێ کە نووسینەکەی دوچاری گەلێ گیروگرفت بووە · هەر ئەم کەموکورتییەشی بوو کە بوو بەمایەی بانگەوازی چەشن چەشن بۆ رێکخستنی ( ئەلف وبێ ) یەکی ئینگلیزی راست ورەوان وپوختتر ، تاوای لێهات وردەوردە ( ئەلف وبێ یەکی فێرکردنی سەرەتایی ) کە برێتییە لە (٤٤) چل وچوار وێنە ، لەلایەن ( سێر جەیمس پیتمەن ) ناوێکەوە بێتە نەخشەکێشان ئەم ( ئەلف وبێ ) یە لە سەرەتای شەستەکانەوە خرایە بەردەست بۆ بەکارهێنانی · هەروا زمانی عەرەبیش تووشی ئەم گیروگرفتە هاتوە ــ رەژیمی نووسین ــ بەلاّم لە بنچینەدا گیروگرفتەکانی ئەم وەك ئەوەی ئینگلیزی نییە · بۆ تەختکردنی ئەمەش گەلێ هەوڵی ئازایانە دراوە ، لەلایەن زانا عەرەبەکانەوە لەم بیست سی ساڵانەی دواییە بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی عەرەبی لەم سووچەوە ، جگە لە بەراوردکردنێکی ووردی ئەم زمانە بەرامبەر زۆرەها زمانی کە · لەم مامۆستایانەش ــ علی عبدالواحد وابراهیم أنیس و تمام حسان وابراهیم سامرائی ورمضان عبدالتواب ــ ە ، کە بەپێشەنگی ئەم لێکۆڵینەوە عیلمییانە ناسراون · بۆ ئەمەش با نموونەیەکی عیلمی بخەینە بەردەست لە رووی لێکۆڵینەوەی تیپە دەنگدارەکانی زمانی عەرەبی··· دوو دوکتۆری کۆلێجی پزیشکی لەزانستگەی قاهیرەدا ــ حسنی فرید واسكندر حبیب ــ ئەم کارەیان خستە ئەستۆی خۆیان لەپێناو لێکۆڵینەوەی ئەم تیپە دانگدارانە وئەوانەی کە لەمانەندی ئەمانیشن ، ئەمیش بەبەکارهێنانی تازەترین ئامرازی عیلمی لەم بارەیەوە ، بۆ دەس نیشان کردنی سروشت و ژمارەی لەرینەوەکانی بریاریشیاندا کە ئەبێ بەم چەشنەی خوارەوە ، ئیشەکەیان دەس پێ بکرێ :

**یەکەم :ــ**

دەنگدارە درێژەکان کە برێتییە لە ( یای مەددە وئەلفی مەددە وواوی مەددە ) ·

**دوهەم :ــ**

**دەنگدارە کورتەکان کە برێتییە لە ( ژێر** وبۆر وسەر ) ·

**سێهەم :ــ**

نیمچە دەنگدارەکان کە برێتییە لە ( یای مشدود وواوی مشدود ) ·

دیارە مەرامیش لەم لێکۆڵینەوەیە تەنیا گەیینە خاسیەتی زمانی عەرەبی نییە وبەس . بەڵکو گرینگی لەوەدایە کە چەند ئەلوێ دەسگیری ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوانە بکرێت بۆ گەشەسەندنی دەستاوێژەکانی زمانی عەرەبی · لەپاشا چاوخشاندن وپیاچوونەوەی وورد ، لەبەرنامەکانی ئەو ئامۆژگە وکۆلیجانەی کە ئەرکی ئامادەکردنی مامۆستا وکادیری خستۆتە سەرشان بۆ ووتنەوەی ئەم زمانە شتێکی زۆر پێداویستە ، کە ئەبێ بە تازەترین دیراساتی زانستی وزمانەوانیی پێخۆر بکرێت ·

لەزمانی ئێمەشدا ، تا ئێستا ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە مامۆستای زانا – تۆفیق وەهبی بەگ – لە کوردیدا رەخسماندویەتی ، باشترین بەرنامە ونەخشەیەکە بۆ لێکۆڵینەوەی وورد وعیلمی‌یانەی لە مەودوای ئەم زمانە دەس‌بدات ، بێجگە لەو هەوڵ وکۆشش و رەنجەی کە مامۆستایان (دوکتور نەسرین فەخری ودوکتۆر کەماڵ فوئاد نوری عەلی ئەمین ودوکتۆر عیزەدین رەسووڵ و عوسمان سەبری وخاڵ ) و گەلێ نووسەری تری کوردی ودەستەیەکی زۆر لە کوردناس ورۆژهەڵاتناسەکان لەم بارەیەوە کردویانە • لەپاڵ – کەموکورتی – یەکی زۆریش وەك خۆیانیش پای پیائەنێن وئەیسەلمێنن • جگە لە دەیەها ووتار وبیروڕای جۆراوجۆری نێو گۆڤار و رۆژنامە وفەرهەنگ وکتێبە کوردی‌یەکان، کە بەکەرەستە یەکی خاوی ئەم مەبەستە زل ئەژمێردرێت وپاشەرۆژی – عیلمی‌یانەی – ئەم زمانە شیرینەمان بۆ دەس نیشان ئەکات •• لە ئەنجاما ئەو نویشکەی کە ئەتوانین لە نێوان ئەم لێکۆڵینەوەیە ، داڕێژین و بیخەینە بەرچاو ، ئەوەیە ، کە : « دەنگ » کەرەستەیەکی بنەرەتی زمانە • بۆ ئەمەش ئەبێ بایەخێکی زۆری پێبدرێ ئینجا تیپ • ئەبێ دەنگ بە چەندەها قۆناغ بکەوێتە بەردەم تیپەوە • بۆ ئەمەش – ئاشکرایە – ئەبێ ئاوڕدانەوەیەکی تەواو ، لە زانیاری زمانەوانی وشێوازی فێربوونمان بدەینەوە • بۆیە لە بنەڕەتاو بۆفێرکردنی زمان ، پشت بە ( تیپ ) بەستان ئەبێتە مایەی ئەوەی کە فێرکردن بکرێ بە پراکتیکێکی میکانیکی تەنگەبەرو تەسكو ووشکەڵ ، کەچی زوو لە ( دەنگ ) کردن ئەنجامی پراکتیکێکی دینامیکی پڕ لەجمان و زیندەگی ئەدات بەدەستەوە (١) •

---

(١) لەگۆڤاری ( الاجیال )ی نیسانی سالی‌پار وەرگیراوە • یەکێکە لە ووتارەکانی مامۆستا ئەدموەر حنا • دەسکاری‌یەکی زۆری لەناو کراوە •



## قوتابخانەی "هاوچەرخ"دا

**نامـــه :**

**[ برام ئیو :**

**ئێمـــه ، وەك ئاگـــرێك ئەسوتێینو خەڵكی بەلامانا رائەبورنو سەرمایانەو هەڵ ئەلەرزن ، کەچی خۆیان لەبەرمان گەرم ناکەنەوەو بەراگوزار سەرنجێکی دوکەلەکـــەی ســــەرومان ئـــەدەنو رائەبورن !!**

**برات**
**«ڤان گوخ» ]**

**تابلۆی «رۆژ» :**

ویستم شیعرێکی لوێ دانێم ..
وشەکانی !
مرواری بێت ..
وەك ملوانکە بیکەیە مل !
بەلام هەمو دەنگەکانی
لەناو گەرمی ئازارێکا !

لوایەوە ..

لە تەکانی هەلسکێکا ..
بازیە سەر روی ژانەکان :

رەنگەکانی :

ئەو تابلۆیەی بۆنەخشاندم
«ڤان گوخ» تیایا هاوار ئەکات :

[ گەڕام ... گەڕام
لەناو جەرگی تولی شەودا
نەك بۆ روناکی تیشکی رۆژ
بەلکو بۆ «رۆژ» خۆی ئەگەڕام !!]

**تەکانی گەڕانەوە :**

بە گالیسکەی بەفرێکی سور !
بەسەر دەریای مەرگی خوێنا
پە ڕینەوە ..
کەچی بۆ سەرەتای رێگا
بە تەوژمی شەپۆلی خوێن ..
گەڕاینەوە !
جارێکی کە بە ئازاری رێگای دورمان
شۆڕاینەوە !!
لەژێر هەتاوێکی بۆر باو :
چۆڕاینەوە !!

**لە ناخەوە :**

زەوی :
لە خواردنەوەی ژانی ئێمە
جەرگی پوا !!
وەرە لەناو :
رەنگەکانی تابلۆی «رۆژ»دا
بتوێینەوە !
وەرە لەبەر تیشکی رۆژا
بسوتێینو بۆکروزمان :
ئەستێرەکان
لە ئاسماندا ببارێنێت !
بەردەی شەوە ! بپێچێتەوە !
گیانە با «رۆژ»
بە رایەلە داخەکانی
بۆ سەر روی خۆی
هەلمان کێشێت !

**تێڕامان :**

گیانە :
لەبەر تیشکی ماچی گـــەرمی لێوەکانت
ئەونوسراوەم هاتە بەر چاو :
لەسەر بەروانکە کالەکەی
کۆرپە ساواکەتم نوسی :

مـــن : [دایکتم بۆیەخۆشەویست
نەفرەتی کۆمەلی کوێری
لەدەریای خوێنی داوێنیاو
زەردەخەنە هەتیوەکەی
تۆدا خنکاند !! ]

**عبدالله عباس**

**ئایاری ١٩٧٢**

# شەوێك لە سەر گۆری « وەلی دێوانە »

**رفیق صابر**

ئەی دێوانە ..
ئەمشەو پەنام هێناوە تا خەمو كوڵی
قوڵایی هەناوو دڵی
وێرانەمت بۆ هەڵڕێژم ..
بە دوو لێوی لەتو پەتم
هۆنراوەیەكی رەش پۆشت بۆ بیێژم .
ئەی دێوانە ..
كاتێ لە رووی تینو هالاوی هەتاوا ..
لەناو لیتەی گۆمی مسی قالكراوا
پەلكی سەوزی داری تەمەنم ئەوەراند ،
وەكو «فەرهاد» بەبێ وچان
پاچو كوینم لە ئاستی بێستونی ژیان
رائەوەشاند ،
پەیكەری لەتە نانێكم دائەتاشی
لەناو گۆمی ئارەقما
بۆ كورپەكانم ئەخوساند
لەپڕ هەوری رشایەوە
بەسەر لاشەی ماڵەكەما
كۆرپەكانم بوون بە خەڵووز
ئاوارەم لە شارەكەما .

* * *

ئەی دێوانە ..
شارەكەمان چاوگەی ئازارو گریانە ،
هەموو كونو قوژبنێكی [گۆرەپانە] ..
[عێل] ئاوارەو هەڵوەدایە ، بێ كوێستانە ،
خەڵكی لە جیاتی بالای (شەم)
وێڵو شەیدای لە تێك نانە .
ئەی دێوانە ..
ئەگەر جارێ لامسەللایی بەناو شارا راببوری
چاوێ بە رووی
تەم لێ نیشتووی
كەلاوەكانا بگێری
دلنیامە [شەم]ت لەیاد ئەچێتەوە ..
لەناو ئازاری ئەم خەڵكە
گیانت وەكو گیانی ماندووم ئەتوێتەوە .
ئەی دێوانە ..
تێكرا ئەم كەژو كێوانە ،
لەگەڵ بەژنی زراڤی شەمی ژوور سەرت
لەگەڵ گیانی هەزارەها بێ تاوانا
لەناو تێزاب‌و باروتا ون كراوە !!
توخوا بۆچی دەنگی یەزدان
لەشارەكەمان خنكاوە ؟؟
توخوا بۆچی دەنگی یەزدان
لە شارەكەمان خنكاوە
ئەی دێوانە ..
هەمو ڕۆژێ لەناكاو ئەم كوردستانە
لەبەر چاوم ئەبێ بە تەم
ئەبێ بە تەمو بار ئەكا
بۆ سەرووی ئاسمانی حەوتەم
ئەی دێوانە ..
كەی لەناو جۆگەلەی خوێنا ..
لەناو لولەی
تفەنگی دەستی پێشمەرگەی
(ئەزمر) و (سەری سەفین) و (هەندرینا)
خۆرێكی گەش خۆی ئەنوێنێ .. ؟
پەردەی ئەستوری تاوانی
پێش چاوەكانم ئەدڕێنێ
رەگی ئازارو برسیەتی
لەناو شارا ئەسوتێنێ ؟
ئێسك‌و پروسك‌و خۆڵەمێشی
منداڵەكانم بۆ دێنێ ؟
گیانم لەناو گۆرەپانی
شەداوی ئازار دەردێنێ ؟؟

* * *

ئەی دێوانە ..
خۆزگە ئەم شەو مشتێ ئازار
لە خەرمانەی زامەكانم ئەچنیتەوە ..
خۆزگە بە كفنی خوێناویت
تۆزێ ئەسرین لە روومەتم
لە روومەتی لەتو پەتم
ئەسریتەوە .

---

ئەم هۆنراوەیە پێشكەش كرا بۆ ئەوەی لە میهرەجانی یەكەمی شیعری كوردی ــ لە كەركوك بخوێنرێتەوە .. بەڵام رێگە نەدرا ــ ر ــ ص .

چیرۆکێکی منداڵان
لە وێژەی فولکلۆری کوردی

# فرشتەو دارتاش

هەتاو تیشکی جوانی بەسەر زەوی‌دا پەخشان کردبوو. ماشەی ئاو تێکەڵی قاسپەی کەوو چریکەی بولبولو فیکەی زیندەوەر ببوو . شەماڵ گەڵای سەوزی داری دەلەراند . لە لێوان کۆمەڵە خەرمانی زێریندا دارتاشێک دەرۆیشت . گەیشتە لیواری روبارێک . شەکەت بوو . دانیشت . چاوی لە شەپۆلەکانی چەم بریبوو . گوێی بۆ سازو ئاوازی باڵندەی خۆشگۆ شل کردبوو . خەریک بوو خەمی وەنێو ئاوی روونو رەوانی رووبارەکەدا وون بێ ، تەشوێکەی دەستی کەوتە نێو رووبارەکەوە .

دارتاش لە ئاوانا . لەداخانا . دەستی بەشینو زاری کرد . لەم شوێنە چۆلەو بە دەنگێکی بەرز شکایەتی لە بەختی خۆی دەکرد . لە دەرگای خواوە پەربەکی ناسکەو جوانو لەبار لەم شوێنەدا ئامادە بوو . لە دارتاش هاتە پێشو سڵاوی لێ کردو تەشوێکی زێری بە دەستەوەبوو وتی : مامەی دارتاش ئەم تەشوێیە هی تۆیە ؟ .

دارتاش سەری سورما ، شلەژا . بە دەنگێکی لەرزۆکەوە وەڵامی سڵاوی فرشتەی دایەوە تەماشایەکی تەشوێکەی دەستی کردوتی : ئەی فرشتەی جوان ئەم تەشوێیە ، هی من نیە . پەری دیسانەوە لەبەر چاوی دارتاش ون بوو . پاش تاوێکی‌تر گەڕایە . ئەو جارەیان تەشوێکی زیوی بۆ هێنا دارتاش سەرنجی دایە تەشوێ زیوەکەی دەستیو وتی : ئەی پەری نازدار ئەمەش تەشوێی من نیە . پەری دیسانەوە لەبەر چاوی نەما ، ون بوو لە دوای ماوەیەک گەڕایەوەو تەشوێکەی خۆی بۆ هێنایەوە .

دارتاش تەشوێکەی خۆی ناسیەوە . بە سوپاسو پەربارەوە تەشوێکەی لێ وەرگرتو لێواری رووباری جێ‌هێشت بەرەو ماڵەوە بەرێ کەوت .

لەبەر ئەوەی دارتاش دڵو دەروون پاکو راستگۆ بوو . خودا وای کرد . دەرگای رزقی بۆ بکرێتەوە . تا وای لێ‌هات لە ماوەیەکی گەلێک کورت‌دا بوو بە دەولەمەندترین کەسی نێو شار .

بەسەرهاتی دارتاشو فرشتەی جووان کەوتە نێو زاری دانیشتوانی شار . دارتاشێکی تری نیمچە دەولەمەند . رووی کردە دەشت گەیشتە سەر هەمان رووبارو تەشوێکەی دەستی خۆی فرێ‌دا نێو ئاوەوە . دەستی بە شینو گریان کرد . لە خودای گەورە دەپارایەوە چارەیەکی بۆ بکا . پەرێکی ناسکو نازدار لەم شوێنەدا ئامادە بوو لەبەردەمی دارتاش وەستا . تەشوییەکی بەدەستەوەبوو . سڵاوی لەدارتاش کردووتی: ئەم تەشوێیە هی تۆیە ؟ .

دارتاشی فێڵباز . لە خۆشیا شاگەشکە بوو . بە گەرمیەوە وەڵامی سڵاوی فرشتەی دایەوەو تەشوێ زێرەکەی لێ وەرگرتو وتی : بەڵێ خوەتی ، ئەمە تەشوێی منە .

فرشتە لە ناراستی دارتاش گەلێ پەستو دلگیر بوو . بۆیە تەشوێ زێرەکەی لە دەست وەرگرتو فرێی دایە نێو ئاو . بە تورەییەوە . بە دارتاشی وت : هەی ماڵ خراپ . چۆن دەتوانی درۆو ریپ لەگەڵ کەسێک بکەیت ، کە دەزانێ چی لە نێو دڵی تۆدا هەیە .

فرشتە لەبەر چاوی دارتاشی بەدکارو ناراست ون بوو .

دارتاش بە بارێ خەمو بەدڵێکی پڕ لە خەفەتو پەژارەوە ئەم شوێنەی جێ هیشتو رووی کردە ماڵەوە . ئەوەندەی پێ نەچوو ئەو سەروەتو سامانەی هەیبوو ئەویشی لە دەست چوو . ئەوسا ئەو کەسانەی بەسەرهاتی هەردوو دارتاشیان بیستبوو بۆیان روون بۆوە کەوا پیاوی راست بێژ هەمیشە دەگاتە مەرامی خۆی ، بەڵام پیاوی ناراست هیچ جارێ ناگاتە ویستو خوازو ئارەزووی خۆی .

# هونەرمەندانی



## جمال رشید

- خاوەنی ئەم نیگارە
- جمال رشید
- تەمەنی ٢٣ ساڵێك ئە بێتو لە شاری سلیمانی لەدایكبوە ..
- رێبوارێكی ماندوی رێی رۆژنامەگەرییە .
- دەربارەی .. بەهرەو هونەر ئەڵێ:

ــ بەهرە . زەڕنەقوتەیەكە ئەگەر لەمناڵدانی زانیاریو پشكنینو لێكدانەوەدا پەروەردە نەكرێت بەرگەی سەرماو گەرمای ئەم چەرخە توشە ناگرێت ، و لەپەراوێزی بیركردنەوەی تەسكو تاریكو ساكاری خاوەنەكەیدا ئەپوكێتەوە .

ــ هونەر : زانینێكی قوڵو فراوانە دەربارەی بەرەوپێشەوەچونی سروشتو كۆمەڵ ، پێشكەوتنو پاشكەوتنی بەستراوەبە ، پێشكەوتنی ژیانی كۆمەڵایەتیەوە .. هونەر لەوەدا نەماوە كەتەنها ڕوكەش بگرێت ، بەڵكو گەیشتۆتە ئەوەی كە ناوەڕۆكی ڕوداو شیبكاتەوە ودووریی بۆ دابنێتو لەدوورییەكانیا وێنە چوز بكاتو لەوێنەكاندا وێنەی نوێ بێتە كایەوەو وێنە بەوێنەدا پنەقێتەوەو(١) باش بمێنێتەوەو خراپ لەباربچێت وبەیەكاچونێكی بەردەوام هەبێت لەنێوان ئەو وێنانە خۆیاناو لەنێوان هەستی هونەرمەند خۆیو وێنەكانیا ، وئەبێ هونەرمەند هەمیشە بڕوای بەوەهەبێت كەئەبێ بەرهەمەكەی تەرەفێكی معادلەیەك بێت كەجمهور تەرەفەكەی تریبێتو تەنها لەورێگایەوە هونەر لەبورجە عاجیەكەی دێتە خوارەوەو ئەبێتەهونەرێكی جەماهیری .

(١) مەبەست لەو تەقینەوەیە ـ تناسل ـی وینەكانە نـەك جیابونەوەیان .

**نیگاری بەرگی یەكەم : سەرنجێكی بێ سنور**
**نیگاری بەرگی دوەم : پایز**
**لەدەستكردی ئەم هونەرمەندەن**

### « سەرنجێك »

**گۆڤاری ( بەیان ) خۆی بە گۆڤاری هەمو خاوەنقەڵەمێكو بیروناكی گەلی كوردمان ئەزانێو ماوەی هەمو نوسەرو خاوەن قەڵەمێكی داوە بۆبەشداربون لە نوسینو پەرەپێدانیا . گلەیی ئەوەی لێ ئەكرێت كە گوایە خۆی تەرخان كردوە بۆنوسینی چەند كەسانێكی تایبەتیو شتیتری خەڵكی بڵاو ناكاتەوە . لەم بارەیەوە بەهەمو نوسەرێكی رائەگەیێنین كە ئێمە هەر نوسینێكی باشمان بۆ بێت بڵاوی ئەكەینەوە بەڵام ئەگەر هەر ئەو نوسەرانەی گوایەهەمو جارێك شت ئەنوسن ، هەر ئەمانە هەمو جارێك بەردەوام بۆ شتی بۆ بنوسن گوناوە تاوانی ئێمەچیبێت ئێمە حەز ئەكەین هەمو لایەك بەشداربێتو چاوەڕوانین .**

**ــ بەیان ــ**



# رازێکی هەشوکەوتۆ

لەناو شەوی
باستیلی سنگی کپ کراوی هەناوما ...
هەزاران دەنگ
هەزاران رەنگ
بۆهاتنە دەروە
بۆ باڵە فڕە .. واقیان وڕماوە
بۆتەقینەوەی
دوابەیەکی دومەڵو گرێ کانیان
چنگی رقیان
لەبیگی هەناسەی سوارم گیراوە
سیەکانم بزمار رێڕی
ئازارێکی بێدەس نوێژن
شادەمارە بێخوێنەکان

ئەمەن لەناو ژەنگی خۆخواردنەوەی
گڕی بێهەناسەی خۆرا ئەنێژن
وەکو خەرمان
وەکو روبار
وەکو گوڵی سیسو ژاکاو
وەکو پەڵەهەوری ژەنگار
وەکو گریانی خاکێکی بەیار
وەکو ڤیتنام
ئەم سوتێنن
ئەم گریێنن
لەگەڵ خۆما
لەگەڵ دواگوڕی هەناسەی تینوێتیما •

